ژمارە (493) دووشەممە 2018/2/12 – 23ی ڕێبەندان 2717 (750) دینار

## پزیشکێکی دەرمانساز بە ملیۆنێک دۆلاری خەڵکەوە هەڵدێ

**ڕووداو– هەولێر**

پزیشکێکی دەرمانساز کە کۆمەڵگەیەکی پزیشکی کردبووەوە، نزیکەی ملیۆنێک دۆلاری خاوەن کۆگاکانی دەرمان و خەڵکی دیکە دەبات و بە دەروازەی ئیبراهیم خەلیلدا دەڕواتە دەرەوەی وڵات.

دکتۆر (ئە.ئی)، پێش هەڵاتنی هەموو دەرمان و ئامێرە گرانبەهاکانی فرۆشتووە، ئەوانەشی مابوون، خاوەن قەرزەکان بردوویانە.

بارزان عەباس، خاوەنی کۆگای دەرمانی لێهان کە دەرمانی بەو دکتۆرە فرۆشتووە، بە (ڕووداو)ی گوت: "ئێمە دەرمان بە قەرز دەدەینە خاوەن دەرمانخانەکان، لە مانگی پێنجی ساڵی ڕابردووەوە مامەڵەم لەگەڵ ئەو دکتۆرە هەبووە، سەرەتا پارەی دەرمانەکانی دەدا، بەڵام لە 2017/8/16 بەدواوە پارەی نەداوە و 11 هەزار دۆلار قەرزدارە".

بارزان دەڵێت "باوەڕم نەدەکرد هەڵبێت، چونکە شوێنی دیار بوو، ئەندامی سەندیکای دەرمانسازانیش بوو، تووشی شۆک بووم کە گوتیان هەڵاتووە".

بەپێی زانیارییەکان، ئەو پزیشکە پارەی نزیکەی 20 کۆگای دەرمانی بردووە، نزیکەی یەک ملیۆن دۆلاری خەڵک و کۆگاکانی دەرمان و پێشانگاکانی ئۆتۆمبێلی لەلا بووە، چونکە چەندین ئۆتۆمبێلیشی بە قیست کڕیوە.

2»





### پارتی دوای هەڵبژاردن کۆنگرە دەبەستێ

3

ڕابەری بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان بۆ (ڕووداو):

### حیزبەکان واستە دەکەن بچن دەستی عەبادی ماچ بکەن

5


### ڕکابەرە شۆخ و شەنگەکەی پۆتین بناسە

17

ڕووداو ناوی هەرە دیارەکانیان بڵاودەکاتەوە

# کاندیدی حیزبەکانی کوردستان بۆ پەرلەمانی عێراق کێن؟

3




هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق لە ڕاپۆرتێکدا:

# چەکەکانمان لە عێراق کەوتوونەتە دەست بەکارهێنەری ڕێگەپێنەدراو

7

ژنان 12

ساڵی ڕابردوو..

### 14 ژن بە پاساوی "پاراستنی شەرەف" کوژراون



ڕاپۆرت 14

### حکومەت لەسەر ئینتەرنێت نەماوە

ئابووری 8

### ئەندازیارێکی کورد مانگایەکی نوێ بەرهەمدێنێت



ڕاپۆرتە هەواڵ 2

### ئەمساڵ هیچ کەسێک لە کوردستان عومرەی نەکردووە



رووداو
راپۆرتە هەواڵ
ژمارە ( 493 ) - دووشەممە 2018/2/12



## بەغدا هێڵە فریاگوزارییەکانی کوردستان بەکاردەخاتەوە

**رووداو- هەولێر**

بەپێی بڕیارێکی حکومەتی عێراق، بەشێک لە هێڵە فریاگوزارییە گەرمەکان لە هەرێمی کوردستان لە رێگەی تەلەفۆنەوە دەکەونەوە کار. فاتیح ئیسماعیل، گوتەبێژی کۆمپانیای ئاڵای نەورۆزتیلیکۆم بە (رووداو)ی راگەیاند، تیمەکانیان بە هاوکاری لەگەڵ کۆمپانیای کۆڕەک سەرقاڵی کاراکردنەوەی بەشێک لە هێڵە فریاگوزارییە گەرمەکانن وەک پۆلیس، ئاگرکوژێنەوە، فریاکەوتنی منداڵان و فریاکەوتنی تەندروستی. گوتیشی تائێستا هیچ بڕیارێکی فەرمی نییە بۆ کردنەوەی سەرجەم هێڵەکانی پەیوەندی 066- 053 و 62 لە هەولێر، سلێمانی و دهۆک بڕیارەکەی حکومەتی عێراق تەنیا بۆ کاراکردنەوەی هێڵە خزمەتگوزارییەکانە. سەرەتای ئەم مانگە تۆڕی گەیاندنی حکومەتی عێراق، تۆڕی پەیوەندی هەردوو کۆمپانیای نەورۆزتیلیکۆم و کوردتێلی لەگەڵ هەموو تۆڕەکانی مۆبایل راگرت.

### بە دەروازەی ئیبراهیم خەلیلدا دەرباز بووە

# پزیشکێک یەک ملیۆن دۆلاری خەڵک دەبات و خۆی ون دەکات

**دیمەن بورهان**
**رووداو- هەولێر**

پزیشکێکی دەرمانساز کە ئەندامی سەندیکای دەرمانسازانی کوردستانیشە، کۆمەڵگەیەکی پزیشکی دەکاتەوە، پزیشکەکە نزیکەی ملیۆنێک دۆلار قەرزداری خاوەن کۆگاکانی دەرمان و هاووڵاتیانە، بەڵام نزیکەی سێ هەفتەیە خۆی شاردووەتەوە.

دکتۆر (ئە.ئی)، پێش هەڵاتنی هەموو دەرمان و ئامێرە گرانبەهاکانی فرۆشتووە، ئەوانەشی مابوون، خاوەن قەرزەکان بردوویانە. بەشێکیش لە خاوەن قەرزەکان لە دادگا سکاڵایان تۆمار کردووە.

بارزان عەباس، خاوەنی کۆگای دەرمانی لێهان کە دەرمانی بەو دکتۆرە فرۆشتووە، بە (رووداو)ی گوت: "ئێمە دەرمان بە قەرز دەدەینە خاوەن دەرمانخانەکان، لە مانگی پێنجی ساڵی رابردووەوە مامەڵەم لەگەڵ ئەو دکتۆرە هەبووە، سەرەتا پارەی دەرمانەکانی دەدا، بەڵام لە 2017/8/16 بەدواوە پارەی نەداوە و 11 هەزار دۆلار قەرزدارە، باوەڕم نەدەکرد هەڵبێت، چونکە شوێنی دیار بوو، ئەندامی سەندیکای دەرمانسازانیش بوو، تووشی شۆک بووم کە گوتیان هەڵاتووە".

گوتیشی: "کۆمەڵگە پزیشکییەکەی زۆر قەرەباڵغ بوو، رۆژانە نزیکەی 60 بۆ 70 نەخۆش سەردانیان دەکرد، بێجگە لە داهاتی دەرمانخانە و تاقیگەکە، بازاڕێکی زۆر باشی هەبوو، رۆژانە نزیکەی 3 ملیۆن دینار قازانجی هەبوو".

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو)، ئەو پزیشکە نزیکەی یەک ملیۆن دۆلاری خەڵک و کۆگاکانی دەرمان و پێشانگاکانی ئۆتۆمبێلی لەلا بووە، چونکە چەندین ئۆتۆمبێلیشی بە قیست کڕیوە.

بارزان وەک خاوەن قەرزێک سکاڵای تۆمار کردووە، بەڵام بێ ئومێدە لە وەرگرتنەوەی قەرزەکەی "پێموانییە شتێک بکرێت و بتوانین مافی خۆمان وەربگرینەوە، چونکە ئەگەر دەستگیریش بکرێت، بەپێی یاسا یەک لەسەر پێنجی ئەو مووچەیەی وەریدەگرێت دەدرێتەوە خاوەن قەرزەکان، ئەوکات رەنگە کوڕەکەشم نەتوانێت تەواوی قەرزەکە وەربگرێتەوە".

بەپێی ئەو زانیاریانەی لەلای بەشێک لە خاوەن قەرزەکانە، خەڵک دکتۆر (ئە)یان لە قومارخانە و یانەکانی مەی خواردنەوە بینیوە، بۆیە پێیانوایە رۆژانە ئەو داهاتەی لە فرۆشتنی دەرمان و کۆمەڵگە پزیشکییەکە دەستی کەوتووە، لە قوماردا دۆڕاندوویەتی.

بێستوون یونس، خاوەنی کۆگای دەرمانی سۆزە، بایی نزیکەی 60 هەزار دۆلار دەرمانی بە قەرز داوەتە دەرمانسازەکە. ئەو دەڵێت: "ئێمە زیاتر لەسەر متمانە لەگەڵ خاوەن دەرمانخانەکان کاردەکەین، متمانەکەش ئەوەیە دەرمانخانەکەی فەرمی بێت، شوێنی دیار بێت، دەرمانخانەکەی ئەو پیاوەشمان بینیبوو، مۆڵەتی هەبوو، ئیشی زۆر باش بوو، بەڵام کە قەرزەکەمان گەیشتە نزیکەی 60 هەزار دۆلار، پێمانگوت ناتوانین بەم شێوەیە کارت لەگەڵ بکەین، دەبێت بەشێک لە قەرزەکەمان بدەیتێ، بەڵام ئەو هەر رۆژە بیانوویەکی دەهێنایەوە و دەیگوت دواتر پارەکەتان دەدەمێ، تەنانەت دوایینجار کە لەگەڵی دانیشتم، گوتی خەمت نەبێت لەمەودوا بە نەقدی پارەکەت دەدەمێ، بەڵام رۆژێک تەلەفۆنیان بۆ کردم، گوتیان ئەو دکتۆرە ونبووە".

بە گوتەی بێستوون یونس، دەرمانسازەکە بۆ دەرەوەی وڵات هەڵاتووە "پەیوەندیمان بە دەروازەی سنووریی ئیبراهیم خەلیلەوە کرد و گوتیان لێرەوە رۆیشتووە بۆ دەرەوە".

بە گوتەی بێستوون، ئەو دەرمانسازە پارەی نزیکەی 20 کۆگای دەرمانی بردووە، ئەوەی ئیشی لەگەڵ کردبێت، پارەی لەلایەتی. بێستوون دەڵێت: "بیستوومە دەڵێن قوماری کردووە، نازانم زەرەری کردووە یان دۆڕاندوویەتی، یان پارەکەیان لێخواردووە".

ئەمە جاری یەکەم نییە فێڵی وا گەورە لە خاوەن کۆگاکانی دەرمان دەکرێت، بارزان عەباس دەڵێت: "پێشتریش دەرمانخانەیەکی دیکە زیاتر لە 43 هەزار دۆلاری ئێمەی برد و نەماندۆزییەوە، تائێستاش هیچ نەکراوە بۆ دۆزینەوەی و پێشموانییە هیچیان لەگەڵ بکرێت".




### سێ مانگە دەستیپێکردووە

# ئەمساڵ هیچ کەسێک لە کوردستان عومرەی نەکردووە




**ئاسۆ سەراوی**
**رووداو – هەولێر**

ساڵانی رابردوو لەم کاتانەدا فڕۆکەخانەکانی کوردستان جمەیان دەهات لەو کەسانەی بە مەبەستی عومرە سەردانی سعودیەیان دەکرد، بەڵام ئەمساڵ هیچ کەسێک لە کوردستانەوە عومرەی نەکردووە. وەزارەتی ئەوقافیش دەڵێت داواکارییەکی زۆر بۆ گەشتی عومرە هەیە.

داخستنی فڕۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان بە رووی گەشتە نێودەوڵەتییەکاندا، بووەتە هۆی ئەوەی ئەمساڵ هیچ کەسێک لە کوردستانەوە گەشتی عومرە نەکات، لە کاتێکدا سێ مانگە وەرزی عومرە دەستیپێکردووە.

نەبەز ئیسماعیل کەمال، گوتەبێژی وەزارەتی ئەوقافی هەرێمی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند: "لەپاش چەند مانگێک لە دەستپێکردنی وەرزی عومرە هێشتا لە هەرێمی کوردستانەوە هیچ کەسێک گەشتی عومرەی نەکردووە، ئەویش بەهۆی داخستنی فڕۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستانەوە بووە بەڕووی گەشتە نێودەوڵەتییەکان".

گوتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف بە ئاماژەدان بەوەی بۆ گەشتی عومرە داواکارییەکی زۆریان بۆ هاتووە، گوتی "وەزارەتی ئەوقاف هەوڵێکیداوە بۆ دەستپێکردنەوەی گەشتی عومرە، لەرێگای فڕۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستانەوە، ئەو کۆمپانیایانەش کە کاری گواستنەوە دەکەن ئامادەکارییەکانیان تەواوکردووە و چاوەڕێی وەڵامی بەغداین بۆ دەسپێکردنەوەی گەشتی عومرە".

> **وەزارەتی ئەوقاف**
>
> **هەوڵێک هەیە بۆئەوەی فڕۆکەخانەکانی کوردستان بۆ گەشتی عومرە بکرێنەوە**

بەپێی ئاماری وەزارەتی ئەوقاف لە ساڵی 2013دا 63 هەزار کەس لە هەرێمی کوردستانەوە گەشتی عومرەیان کردبوو، بەڵام لە ساڵی 2014 ئامارەکە دابەزی بۆ زیاتر لە 40 هەزار کەس، بەهۆی بەردەوامیی قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان لە2015دا ژمارەی عومرەکارانی هەرێمی کوردستان بۆ 30 هەزار کەس دابەزی، لە ساڵی 2016 دا ژمارەی عومرەکاران بۆ نزیکەی 15هەزار کەس کەمیکرد، بەڵام لە ساڵی 2017دا ژمارەی عومرەکاران دووبارە بەرزبووەوە لەو ساڵەدا زیاتر لە 17هەزار کەس گەشتی عومرەیان کردبوو.

ساڵانی رابردوو هەر کەسێک لە هەرێمی کوردستانەوە گەشتی عومرەی بکردایە 100 دۆلاری وەک باج لێوەردەگیرا، ئەگەر لە رێگای بەغداوە گەشتەکەی بکردایە 50 دۆلاری باجەکە بۆ حکومەتی عێراقی دەبوو. هەموو ساڵێک دوو مانگ دوای تەواوبوونی فەریزەی حەج ، وەرزی عومرە دەستپێدەکات.

# پەروەردەی سلێمانی 13 حیزب بۆ شکاندنی بایکۆت کۆدەکاتەوە

**جەمال ئەحمەد جەمیل**
**رووداو – سلێمانی**

بەرپرسانی پەروەردەی سلێمانی ترسی زۆریان لێ نیشتووە بایکۆتکردنی خوێندنگەکان لەلایەن مامۆستایانەوە بە تەواوی رەنجی ئەمساڵی خوێندکاران بەبا بدات. دوای ئەوەی هەموو هەوڵەکان بۆ رازیکردنی مامۆستایانی ناڕازی شکستی هێنا بایکۆت بشکێنن، ئێستا دوا ئومێدی بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی سلێمانی، ئەو کۆبوونەوەیەیە کە بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە لەگەڵ حیزبەکان بیکات.

بەڕێوەبەری پەروەردەی سلێمانی بە نووسراوێک 13 حیزبی ئاگادار کردووەتەوە لە دیوانی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە ئامادەبن بۆ کۆبوونەوە، بۆ ئەوەی رێگایەک بۆ رووخاندنی دیواری بایکۆت بدۆزنەوە.

دڵشاد عومەر، بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی سلێمانی بە (رووداو)ی گوت: "دەبێت کارێک بکرێت بۆ ئەوەی مامۆستا مافی خۆی وەربگرێت تاوەکو پرۆسەی خوێندن پەکی نەکەوێت لەم دەڤەرە". دڵشاد عومەر دەیەوێت بە حیزبەکان بڵێت ئەوەی لە توانایاندایە دەیکەن، تاوەکو بڕوا بە مامۆستایان بهێنن بگەڕێنەوە هۆڵەکانی خوێندن ، ئەو دەڵێ "ئەو کارەی ئێمە دەیکەین بە مانای ئەوە نییە مافی مامۆستایان فەرامۆش بکەین".

ساڵی رابردوو 100 رۆژ پرۆسەی خوێندن لە سنووری پارێزگای سلێمانی راگیرا، بەڵام دوای ئەوەی سەرجەم حیزبەکان داوایان لە مامۆستایانی خۆیان کرد بگەڕێنەوە هۆڵەکانی خوێندن، هاوکات حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بڕیاری دا 100 هەزار دینار بۆ مامۆستایانی نێو شار و 150 هەزار دینار بۆ مامۆستایانی دەرەوەی شار وەکو هاندان خەرج بکات بۆ ماوەی شەش مانگ، پرۆسەی خوێندن دەستی پێکردەوە.

لەدوای تاقیکردنەوەکانی کۆتایی وەرزی یەکەمی ئەمساڵ، بایکۆتکردن دەستی پێکردووەتەوە، تەنیا وانە بەخوێندکارانی قۆناغی 12ی ئامادەیی دەگوترێتەوە، مامۆستایانیش بڕیاریان داوە تاوەکو مووچەی تەواو وەرنەگرن نەگەڕێنەوە هۆڵەکانی خوێندن.

عوسمان گوڵپی، ئەندامی ئەنجوومەنی مامۆستایانی ناڕازی گوتی ئەوان داوای مووچەی تەواو دەکەن و هیچی دیکە "حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت، یان حکومەتی ناوەندی، دەبێت مووچەی تەواومان پێبدات ئەوکات دەگەڕێینەوە هۆڵەکانی خوێندن".

سەرچاوەیەک لە پەروەردەی سلێمانی نەیویست ناوی بهێنرێت، بە (رووداو)ی راگەیاند، لەکۆبوونەوەکەی ئەمڕۆدا ، ناوی کادرە دیارەکانی حیزبەکان دەخەنەڕوو کە لەسەر شەقامەکانن و بەناوی مافی مامۆستایانەوە کاریگەرییان هەیە لەسەر راگرتنی پرۆسەی خوێندن "بەشێکیان کار بۆ ئەوە دەکەن کە ببنە دەموچاوی ناسراو، تاوەکو لەداهاتوودا خۆیان بۆ هەڵبژاردنەکان کاندید بکەن"

عوسمان گوڵپی، ئەوە رەتدەکاتەوە وەک خودی خۆی ئەو ئامانجەی هەبێ لە سەرپەرشتیکردنی ناڕەزایەتییەکان و دەڵێ "ئێمە ناهێڵین حیزبەکان ببنە دەمڕاستی مامۆستایان و پێدەچێت لەکاتی کۆبوونەوەکەدا بەردەرگایان لێبگرین و پێیانبڵێین ئەوە ئێمە بڕیار لەسەر مافی خۆمان دەدەین، نەوەک ئێوە".

زیاد جەبار، جێگری بەپرسی مەڵبەندی یەکی یەکێتی، دەڵێ ئەوان بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ بایکۆتکردنی هۆڵەکانی خوێندندا نەبوون "ئێمە پشتیوانی لەمافی مامۆستایان دەکەین لە هەمانکاتدا ناشمانەوێ پرۆسەی خوێندن رابگیرێت، ئەوەی پێمانبکرێت بۆ دەستپێکردنەوەی پرۆسەی خوێندن دەیکەین".




ڕێبوار بازیانی، سەرۆکی فرکسیۆنی گۆڕان لەئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی، پێیوایە مامۆستایان گرێبەستێکیان لەگەڵ حکومەتدا هەیە و دەبێت حکومەت ئەو گرێبەستە جێبەجێ بکات "ئەگەر باس لەوە دەکرێت قەیرانی داراییە و ناتوانێت مووچەی تەواو بدات، ئەی بۆ 30 رۆژ جارێک نیو مووچە نادات، بەبڕوای من تەنیا چارەسەر ئەوەیە لەم قۆناخەدا مانگی جارێک نیو مووچە بدات، لەوانەیە مامۆستاش تاڕادەیەک رازی بێت یان هەر هیچ نەبێت بایکۆت نەکات".

گوتیشی گۆڕان هیچی پێ ناکرێت بۆ ئەوەی بایکۆت بشکێنرێت "چونکە ئێمە لەحکومەت نین و هیچ بەدەست نین، مامۆستایانیش تەنیا داوای مووچە دەکەن".

# پیاوێک لەماڵەکەیدا دەخنکێنرێ

**ناسر عەلی**
**رووداو – دهۆک**

چەند کەسێک لە سەنتەری شاری دهۆک دەچنە سەر ماڵی هاووڵاتییەک و دەیخنکێنن. کچی ئەو پیاوە دەڵێت هیچ کێشەیەکیان لەگەڵ کەس نییە. سەرچاوەیەکی ئەمنیش لە دهۆک دەڵێت زانیارییان لە بارەی تۆمەتباران دەستکەوتووە، بەڵام هێشتا کەسیان دەستگیر نەکردووە.

ئەو رووداوە شەوی 2018/2/10 لە گەڕەکی ماسیکا لە سەنتەری شاری دهۆک روویداوە کە تێیدا پیاوێکی تەمەن 45 ساڵ بەناوی محەممەد حەسەن لەلایەن چەند کەسێکەوە لێیدەدرێ و پاشان بە بالیف دەخنکێنرێ.

زەهرا محەممەد، کچی ئەو پیاوە بە (رووداو)ی گوت: "ئێمە خوشک و براکانمان کەسمان لەگەڵ باوکم ناژین، کچەکان شوومان کردووە و کوڕەکانیش ژنیان هێناوە. لە کاتی رووداوەکەدا تەنیا دایکم لە ماڵ بووە، ئەویش لە نهۆمی سەرەوە خەوتبوو. بەیانی کە لە خەو هەڵساوە باوکمی بە مردوویی بینیبوو، یەکسەر پەیوەندی بە پۆلیسەوە کردبوو".

محەممەد خەڵکی مووسڵە، هاوژینەکەشی خەڵکی ئامێدییە، لە دوای پەلاماری داعش بۆ سەر شاری مووسڵ لە حوزەیرانی 2014 ئاوارەی دهۆک بوون.

کچی محەممەد کە لەلایەن دایکییەوە لە رووداوی خنکاندنی باوکی ئاگادار کراوەتەوە، دەڵێت "باوکم و دایکم بە تەنیا دەژیان، بەڵام نە ئێمە و نە ئەوان کێشەیان لەگەڵ کەس نەبووە، نازانم بۆچی خنکاندیان".

سەرچاوەیەکی ئەمنیی شاری دهۆک کە ئاگاداری خنکاندنی ئەو پیاوەیە، بە (رووداو) راگەیاند "ئەو ژن و پیاوە لە یەک خانوودا دەژیان، بەڵام هەر یەکەیان لە نهۆمێک دەخەوتن. ئەو شەوە چەند کەسێک چوونەتە سەر ماڵی ئەو پیاوە، سەرەتا لێیانداوە، پاشان بە بالیف خنکاندوویانە".

سەبارەت بە هۆکاری رووداوەکەش ئەو سەرچاوە ئەمنییە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتی: "لە ماڵەکە زێڕ و پارەیان بردووە، پێدەچێ ئەو پیاوەیان بۆ زێڕ و پارەکەی خنکاندبێ".

سەرچاوەکە گوتیشی: "سەرەداوی باشمان لەبارەی تۆمەتباران دەستکەوتووە و بەمنزیکانە دەستگیریان دەکەین".



## عەبادی بودجەی کوردستانی زیاتر کەمکردەوە

**ڕووداو – هەولێر**

مەسعود حەیدەر، ئەندامی لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند عەبادی ڕەشنووسێکی دیکەی دەستکاریکراوی پرۆژەیاسای بودجەی 2018ی ڕەوانەی پەرلەمان کردووەتەوە، بەڵام لەبری ئەوەی پشکی هەرێمی کوردستان زیادبکات، کەچی هێشتا کەمی کردووەتەوە". ئەندامەکەی لیژنەی دارایی دەڵێت: "بەپێی ڕوشنووسە نوێیەکەی پرۆژەیاسای بودجە کە بۆ پەرلەمان نێردراوە، لەو پشکەی بۆ هەرێمی کوردستان دیاریکرابوو، عەبادی نزیکەی 50 ملیار دیناری دیکەیشی کەمکردووەتەوە". سەرۆکوەزیرانی عێراق پێشتر لە بودجەدا 6 ترلیۆن و 643 ملیار دیناری وەکو پشکی هەرێمی کوردستان دیاریکردبوو، کەچی ئێستا کردوویەتییە 6 ترلیۆن و 597 ملیار دینار. ئەمە وەک مەسعود حەیدەر باسی دەکات.

### ڕووداو ناوی هەرە دیارەکانیان بڵاودەکاتەوە

# کاندیدی حیزبەکانی کوردستان بۆ پەرلەمانی داهاتوو کێن؟

> پارتی ئاگاداری کردمەوە کە کاندید کراوم
>
> مەلا بەشیر



**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو – سلێمانی**

ئـەوەی لای هەموو حیـزب و قەوارەکان یەکلایی بووەتـەوە، قورسـیی کێبڕکێی ئـەو هەڵبژاردنەیە، چونکە ئەو گۆڕانکارییانەی لە چوار ساڵی ڕابردوودا بە گشـتی و لە دوای 16 ئۆکتۆبەرەوە بە تایبەتی، لە نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق هاتۆتە ئاراوە، هاوکێشـەکانی بەشـێوەیەک گۆڕیوە کە هیچ لایەک ناتوانێ پێشـبینی ئـەوە بکات دەنگـەکان بە دڵی کـێ بڕیار دەدەن. هەر حیزبە و هەوڵی ئەوە دەدات لیستێکی بەهێز بداتە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق.

بەپێی بەدواداچوونی (ڕووداو) تاوەکو ئێستا هیچ حیزبێکی باشـووری کوردستان لیستی کاندیدەکانی نەداوەتـە کۆمیسـیۆن. لـە کاتێکـدا دوا وادەی پێشکەشکردنی کاندیدەکان 15ی ئەم مانگەیە.

### یەکێتی: تەواومان کردووە

ئامادەکارییەکانی یەکێتی بۆ لیستی کاندیدەکانی لە قۆناغی کۆتاییدایە. لە مەڵبەندەکانی یەکێتییەوە ژمارەیـەک نـاو دراونەتـە مەکتەبـی هەڵبـژاردن، لیژنەیەکی سـێ کەسـی بە سـەرۆکایەتی شـۆڕش ئیسماعیل، بەرپرسی مەکتەبی هەڵبژاردنی یەکێتی ناوەکانـی پوختە کـردووە، دواتر نـاوەکان دەدرێنە سەرکردایەتی یەکێتی، بۆ ئەوەی پەسەندیان بکات.

ئەحمـەد نەمەڵی، ئەندامی مەکتەبی هەڵبژاردنی یەکێتـی بـە (ڕووداو)ی گـوت: "کاندیدەکانی ئێمە یەکلابوونەتەوە و ئەوەندە ماوە سەرکردایەتی یەکێتی بڕیاری کۆتایی لەبارەوە بدات".

پێشتر شێخ جەعفەر مستەفا، ئەندامی مەکتەبی سیاسـی یەکێتی بە دەنگی ئەمریکای ڕاگەیاندبوو، بەهۆی نەبەستنی کۆنگرە و ناکۆکییە نێوخۆییەکان و ڕووداوەکانی ئەمدواییەوە، ئاسان نییە حیزبەکەی بتوانێ لیستی کاندید ئامادە بکات. بەڵام ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێت "لیستێکی زۆر باشمان ئامادە کردووە".

مـاوەی سـێ خولە ئالا تاڵەبانی لـە بەغدایە کە لەماوەی پێشوو لەبەر هەندێک لێدوانی ڕۆژنامەوانی لە سەرۆکایەتی فراکسیۆنی یەکێتی لادرا. سەرچاوەیەک لـە مەکتەبی هەڵبژاردنی یەکێتییـەوە بە (ڕووداو)ی گوت "بەشێک لە بەرپرسانی یەکێتی لەگەڵ ئەوە نین جارێکی دیکە ئالا تاڵەبانی و چەند کەسـێکی دیکە کـە ماوەیەکی زۆرە لە بەغـدان، کاندید بکرێنەوە". بەڵام بەپێی زانیارییەکان ڕێزان شـێخ دلێر دووبارە کاندید دەکرێتەوە، هەروەها عیززەت سابیر ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، کاندید دەکرێت.

### پارتی مەلا بەشیر کاندید دەکات

ئەندامێکـی ئەنجوومەنـی سـەرکردایەتی پارتی لـە پارێـزگای سـلێمانی دەڵێ، جگە لـە پارێزگای کەرکـووک، لیسـتی کاندیدانیـان بـۆ پارێزگاکانی هەرێمـی کوردسـتان خەریکە تـەواو دەبـن. ڕزگار ئەژی گـۆران دەڵێت "26 لیژنـەی پەرلەمانی هەیە و ئەو لیژنانە پێویسـتیان بە پسـپۆڕی هەیە، ئێمە هەوڵمانداوە کاندیدەکانمان ئەو پسپۆڕییانەیان تێدا بێت". گوتیشی "مەرج نییە کاندیدەکان پارتی بن".

> ئەشواق جاف و موسەننا ئەمین و ئەحمەد حاجی ڕەشید کاندید دەبنەوە

(ڕووداو) لـە چەنـد بەرپرسـێکی پارتییـەوە زانیویەتی کە پارتی بڕیاری داوە لە هەر پارێزگایەک یەکێک لە کاندیدەکانی خولی ئێستای پەرلەمان کاندید بکاتەوە، لە پارێزگای سلێمانی ئەشواق جاف کاندید کراوەتـەوە و لـە هەولێر هەریەک لە ناسـر هەرکی، د.بەشـیر خەلیل حەداد و حاکم ئازاد حەمەدەمین، نەقیبـی ئێسـتای سـەندیکای ڕۆژنامەنووسـان لە کاندیدەکانی پارتین. لە دهۆکیش د.ئارام باڵەتەیی، د.عەبدولڕەحمان سـپینداری و د.شەوکەت سندی و مەلا ئیحسان ڕێکانی کاندیدکراون.

مەلا بەشـیر پشتڕاستی کردەوە کە کاندید کراوە و گوتی "لەلایەن پارتییـەوە ئاگادار کراومەتەوە کە کاندیدکراوم بۆ پەرلەمانی عێراق".

### یەکگرتوو: تەنیا ڕیزبەندیمان ماوە

ئەندامێکـی ئەنجوومەنـی سیاسـی یەکگرتووی ئیسـلامی، دەڵێ ئەوانیش لە کۆتایـی ئامادەکاریی لیسـتەکەیاندان، بەڵام شـێوازی جیاوازی ئەوان بۆ دیاریکردنی کاندیـدەکان هەڵبژاردنیان بووە لەلایەن ڕێکخستنەکانی یەکگرتوو بەشێوەی دەنگدانی نهێنی "ئەو ناوانەی لەلایەن مەڵبەند و لقەکانەوە هاتوون لای ئێمە کراونەتە لیست، بەڵام ئەوەی ماوە ڕیزبەندی بۆ ناوەکانیان بکەین".

> 80 کەس سیڤییان ناردووە
>
> بەرپرسێکی گۆڕان

مسـتەفا عەبدوڵـڵا، هەروەها دەڵێ "هۆشـیاری سیاسـی و زمانزانیـن و هۆشـیاریی نەتەوەیـی و نیشـتمانی لـە مەرجەکانـی ئێمـەن". بەپێـی زانیارییەکانی (ڕووداو) تەنیا ناوێکی نێو ئەم خولەی ئێستای پەرلەمان کە یەکگرتووی ئیسلامی کاندیدی کردووەتەوە، د.موسەننا ئەمین، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامییە لە پەرلەمانی عێراق.

### باسی مووچەشیان کراوە

هاوژین عومەر، لێپرسراوی مەکتەبی هەڵبژاردنی کۆمەڵـی ئیسـلامی دەڵێـت بەشـێکی زۆر لـە کاندیدەکانیان یەکلایـی کردوونەتەوە و مەرجەکانی کۆمەڵی ئیسلامی خراوەتە بەردەم ئەوانەی داوایان کردووە بپاڵێورێن "پێیانگوتراوە کە دەبێ بەشـێک لە مووچەکەیان بدەنە حیزب. ئاسـتی هۆشـیاری و پسـپۆڕیی پەسەند بێت و بڕوای بە بەرنامە و کاری کۆمەڵی ئیسلامی هەبێت و خاوەنی ئەزموونێکی باش بێت".

بەپێی زانیارییەکان یەکێک لەو ناوانەی کۆمەڵی ئیسـلامی دەیەوێ جارێکی دیکە کاندیدی بکاتەوە، ئەحمـەدی حاجی ڕەشـید، سـەرۆکی فراکسـیۆنی کۆمەڵی ئیسـلامییە لە پەرلەمانی عێراق. هەروەها قسەی زۆر لەسەر سۆران عومەر، ئەندامی پەرلەمانی کوردسـتان هەیە کـە کۆمەڵی ئیسـلامی کاندیدی بکاتەوە بۆ پەرلەمانی عێراق.

### هاوپەیمانی: لیستەکەمان ئامادە نییە

د.ڕێبـوار کەریـم، گوتەبێـژی هاوپەیمانـی بـۆ دیموکراسـی و دادپـەروەری دەڵـێ هێشـتا ئەوان لیستەکەیان ئامادە نەبووە و بەو پێیەی کە کۆمسیۆن تاوەکـو 15ی مانـگ وادەکـەی درێـژ کردووەتەوە، هەفتـەی داهاتوو ئامادەی دەکەن و هەروەها دەڵێ، ئێمە دوو پرسـیار لەوانە دەکەین کە داوایان کردووە کاندیدیان بکەین: "مەرجەکانی کۆمسـیۆن و یاسای هەڵبژاردن لەگەڵ ئەوەی ئایا دەتوانێ لە پەرلەمانی عێراق چی بکات بۆ خەڵک؟"

گوتەبێـژی هاوپەیمانـی بـۆ دیموکراسـی و دادپەروەری دەڵێ بەو پێیەی بۆ پارێزگای کەرکووک لەگەڵ کۆمەڵ و گۆڕان لیسـتی هاوبەشـیان هەیە و ئەو پارێزگایەش 12 کورسی هەیە "هەریەک لەو سێ حیزبە 8 ناومان هەیە، بەڵام هێشتا ناوەکان یەکلایی نەبوونەتەوە".

### 80 سیڤی بۆ گۆڕان چووە

هەرچـی بزووتنـەوەی گۆڕانـە، وەک بەڵێـن ئیسماعیل، ئەندامی ژووری هەڵبژاردنی بزووتنەوەی گۆڕان باسـیکرد "نـاوەکان بە سـیڤی وەرگیراون و نزیکەی 80 کەس سـیڤییان ناردووە، بەڵام هێشـتا بڕیاری کۆتایی لەسەر ناوەکان نەدراوە".

> **مامۆستایانی زانکۆ چاویان لە پەرلەمانتارییە**
>
> هەرچەندە مەرجی کۆمیسیۆن ئەوەیە کە کاندیدەکان بڕوانامەی کەمتر لە بکالۆریۆسیان نەبێ، بەڵام د.سەردار قادر، مامۆستای زانستە سیاسییەکانی زانکۆی سلێمانی دەڵێ، حیزبەکان وەک پێویست گرنگییان بە مامۆستای زانکۆ نەداوە "ئەگەر چێکی لیستەکان بکەین کەمتر لە 10%یان مامۆستای زانکۆن، بەڵام مەرجیش نییە مامۆستای زانکۆ سەرکەوتوون بن". د.سەردار قادر نایشارێتەوە کە بەهۆی بەرزیی مووچەی پەرلەمانەوە، بەشێک لە مامۆستایانی زانکۆ حەزیان لێیە حیزبەکان کاندیدیان بکەن.

### دووساڵ لەسەر وادەی خۆی تێپەڕیوە

# پارتی دوای هەڵبژاردن کۆنگرە دەبەستێ



**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو– سلێمانی**

لـە دوای دەسـتپێکردنی شـەڕی داعشـەوە، هەمـوو ئـەو پێشـهاتانەی ڕوویـان لـە هەرێمی کوردسـتان کـردووە، جگـە لـە ئەنجامدانـی گشتپرسـی سەربەخۆیی، هیچیان بە دڵی پارتی نەشکاونەتەوە، ئەوەش هۆکار بووە بۆئەوەی کە نەپەرژێتە سەر کۆنگرە و دوو ساڵ بەسەر وادەی بەستنیدا تێپەڕێ.

ئەندامێکی سـەرکردایەتی ڕایگەیاند، ئەگەر دوای ئەنجامدانـی هەڵبژاردنـەکان دۆخەکـە بـە ئارامی و سـەقامگیری بمێنێتـەوە، پارتی کۆنگـرە دەبەسـتێ. ئەندامێکـی فراکسـیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان هیوا دەخوازێ، پارتی لە کۆنگرەدا "گۆڕانکاریی گەورە بکات و سیستمی سزا و پاداشت بۆ پەیڕەو و پرۆگرامی خۆی زیاد بکات".

پارتـی کە بـەردەوام دەڵـێ وەک حیزبەکانی دیکە نییە و کێشەی نێوخۆیی ڕووی تێنەکردووە، بۆچی نەیتوانی کۆنگـرەی (14) مینی خۆی لە وادەی خۆیدا ببەسـتێ؟ عەلـی عەونی، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی جەخت دەکاتەوە کە پارتی هیچ کێشـەیەکی نێوخۆیی نییە و باسـی شەڕی داعـش دەکات کە گفتوگۆی بەسـتنی کۆنگرەی لەنـاو سـەرکردایەتی پارتیدا ڕاگرت "کە شـەڕی داعش دەسـتیپێکرد زۆربەی سەرکردایەتی ئێمە بە سـەرۆک بارزانیشەوە لە بەرەکانی شەڕ بوون، چۆن بتوانین کۆنگرە ببەستین".

عەلـی عەونـی دەڵێت بـە پەنابـردن بۆ ئەو دەسـەڵاتەی پەیڕەو و پرۆگرامی پارتی پێیداون، وادەکەیـان لەبـەردەم خۆیانـدا درێژکردووەتەوە "مـاوەی سـاڵێک وادەمان درێژ کـردەوە"، بەڵام دوای سـاڵەکەش پارتی هەر کۆنگرەی نەبەست، لەکاتێکدا ڕوودواە خێراکان و گۆڕانکارییەکان هی ئەوە بوون پارتی کۆنگرە ببەسـتێ "کە شـەڕی داعش تـەواو بوو، شـەڕی حەشـدی شـەعبی بەرۆکی گرتیـن و فەوزای ئـەوان و ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبـەر بوونە هۆی ئەوەی نەتوانین هیچ بکەین"، عەلی عەونی وایگوت.

پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان کـە لە 16ی ئابـی ئەمسـاڵ تەمەنی دەبێتە 72 سـاڵ، ڕۆژی 2010/12/11 لـە هەولێـری پایتەختی هەرێمی کوردسـتان، سـێزدەیەمین کۆنگـرەی خۆی بە بەشـداریی 1500 ئەندامی کۆنگرە بەسـت. لەو کۆنگرەیەدا وێڕای هەڵبژاردنەوەی مەسعود بارزانی بە سەرۆکی پارتی، نێچیرڤان بارزانیش بە جێگری سەرۆکی پارتی هەڵبژێردرا.

بەرپرسـێکی پارتی دەڵێ لە ماوەی ڕابردوودا بەشـێک لـە میدیاکان هەوڵـی زۆریـان داوە بۆ ئـەوەی وای پیشـان بـدەن کە ململانێ لە نێو پارتـی هەیـە "بە دڵنیاییـەوە ململانێ لە نێو سـەرکردایەتی پارتی نییە، بەڵام ڕاسـتە لەکاتی کۆنگـرەدا هەندێک لە ئەندامانی کۆنگرە لەسـەر ئاسـتی ناوچەکان ئاسـاییە ململانێیان هەبێ بۆ سەرکردایەتی، یان لەوە نیگەران بن کە ئەندامێکی مەکتەبی سیاسـی پشتگیریی کام کاندید دەکات بگاتە سـەرکردایەتی". ئەو بەرپرسەی پارتی کە نەیویسـت ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتیشـی "بەڵام هەموو پارتییـەک لە خانەقینـەوە تاوەکو زاخۆ کۆکن لەسـەر ئەوەی مەسـعود بارزانی سەرۆکی پارتی بێت و هیچ ناکۆکییەک لەوبارەیەوە نییە".

عەتا شـێخ حەسـەن، گوتەبێژی ئەنجوومەنی سـەرکردایەتی پارتی لە سـلێمانی، دەڵێ پارتی بەپێی واقیعی سیاسـی کوردستان و ناوچەکە لە کۆنگرەکانیدا گۆڕانـکاری دەکات و لەبەر ئەوەی حیزبێکـی نەتەوەییە و سـتراتیژی نەتەوەیی بە گرنگ دەزانێ "لە کۆنگرەشـدا ئـەوەی چاوەڕوان دەکرێ ئەوەیە پرسـی نەتەوەیی و نیشـتمانی و دەوڵەتی کوردستان گرنگیی زۆری پێبدرێ".

پارتـی دیموکراتی کوردسـتان لـە کۆنگرەی 13دا بڕیـاری دا ئەنجوومەنی سـەرکردایەتی بۆ پارێـزگاکان دابمەزرێنێ، بەڵام بە کردنەوەی ئەو ئەنجوومەنانە، ڕەخنەی ئەوە لە پارتی دەگیرا کە ڕۆتین بۆ ئەندامانی پارتی دروسـتدەکەن لەکاتی ڕاپەڕاندنـی ئیشـوکارەکاندا، ئـەم ئەنجوومەنـە ئێستاشی لەگەڵدا بێ بۆ پارێزگای دهۆک دروست نەکـرا. تەنانەت هەندێک لە کادر و بەرپرسـانی پارتـی کـە (ڕووداو) قسـەی لەگەڵ کـردوون، پێیـان باشـە لە کۆنگـرەی 14 دا بڕیار لەسـەر کەمکردنەوەی بارەگا و خەرجییە زۆرەکان بدرێ.

عەتا شـێخ حەسـەن، هیواخـوازە کۆنگرەی داهاتـووی پارتـی خـۆی دوور بگرێ لـەو جۆرە بڕیارانە "چونکە هـەر ناوچەیەک و تایبەتمەندی خۆی هەیە و سەرخسـتنی ستراتیژی نەتەوەیی، لەناوچەیەکـەوە بـۆ ناوچەیەکی دیکـە جیاوازە. سـەرکردایەتیی سلێمانی لەم ناوچەیە سیاسەتی پارتـی ئاراسـتە دەکات و هەموو کـەس دەزانێ سروشتی ناوچەکان جیاوازن".

پارتی دیموکراتی کوردستان لەماوەی 71 ساڵی تەمەنیدا 13 کۆنگرەی بەستووە، دوا کۆنگرەی لە کۆتایی ساڵی 2010 بەست. پارتی لە 16ی ئابی 1946 بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی دامەزراوە. سـەرەتا ناوی پارتی دیموکراتی کورد بووە و لە کۆنگرەی سێیەمدا کە لە 1953/1/26 لە شاری کەرکووک بەسـتراوە، بڕیـار درا ناوەکەی بکرێتە پارتی دیموکراتی کوردستان.

عەلـی عەونی، ئەندامی سـەرکردایەتی پارتی دەڵـێ کۆنگـرەی ئێمـە سـەلامەتە و ئەندامانی سەرکردایەتی کێشـەیان نییە لە بارەی بەستنی کۆنگرەوە، ئەگەر دۆخەکە بەو شـێوەیەی ئێستا بمێنێتەوە، دەبێ قسـەکردن لەسـەر بەسـتنی کۆنگـرە بێتـە ئـاراوە "بەدڵنیاییـەوە دوای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق و کوردسـتان، ئەگەر دۆخەکە ئارام و سەقامگیر بمێنێتەوە پارتی کۆنگرە دەبەستێ".

گوتیشی: "خواستی ئەندامان و سەرکردایەتی پارتـی ئەوەیە سـەرۆک بارزانی وەک سـەرۆکی پارتی بمێنێتەوە".

د.فرسەت سۆفی، یەکێکە لە پەرلەمانتارەکانی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان. قسەی زۆر هەیە لەسـەر ئەوەی لـە کۆنگرەی داهاتـووی پارتیدا یەکێک بێت لە دەموچاوە نوێیەکانی سەرکردایەتی پارتی. ئەو پێیوایە دەبێ لە کۆنگرەی 14دا، پارتی کۆنگرەیەکی تەواو جیاواز ببەستێ، چونکە دوای قۆناغی گشتپرسی، ڕووداوی دیکەش بەڕێوەن بۆ باشووری کوردستان "دەبێ پارتی سیستمی کاری حیزبایەتی بگۆڕێ و لەڕووی سەرکردایەتیشـەوە نوێبوونـەوە هەبێ، دەبێ لەڕووی کارگێڕیشـەوە پارتییەکی دیکە بێتە ئاراوە، ئەگینا جێدەمێنین".

فرسـەت سـۆفی کە زۆرترین کاری لەو چوار سـاڵەی ڕابردوودا لە پەرلەمان بـۆ ئامادەکردنی پرۆژەی چاکسازی بەسـەربردووە، پێیوایە دەبێ پارتی لە کۆنگرەی داهاتوویدا سیستمی "پاداشت و سزا پێڕەو بکات". هەروەها دەڵێ "وەک حیزب پارتی پشـکی شـێری لەنێو حکومەت هەبووە، دەبـێ ئەوانەی لەناو حکومـەت دەوڵەمەندبوون، پێیان بڵێ ئیدی ئەوە کۆتایی هات".

## پەخشی 44 تەلەڤزیۆنی هەرێمی کوردستان رادەگیرێن

**رووداو- هەولێر**

بەهۆی نەدانی قەرزی نوێکردنەوەی سالآنەیانەوە، پەخشی 44 تەلەڤزیۆنی نێوخۆیی لە هەرێمی کوردستان رادەگیرێت. محەممەد گەردی، بەرێوەبەری گشتیی چاپ و بلآوکردنەوە لە وەزارەتی رۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە تۆڕی میدیایی رووداوی راگەیاند: "بەهۆی ئەوەی کرێی نوێکردنەوەی سالآنەیان نەداوە، فەرمانی وەستاندنی پەخشی 44 کەناڵی لۆکاڵی هەرێمی کوردستان دەرچووە. بڕیارەکە ئاراستەی کۆمپانیاکانی (ئای ستار و میکس میدیا) کراوە، کە سیستەمی پەخشی چەپکیان هەیە و تەلەڤزیۆنە لۆکالییەکان لەرێگەی ئەوانەوە دەتوانن لە شارەکان پەخش بکەن." بە گوتەی گەردی 75 تەلەڤزیۆن نزیکەی 3 ملیار دینار قەرزارن و ماوەی 3 بۆ 10 ساڵە پارەی نوێکردنەوەی سالآنەیان نەداوە.

### لیژنەی هاریکاریی ئیسلامی داوا لە ئیسلامییەکان دەکەن یەک لیستیان هەبێ

# یەکخستنی "نێوماڵی ئیسلامی" لەسەر کۆمەڵی ئیسلامی وەستاوە

**ئاسۆ سەراوی**
**رووداو – هەولێر**

لیژنەی هاریکاری ئیسلامی کە لە کۆمەڵێک رێکخراو و کەسایەتیی ئیسلامی پێکهاتووە، داوا لە ئیسلامییەکانی کوردستان دەکەن بۆ هەڵبژاردنەکان یەک لیست دروستبکەن، بەرپرسێکی بالآی یەکگرتووی ئیسلامیش رایگەیاند کە بۆ یەکخستنی نێوماڵی ئیسلامییەکان، لەگەڵ بزووتنەوەی ئیسلامی، چاوەڕێی کۆمەڵی ئیسلامی دەکەن.

لیژنەی هاریکاری ئیسلامی کە لە کۆمەڵێک رێکخراوی نزیک لە حیزبە ئیسلامییەکان و کەسایەتی ئیسلامی هەرێمی کوردستان پێکهاتووە، لە هەفتەی رابردووەوە نامەیەکیان بۆ هەر سێ لایەنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و کۆمەڵی ئیسلامی و بزووتنەوەی ئیسلامی ناردووە، داوایان کردووە نێوماڵی ئیسلامییەکان یەکبخەن و بە یەک لیست بەشداری هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بکەن.

جەمال ئەشرەف قارەمانی کە لە کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان (ئیدارەی سلێمانی) پۆستی بریکاری وەزیری ناوخۆی لەسەر لیستی بزووتنەوەی ئیسلامی هەبوو، ئێستاش وەک کەسایەتییەکی ئیسلامی سەربەخۆ لە لیژنەی هاریکاری ئیسلامی کار دەکات، بە (رووداو)ی گوت کە نامەیەکیان بۆ حیزبە ئیسلامییەکان ناردووە، بەڵام ئامادە نەبوو باس لە ناوەڕۆکی نامەکە بکات و گوتی "بەنیازین دوای وەڵامی ئەو لایەنانە بۆ داواکارییەکەمان قسەی لەسەر بکەین".

عوسمان کاروانی، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی، دەڵێت هەفتەیەک زیاترە نامەکەی لیژنەی هاریکاریی ئیسلامیان بەدەستگەیشتووە و گوتی "ئەوان ماوەی مانگێکیان بۆ وەڵامی ئێمە دیاری کردووە و پشتیوان بە خوا وەڵامێکی ئەرێنیمان بۆیان دەبێت".

هەریەک لە یەکگرتووی ئیسلامی و بزووتنەوەی ئیسلامی وەک خۆیان باسی دەکەن، هەنگاوی یەکەمیان بۆ یەکخستنی نێوماڵی ئیسلامییەکان هاوێشتووە و چاوەڕێی کۆمەڵی ئیسلامی دەکەن.

سەمیر سەلیم، کارگێڕی ئەنجوومەنی جێبەجێکردنی یەکگرتووی ئیسلامی، بە (رووداو)ی گوت کە ئەوان لەگەڵ بزووتنەوەی ئیسلامی هەنگاوێکیان بۆ یەکخستنی نێوماڵی ئیسلامییەکان هاویشتووە و چاوەڕێی کۆمەڵی ئیسلامی دەکەن "بزووتنەوەی ئیسلامی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لیستی نییە، بەڵام کاندیدی لە لیستەکەی یەکگرتوودا هەیە، ئەوەش هەنگاوێکی سەرەتایی باشە بۆ یەکخستنی نێوماڵی ئیسلامییەکان و ئێمە وەک یەکگرتووو و بزووتنەوە چاوەڕێی کۆمەڵی ئیسلامی دەکەین بۆ کاری زیاتری پێکەوەیی، لە کۆمەڵی ئیسلامیش نائومێد نەبووین".

هەر سەبارەت بەکاری هاوبەشی حیزبە ئیسلامییەکانی کوردستان، کامیل محموود، گوتەبێژی بزووتنەوەی ئیسلامی و ئەندامی دەستەی بالآی کاری هاوبەشی ئیسلامی، بە (رووداو)ی گوت: "لە ئایندەیەکی نزیکدا دەستەی بالآی کاری هاوبەشی ئیسلامی کە ئەندامی هەرسێ حیزبە ئیسلامیەکەی کوردستانی تێدایە، کۆدەبنەوە. لەو کۆبوونەوەیەدا ئامادەکاری دەکەین بۆ کۆبوونەوەی کەسی یەکەمی هەر سێ حیزبەکە، بۆ ئەوەی کاری هاوبەشی پێکەوەیی لە ئایندەدا بەردەوام بێ".

گوتەبێژی بزووتنەوەی ئیسلامی باسی لەوەش کرد، ماوەی دوو ساڵە کۆبوونەوەی هاوبەش لەنێوان ئەوان و یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامی هەیە "دروستکردنی دەستەی بالآی کاری هاوبەشی ئیسلامی ئەنجامی ئەو دوو ساڵ کارکردنەمانە، بە دڵنیاییەوە لە داهاتوودا کاری زیاتریش پێکەوە دەکەین، چونکە لێکتێگەیشتنی زۆر باش هەیە".

کامیل مەحموود بێ هیوا نەبووە لەوەی بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتووی کوردستان هەموو ئیسلامییەکان یەک لیستیان هەبێت و گوتی: "بوونی کاندیدی ئێمە و یەکگرتوو لە یەک لیستدا بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، هەنگاوێکی باشە بۆ ئەوەی لەداهاتووشدا بۆ هەڵبژاردنی کوردستان یەک لیستی ئیسلامی هەبێت، تاوەکو ئێستا لە کۆمەڵی ئیسلامیش بێ هیوا نەبووین کە بۆ هەڵبژاردنی کوردستان هەموومان پێکەوە لە یەک لیستدا بین".

کۆمەڵی ئیسلامی کە خاوەنی دوو کورسییە لە پەرلەمانی عێراق، هەرچەندە لە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دوو وەزیری هەبوو، بەڵام لە پەرلەمان هەر بە نەفەسی ئۆپۆزیسیۆن کاری دەکرد، لە مانگی دیسەمبەری 2017 لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کشایەوە. کۆمەڵ پێیوایە بە ئۆپۆزیسیۆنبوونی دەتوانێ دەنگێکی زۆر کۆبکاتەوە و تەنانەت دەنگی حیزبە ئیسلامییەکانیش ببات.

رێبوار حەمەد، گوتەبێژی کۆمەڵی ئیسلامی رەتیکردەوە، پێکهێنانی دەستەی بالآی کاری هاوبەشی ئیسلامی تەنیا بۆ دروستکردنی لیستی هاوبەش بووبێت و گوتی "لە دوای کۆبوونەوەی دەستەی بالآی کاری هاوبەش، بە سەرپەرشتی کەسی یەکەمی هەر سێ لایەنەکە، کە لە مانگی تەمموزی 2017 بوو، بڕیاری ئەوە درا کە لیستی هاوبەشی ئیسلامییەکان قسەی لەبارەوە نەکرێت و ئەو مەلەفە دابخرێت".

گوتەبێژی کۆمەڵی ئیسلامی، باسی لەوەشکرد زۆر دەمێکە پرۆژەیەکی یەکگرتنیان پێشکەشی یەکگرتووی ئیسلامی کردووە، بەڵام ئەنجامێکی نەبووە و گوتی "لە2016/7/28 پرۆژەیەکی یەکگرتنمان پێشکەشی یەکگرتووی ئیسلامی کرد، بەڵام ئەو کاتە وەڵامیان نەبوو، ئێستاش ئێمە هیچ لاریەکمان لەکاری پێکەوەیی نییە، بەڵام هەڵوێستی سیاسیمان جیاوازە، هەرچەندە ئێمە وەک کۆمەڵ هەوڵی زۆرماندا هەڵوێستە سیاسیەکانمان یەکبخەین، بەڵام نەکرا، بۆیە ئاساییە بە لیستی جیا بەشداری هەڵبژاردن بکەین".

لەبارەی وەڵامیان بۆ نامەکەی لیژنەی هاریکاری ئیسلامیش رێبوار حەمەد گوتی "لەکاتی خۆیدا وەڵامی نامەکەیان دەدەینەوە".

دەستەی بالآی کاری هاوبەشی ئیسلامی لە 15 ئەندامی هەر سێ حیزبە ئیسلامییەکەی کوردستان (یەکگرتوو و کۆمەڵ و بزووتنەوە) پێکدێت و دوا کۆبوونەوەی ئەو دەستەیە، لە تەمموزی 2017 بەڕێوەچوو کە کەسی یەکەمی سێ حیزبە ئیسلامییەکە ئامادەی بوون، بەڵام نەگەیشتنە ئەوەی بە یەک لیست بەشداری هەڵبژاردنەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان بکەن.



دەستەی بالآی کاری هاوبەشی ئیسلامی ئامادەکاریی دەکات بۆ کۆبوونەوەی کەسی یەکەمی هەرسێ حیزبە ئیسلامییەکە

**بەرپرسێکی کۆمەڵ**

**ئێمە پێشتر داوای یەکگرتنمان لە یەکگرتوو کرد، بەڵام وەڵامیان نەبوو**

# کەرکووک.. کورسییەکانی کورد دادەبەزن بۆ نیوە؟



لە هەڵبژاردنی رابردوودا لە کۆی 12 کورسی کەرکووک کورد 8 کورسی بەدەستهێنا

(فۆتۆ: رووداو)

**ئەندامێکی دەستەی سەرۆکایەتی حیزبی زەحمەتکێشان**

**کورد ئەمجارە لە کەرکووک رەنگە 4 کورسی بهێنێ**

**بەرپرسێکی بزووتنەوەی گۆڕان لە کەرکووک**

**نەدەکرا لەگەڵ پارتی و یەکێتی لیست دروست بکەین**

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو – سلێمانی**

کەرکووک هێندەی دیکە حیزبە کوردستانییەکانی لەیەک دوور خستەوە. دواهەمین هیوای یەکریزی، حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان خستییە سەر مێزی دانوستاندنی حیزبەکان. رۆژی چوارشەممەی رابردوو هەموو لایەنەکانی لەنێو ماڵی خۆی کۆکردەوە بەو هیوایەی بتوانن بەیەک لیست بچنە نێو هەڵبژاردنی کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان "ئێستا دەتوانم بڵێم بێهیوا بووین". بەڵێن عەبدوڵڵا، ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان وایگوت.

بەڵێن عەبدوڵڵا، دەڵێ سەردانی مەکتەبی سیاسیی هەموو حیزبەکانیان کردووە و داوایان لێکردوون لیستێکی هاوبەشی کوردستانی دروستبکرێ بۆ ئەو ناوچانە. دواتر داوەتی هەموو لایەنەکانیان کردووە بۆ کۆبوونەوەیەک کە هەفتەی رابردوو بەڕێوەچوو "لەو کۆبوونەوەیەدا جەخت لەسەر لیستی هاوبەش کرایەوە و بڕیار بوو رۆژی پاشتر مەکتەبی هەڵبژاردنی هەموو لایەنەکان دیسان کۆببنەوە، وادەی کۆبوونەوە هات و نوێنەری یەکێتی نەهات، بە تەلەفۆن لەگەڵ کاک شۆڕش ئیسماعیل قسەم کرد و گوتی برادەرانی خۆمان درەنگ ئاگاداریان کردووم، ئیدی نوێنەری لایەنەکانی دیکەش رۆیشتن".

بەڵێن عەبدوڵڵا دەڵێ پێشتر زانیویانە گۆڕان و کۆمەڵ و هاوپەیمانی لیستی هاوبەشیان هەیە بۆ کەرکووک "بەڵام ئەگەر لەکاتی سەردانمان بۆلایان بیانگوتایە ئێمە سوورین لەسەر ئەوەی لەگەڵ پارتی و یەکێتی لیستی هاوبەش دروستناکەین، ئەو کۆبوونەوەیەمان رێکنەدەخست، بەداخەوە دواتر قسەیان کرد".

هێشتا تەواوی حیزبەکانی باشووری کوردستان جەخت لەوە دەکەنەوە کە کەرکووک شارێکی کوردستانییە، بەڵام ئەو کەرکووکەی ئێستا بۆ کورد لە دەواری دوای هێوربوونەوەی رەشەبای بەهێز دەچێ. نە پۆستە گرنگەکانی لەدەستی کورد ماون و نە دەسەڵاتە سیاسییەکەش، بەو دۆخەوە کورد ناچارە بچێتە نێو پرۆسەی هەڵبژاردنی مانگی ئایاری داهاتوو کە خاوەندارێتی شارەکەی تێدا یەکلایی دەبێتەوە بۆ ماوەی 4 ساڵ.

عەلی حوسێن، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی کە حیزبەکەی بڕیاری داوە هەڵبژاردن لە کەرکووک بایکۆت بکات، ئەو بڕیارەی حیزبەکەی دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی نایانەوێ "دان بەو ئەمری واقیعەدا بنێین کە لەوێ سەپێنراوە"، چونکە وەک ئەو دەڵێ پارتی ئەو ناوچانە بە "داگیرکراو" دەزانێ و کاتێکیش بڕیاریدا بایکۆتی بکات "دان بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکاندا نانێین هەر چۆن بێ"، بەڵام تەنیا رێگا بۆ شکاندنی بایکۆت بەلای پارتییەوە لیستێکی هاوبەش بوو کە هەموو حیزبە کوردستانییەکانی تێدابن "ئێمە پێش ئەوەی بڕیار بدەین بایکۆت بکەین، گوتمان با هەمووومان بایکۆت بکەین یان هەمووومان یەک لیستمان هەبێ".

پێش تۆمارکردنی ناوی هاوپەیمانێتییەکان، پارتی و یەکێتی لە مەکتەبی سیاسی یەکێتی کۆبوونەوەیەکیان رێکخست و لەو کۆبوونەوەیەدا پرسی لیستی هاوبەش تاوتوێ کرا. بەڵام بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) هەندێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەلایەک و تۆمارکردنی هاوپەیمانێتییەک لەلایەن گۆڕان و کۆمەڵ و هاوپەیمانییەوە، هەوڵەکانی تێکدا.

بەشێک لە بەرپرسانی بزووتنەوەی گۆڕان هەرزوو هۆشدارییان داوەتە بزووتنەوەکەیان کە خۆیان بە دوور بگرن لە هاوپەیمانێتی لەگەڵ پارتی و یەکێتی و زۆرینەی بەرپرسانی ئەو بزووتنەوەیە گوتوویانە ئەگەر لەگەڵ پارتی و یەکێتی پێکەوەبن، ناتوانن لە سلێمانی و هەولێر و دهۆک بە خەڵک بڵێن دەنگمان بدەنێ.

مەلا فەرمان، یەکێک لە بەرپرسەکانی گۆڕان لە کەرکووک دەڵێ ناکرێ لەگەڵ ئەم دوو حیزبەدا هاوپەیمانی ببەسترێ "ئەگەر لەگەڵ ئەوان لیست دروستبکەین، خەڵک نایەن بۆ دەنگدان، باشترە ئێمە لیستی نیشتمان و ئەوان لیستی خۆیان هەبێ، ئەوکات ململانێکە خەڵکیش هان دەدات بەشداریی هەڵبژاردن بکەن".

لە پارێزگای کەرکووک زیاتر لە 900 هەزار کەس مافی دەنگدانیان هەیە. لەو پارێزگایە کۆمیسیۆن 18 ناوەندی بۆ نوێکردنەوەی داتای دەنگدەران دانابوو. لە دواهەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقیشدا، ئەنجامی دەنگەکان بەو شێوەیە بوون بۆ کورد: یەکێتی 209 هەزار دەنگی هێنا و 6 کورسی بردەوە. پارتی 63 هەزار دەنگی هێنا و دوو کورسی بەدەستهێنا و بەوەش کورد بووە خاوەنی 8 کورسی پەرلەمان لە کۆی 12 کورسی. بەڵام بەڵێن عەبدوڵڵا، ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان دەڵێ: "کورد رەنگە ئەمجارە 4 کورسی بهێنێ، ئەوەش وادەکات پۆستە گرنگەکانمان لەدەستبچێ".

بەرپرسێکی یەکێتی، هەوڵەکانی دروستکردنی لیستی هاوبەش بە هەوڵی پارتی دەزانێ و پێیوایە بۆیە ئەوەش دەکات، چونکە دەزانێ یەکێتی بە چڕی دەستی بە کارکردن کردووە بۆ ئەوەی دەنگی باش بهێنێ "ئەوە پلانێکە بۆ ئەوەی حیزبەکانی دیکە لە کەرکووک دەنگی پێویست نەهێنن و دۆخی کەرکووک هێندەی دیکە لەدەستبچێ"، رەوەند مەلا مەحموود، جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی کەرکووکی یەکێتی هەروەها دەڵێ، هەوڵەکانی دروستکردنی لیستی هاوبەش بێئاکامە "ئەوە هەوڵێکی فاشیلە و دەبوو لە 1/7 ئەوە بکرایە، بەڵام ئەوکات ئەوان بایکۆتیان کرد"، گوتیشی "بڕواناکەم ئەو هەوڵانەی پارتی لە نیەتپاکی بێ". کەرکووک کە کرۆکی زۆربەی گوتارە نەتەوەییەکانی کورد بووە بە درێژایی شۆڕشەکانی، ئێستا بووە بەو چاڵەی حیزبەکان لە ناکۆکییاندا تێیدەکەون. شارێک کە لەدەستدانی وەک ئەوەیە کورد بەپێیەکانی خۆی بۆ رابردووی تاڵی خۆی بگەڕێتەوە.

عیرفان عەبدولعەزیز، رابەری بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان بۆ (رووداو):

# حیزبەکان واستە دەکەن بچن دەستی عەبادی ماچ بکەن



عیرفان عەبدولعەزیز، رابەری بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (رووداو) رەخنە لەو حیزبانە دەگرێ کە دەچنە بەغدا و لەگەڵ حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی عێراق کۆدەبنەوە. ئەو دەڵێت کە ئەوە "بێ شەهامەتییە عەبادی شارێکت لێ داگیر بکات و خەڵکت لێ بکوژێ، تۆش بچی دەستی ماچ بکەی".

رابەری بزووتنەوەی ئیسلامی دەڵێت چەندینجار داوایان لێکردوون بچنە بەغدا، بەڵام سەرەرای ئاشنایەتییان لەگەڵ عەبادی، ئەو دیدارانەیان رەتکردووەتەوە. سەبارەت بە دروستکردنی لیستی ئیسلامی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقیش دەڵێت، کۆمەڵی ئیسلامی بۆ عێراق بێهیوای کردوون، بەڵام هێشتا ئومێدیان ماوە بۆ هەڵبژاردنی کوردستان لەگەڵیان بێ.

**هەڤپەیڤین: پێشەوا هەورامانی**
**رووداو- سلێمانی**

> بێ شەهامەتییە عەبادی کەرکووک داگیر بکات و تۆش بچی دەستی ماچ بکەی

**رووداو: هەندێک گفتوگۆتان دەستپێکردووە، ئێوە وەکو نێوەندگیرێک دەردەکەون بۆ نزیکبوونەوەی ئیسلامییەکان لە یەکدی. گەیشتوونەتە هیچ رێککەوتنێک بۆ ئەوەی لیستێکی هاوبەشتان هەبێ بۆ هەڵبژاردن؟**

**عیرفان عەبدولعەزیز:** ئێمە پێشتر بە هەمووممان بڕیارێکمان داوە کە جیا لەو سێ هێزە سیاسییە، هێزەکانی دیکەش بەشدار بکەین. وەکو رەوتی سەلەفی و رەوتی سۆفی، هەوڵیشمان لەگەڵ داون. ئەوەی ئێمە و برایانی یەکگرتوو لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە چەند جارێک لە کۆبوونەوەکانمان باسمان کردووە ئەگەر ئەو سێ هێزە لە دروستکردنی لیستێک سەرکەوتوو بوون، ئەوە زۆر چاکە. ئەگەر دوو هێزیش بن زۆر ئاساییە.

**رووداو: ئێوە لەو باوەڕەدا نین کۆمەڵ لەگەڵ ئێوە نییە و کات دەکوژێ؟**

**عیرفان عەبدولعەزیز:** ئێمە دوو جۆر هاوکاریمان لەگەڵ یەکدی هەیە، هاوکارییەک لە لێژنەی هاریکاری ئیسلامی تاوەکو ئێستا بەردەوامە و هەفتەی رابردوو من سەردانی مامۆستا عەلی باپیرم کرد. ئەویش پێی باش بوو ئەو لێژنەیە هەر بەردەوام بێ، بەڵام مەسەلەی لیستەکە، برایانی کۆمەڵ دەڵێن ئێمە پێشتر هەوڵمانداوە

> بۆ کورد واباشە چیدی بەشداری هەڵبژاردنی عێراق نەکات

سەری نەگرتووە. بۆیە سەربەخۆ دەبن.

**رووداو: لە کۆمەڵ بێهیوا بوون؟**

**عیرفان عەبدولعەزیز:** تاوەکو ئێستاش بۆ مەسەلەی کوردستان سەد لە سەد بێهیوایان نەکردووین، بەڵام بۆ عێراق ئەوان بە جیا دادەبەزن.

**رووداو: ئەوان قازانج دەکەن یان زەرەر ئەگەر نەیەنە نێو ئەو بەرەیە؟**

**عیرفان عەبدولعەزیز:** ئەو پەرتەوازەییە بە قازانجی کەسمان نابێ. لە دوو رووەوە. یەکەم: ئەوەی کە خەڵک ناحەقی نییە دەڵێن ئەو ئیسلامیانە لە کوردستان بوونیان چییە کە خۆیان هیچ پرۆژەیەکیان نەبێ و هەر لە پەراوێزی ئەم حیزب و ئەو حیزب بن، ئەی خۆیان چین؟! بۆیە زۆر گرنگە ئیسلامییەکان بۆ خۆیان پرۆژەیەکی سیاسییان هەبێ. هەمیش بێدەنگ نەبن لەو وەزعە سیاسییەی لە کوردستان هەیە. چونکە ئەو وەزعە هەم لە رووە دینییەکەیەوە هیچ میللەتێک نییە لەسەر رووی زەوی بەو جۆرە ئیهانە بە دینەکەی خۆی بکات. 95%ی ئەو گەلە موسوڵمانە و سوننەشە، ئایا دەکرێ لەسەر ئینتەرنێت ئەوها جنێو بە ئیسلام و قورئان و موقەدەساتی تۆ بدرێ. تۆش هەر دانیشی و بێدەنگ بی! دەکرێ ئیجازە بەو هەموو رێکخراوە گومانلێکراوە بدەی! لەدوای 2003 بە لێشاو رێکخراوی گومانلێکراو هاتوونەتە کوردستان. قوتابخانە دروست دەکەن، فکر و ئەخلاقی منداڵانمان تێکدەدەن، زانیاریمان هەیە رۆژنامە هەیە لەم وڵاتە پارەی باشی دراوەتێ بۆ ئەوەی دژایەتیی دین و ئەخلاقی ئەو میللەتە بکات.

**رووداو: کۆمەڵی ئیسلامی دەڵێت بەهۆی**

> چەند جارێک داوایان لێکردووین بچینە بەغدا، بەڵام رەتمانکردووەتەوە

**ئۆپۆزیسیۆنبوونەوە دەنگیان زیاد دەبێ، تەنانەت دەنگی ئێوە و یەکگرتووش دەبەن، پێتوایە ئەو لێکدانەوەیە راست بێ؟**

**عیرفان عەبدولعەزیز:** هێشتا هەڵبژاردن دەستی پێنەکردووە تا بزانین لێکدانەوەکەیان راستە یان نا. بە داخەوە لە کوردستانیش راپرسی نییە، بەڵام ئەوەی کە روویدا و بینیمان ئەو خۆپیشاندانانە کران رەحمیان بە کەس نەکرد.

**رووداو: کۆمەڵ لە بزووتنەوەی ئیسلامی جیابووەوە، ساڵ بە ساڵ دەنگەکەیان لە ئێوە زیاتر دەبێ، هۆکارەکەی چییە؟**

**عیرفان عەبدولعەزیز:** لە دوای 2001 کە ئەوان ئیعلانی خۆیان کرد، ئێمە بەهۆی ئەو کێشەیەی لەگەڵ یەکێتی هەمانبوو، لە گۆڕەپانەکە نەماین و چووینە دەرەوە. بۆیە گۆڕەپانەکە بۆ برایانی کۆمەڵ یەکلابووەوە، تا ساڵی 2008 گەڕاینەوە و دووبارە بزووتنەوەی ئیسلامیمان رێکخستەوە.

**رووداو: پەیوەندی مامۆستا عەلی باپیر لەگەڵ باوکی رەحمەتیتان باش نەبوو، لەگەڵ ئێوە پەیوەندی چۆنە؟**

**عیرفان عەبدولعەزیز:** ئێمە ئێستا پەیوەندیمان زۆر باش و زۆر ئاساییە، چەند جارێک لەگەڵ یەکدی دانیشتووین. ئێستا هیچ کێشەیەک لە نێوانماندا نییە.

**رووداو: لەبارەی دەنگەکانی بزووتنەوە ئێوە هیچ داتایەکتان هەیە کە دەنگەکانتان چی بەسەردێ؟**

**عیرفان عەبدولعەزیز:** مانگی ئایندە رەنگە راپرسییەک بکەین، ئەوکات بۆمان دەردەکەوێ قورسایی حیزبەکان چەندە؟

**رووداو: دەمێکە یەک کورسیتان هەیە، ئەمجارە کورسیی تێدەپەڕێنن؟**

**عیرفان عەبدولعەزیز:** ئێمە کە بزووتنەوەمان رێکخستەوە بەبێ تەلەفزیۆن و بەبێ هیچ شتێک لە پەرلەمانی کوردستان دوو کورسیمان هێنا،

> هێزی چەکدار دروست ناکەینەوە

بەڵام لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بەهۆی ئەو هەڵە ستراتیژییەی کرا، کە چوونە نێو لیستی هاوپەیمانی، من ئەوکات رابەر نەبووم، بەیانناممەم دەرکرد و خۆشم دەنگم نەدا. بۆ هەڵبژاردنی سێیەم خەڵک متمانەی بە بزووتنەوە نەمابوو، بۆیە کورسییەکمان هێنا.

**رووداو: ئێوە پێتانوایە نابێ ببنە هاوپەیمانی پارتێکی نائیسلامی؟**

**عیرفان عەبدولعەزیز:** ئێمە باوەڕمان بەوە هەیە هەماهەنگی و هاوکاری لەگەڵ هەموو حیزبەکان هەبێ، بەڵام ئێمە تەسەوراتی خۆمان جیایە. تەسەوراتی ئێمە دوو بەشە، بەشە دینییەکەی، هەم بەشە سیاسییەکەی. بەشە سیاسییەکەی دەکرێ تۆ هاوکاری لەگەڵ هەموو هێزێکی سیاسی بکەی، بەڵام بە مەرجێک ئەویش رێز لە ئاینەکەی تۆ بگرێ.

**رووداو: بۆچی بڕیارتان دا بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق نەکەن. پێتانوایە کورسی نامێنن؟**

**عیرفان عەبدولعەزیز:** نەخێر مەسەلە کورسی نییە. ئێمە لە بەغدا وەکو حیزب ناوی خۆمان تۆمار کردووە، بەڵام مەسەلەی عێراق زۆر ئاڵۆزە. دواتریش تۆ بەو شپرزەییە بچیتە بەغدا هیچ کاریگەرییەکت نییە، بۆیە وەکو بێزارییەک لەو بارودۆخەی لە کوردستان هەیە، وەکو بێزارییەک کە لە ئایندەدا رەنگە وا باش بێ کورد هەر بەشداری نەکات.

**رووداو: واتە دەتانەوێ ئەو وزەیەی لە عێراق سەرفی دەکەن، لە کوردستان سەرفی بکەن؟**

**عیرفان عەبدولعەزیز:** رەنگە ئەوەش هەبێ. بەڵام ئێمە لەو وەزعەی عێراق بێزارین. ئێمە دوو ساڵ لەمەوبەر گوتوومانە جیاوازی مالیکی و عەبادی و جەعفەری نییە. ئەوان بە یەک شێواز

> ساڵی 1995 بە نەوشیروان مستەفام گوت با یەک لەشکرمان هەبێ

کار دەکەن. ئەوە ئێمەین خۆمان دەخەڵەتێنین کە وادەزانین جیاوازن. ئەوەی عەبادی ئێستا دەیکات، لەوە دەچێ کە مالیکی مامەڵەی لەگەڵ کورد باشتر بووبێ. بۆیە ئێمە پێمانوایە ئەگەر لە بەغدا 70 کورسیشمان هەبێ، هەر وادەبێ.

**رووداو: لە عێراق تەوژمە ئیسلامییە شیعییەکان دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە. ئێوە وەکو لایەنێکی ئیسلامی دەنگتان زۆر بیستراو نەبووە بەرامبەر خروقاتەکانی بەغدا، بۆچی؟**

**عیرفان عەبدولعەزیز:** دوای 16ی ئۆکتۆبەر تەنیا حیزبێک بەبێ هیچ ریعایەتکردنێکی دیبلۆماسی، رەخنەی لەو بارودۆخە گرتبێ، ئێمە بووین. پێمانوایە ئەمریکا خۆی ئەو بارودۆخەی لە بەغدا دروست کردووە، هەر خۆی ئەو حاڵەتە تایفیەی دروستکردووە. بۆ مەرامێکی سیاسی خۆی.

**رووداو: ئەوان هەر بە سزادانی هەرێمی کوردستان نەوەستاون، ماوەیەکە هەڵمەتێکی قووڵی بە عەرەبکردن و دەرکردنی کورد دەستی پێکردووە، هەڵوێستی ئێوە چی بووە؟**

**عیرفان عەبدولعەزیز:** ئەوە پەیوەندی بە دوژمنەکانەوە نییە، ئەوە پلانی بەریتانیایە کە کاتی خۆی ئەو عێراقەی دروستکردووە، هەر خۆی بەرنامەی داناوە کە چۆن کورد نەهێڵێ. دەیەوێ وەکو سکۆتلەندای لێبکات، وەکو چۆن سکۆتلەندا هیچ وجودێکی نەماوە. نە دینی ماوە، نە زمانی. بە عێراق دەڵێ تۆش وا لە کورد بکە، سوود لە ئەزموونی ئێمە وەربگرە. ئەو عەقڵییەتە خێڵەکییەی لە نێو کورد هەیە، بە عەقڵییەتی ئەخلاقی سەیری دوژمنەکانی دەکات. پێیوایە دوژمنەکانی رەحمی پێدەکەن، دەبێ ئەو عەقڵیەتە فڕێبدەی.

> ئێستا پەیوەندیمان لەگەڵ مامۆستا عەلی باپیر زۆر باشە

**رووداو: واتە تۆ پێتوایە یارمەتیدەری دوژمن بووە؟**

**عیرفان عەبدولعەزیز:** خۆی لەو جۆرە عەقڵە بەڵێ. چونکە دەبێ خۆت مرۆڤ بی. خۆت ئیش بۆ خۆت بکەی، خۆت ستراتیژت هەبێ بۆ پاراستنی ئەمنی نەتەوەکەت، نەک بە تەما بی دوژمنەکەت رەحمەت پێ بکات.

**رووداو: پێشبینی دەکەی دۆخی عێراق بەو شێوەیەی ئێستا بمێنێتەوە یان چاوەڕێ دەکرێ ئاڵۆزتر بێ؟**

**عیرفان عەبدولعەزیز:** ئاڵۆزتر دەبێ. ئەو عەقڵییەتەی لە بەغدا هەیە ناتوانێ بەو شێوازە حوکم بکات. ئێستا عەقڵیەتێکی تایفی لە بەغدا هەیە. ئەوە سوننەی بەلاوە خستووە، خەڵکێک لەوێ تەمسیلی سوننە دەکات لەنێو سوننەدا ئەو مەشروعیەتەیان نییە، بەڵام ناچارن. ئەوەتا کوردیشی پەراوێز خستووە.

**رووداو: لەو باوەڕەدای پەراوێزخستنی کورد درێژە بکێشێ؟ کەی کۆتایی دێ؟**

**عیرفان عەبدولعەزیز:** هەر کاتێک کورد ستراتیژێکی هەبێ بۆ خۆی. سەیری ئەمریکا بکە، لەو رۆژەوەی هەیە ستراتیژێکی رۆشنی هەیە، شەرم لە کەس ناکات و دەڵێت من دەوڵەتێکی مەسیحی پرۆتستانتم، تەبشیر دەکەم لە هەموو جیهاندا. بەس ئەمانەی خۆمان چەند جار هاوارمان کرد کە ستراتیژێکی رۆشنیان نییە، نازانین کورد چییە. دواتریش ئەو بارودۆخەی لە کوردستان هەیە، ئەم مەسەلەی دوو حیزبی و دوو ئیدارەییە، چەکی پێیە و ئاسایشی هەیە. دوو جۆر قسەی هەیە. تۆ بینیوتە لە جیهاندا شتی وا هەبێ. شارێکی وەکو کەرکووک وەکو ماراسۆن بە سەعاتێک چۆڵ بکرێ.

**رووداو: هۆکاری ئەمە چی بوو؟**

**عیرفان عەبدولعەزیز:** هۆکاری ئەوەیە کە ئەوان باش ئێمە دەناسن. ستراتیژێکی قیتالیمان نییە.

> مانگی داهاتووراپرسییەک دەکەین

عەقیدەی سەربازیمان نییە. لەوە دەچێ ئەگەر بێن بتوانن هەموو شارەکانی کوردستان بگرن.

**رووداو: ئێوە پارتێکن وجودتان نەبووە لە کەرکووک، هیچ پلانێکتان بۆ ئەو شارە هەیە؟**

**عیرفان عەبدولعەزیز:** وجودمان هەیە، من لە کاتی راپەڕین لە کەرکووک بووم. زۆربەی شوێنە ستراتیژییەکان بە دەستی ئێمەوە بوو. لە دوای 2003 بارەگامان هەبوو، بەڵام بۆ ئەوەی بەریەککەوتنمان لەگەڵ ئەمریکییەکان نەبێ، خۆمان باش پیشان نەدەدا. ئێستاش مەڵبەندمان لەوێ هەیە و جێمان نەهێشتووە.

**رووداو: بۆچی لە کەرکووک مانەوە، کەرکووک بە شارێکی داگیرکراو نازانن؟**

**عیرفان عەبدولعەزیز:** سەرەتا دوو سێ رۆژ بەجێمانهێشت. بەڵام تۆ ناکرێ ئەو خەڵکەی خۆت بەجێبێڵی. بەڵێ وەکو پرسەیەک وابوو کە ئەو شارە لەلایەن هێزێکەوە داگیرکراوە. ئەو هێزە هێزی حکومەتی عێراق نەبووە بە رێککەوتن بێت، بەڵکو بە فێڵ هاتووە. بەڵام خۆشمان هیچ بەرگرییەکمان لەو شارە نەکرد، هەتا ئەوەی کەوا هیچ نەبێ پیشانی بدەی بۆ جیهان بەرگری دەکەی. بۆچی دوو رۆژ بەرگرییان نەکرد. ئێمە رامانگەیاند کە خۆشم ئامادەم بچم بۆ کەرکووک.

**رووداو: ئێوە هێزی چەکدارتان لە کەرکووک هەیە؟**

**عیرفان عەبدولعەزیز:** هەر کاتێک بمانەوێ پەیدا دەبێ.

**رووداو: لە بەرنامەتاندا هەیە جارێکی دیکە هێزی چەکدارتان هەبێ؟**

**عیرفان عەبدولعەزیز:** نەخێر، دەبووایە کاک نەوشیروان لە یاداشتەکانی خۆیدا ئەوەی بنووسیبایە کە لە ساڵی 1995 من وەکو بزووتنەوە و ئەویش وەکو یەکێتی بە یەکەوە

> بەغدا تاکاتی هەڵبژاردن یاری بە کات دەکات

دانیشتین، گوتمان سێ چەک دژی بەعس شەڕمان کردووە با ئەو سێ چەکە بکەین بە یەک چەک، یەک لەشکر دروست بکەین بۆ کوردستان. ئێمە ئەوکات ئامادەبووین چەکمان نەبێ. بەڵام بە داخەوە نەکرا. ئێستاش پێمانوایە دەبێ یەک چەک و یەک لەشکر لە کوردستان هەبێ، چونکە لە هەر شوێنێک بوو بە دوو چەک سەرکەوتوو نابین.

**رووداو: پێتوایە ئەوەی لە کەرکووک روویدا هۆکارەکەی ئەو دوو چەکییە بوو؟**

**عیرفان عەبدولعەزیز:** سەد لە سەد، ئەوە قاعیدەیەکی سەربازییە لە هەر شوێنێک دوو ئاراستە هەبوو. با هێزەکەش گەورە بێ، فەشەل دێنێ.

**رووداو: بزووتنەوە پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ وڵاتە سوننەکانی ناوچەکەدا هەیە، بۆچی لەکاتی ئەو بارودۆخەی بەسەر کوردستان هات، ئەو پەیوەندیانەی نەخستە خزمەتی کوردستانەوە؟**

**عیرفان عەبدولعەزیز:** خراوەتە خزمەتی کوردستانەوە. بەڵام دەوڵەتداری ئەوها ناکرێ. تۆ کە کیانێکت هەبوو دەبێ ستراتیژت هەبێ بۆ پاراستنی ئەو خەڵکەی لە نێو ئەو کیانەدا دەژی. پاراستنی نەتەوەکەت لەرووی ئەمنی، ئابووری، سیاسی، فەرهەنگی. جا ئەو کیانەی ئێمە ئەو ستراتیژییەی نەبوو. کە تۆ ستراتیژ دانانێی، من بەشدار ناکەی لەو ستراتیژە. من نازانم تۆ چی دەکەی، تۆ چ بەڵێنێکت پێدراوە. هەر لە خۆمەوە بەرگری چیت لێ بکەم.

**رووداو: ئەوەت پێ باشە کە لایەنەکانی باشووری کوردستان بە جیا لەگەڵ ئەم لایەن و ئەم دەوڵەت دادەنیشن؟**

**عیرفان عەبدولعەزیز:** نەک هەر باش نییە، ئەوە کارەساتە. تۆ باسی شارێک دەکەی و دەڵێی دڵ و قودسی کوردستانە. کێ داگیری کردووە؟ بە فەرمانی عەبادی بووە. باشە بە قسەی خۆیان 100 پێشمەرگە نەکوژراوە؟ کێ کوشتوونی؟ باشە ئێستا خەڵک چۆن تەماشای ئێمە دەکات کە حیزبەکانی باشووری کوردستان هەموویان واستە دەکەن بچن دەستی عەبادی ماچ بکەن.

**رووداو: هەموویان یان هەندێکیان؟**

**عیرفان عەبدولعەزیز:** بینیمان گشتیان رۆیشتن، تەنیا ئێمە نەچووین.

**رووداو: ئێوە ناچن؟**

**عیرفان عەبدولعەزیز:** ئەبەدەن. با بزانن ئێمە لەگەڵ عەبادی ئاشنایەتیشمان هەیە، لەگەڵ مالیکی و جەعفەریش هەمانبووە.

**رووداو: ئێستا ئەگەر عەبادی داوای دیدارتان لێ بکات ناچن؟**

**عیرفان عەبدولعەزیز:** چەند جارێک داوایان لێکردووین نەچووین، چونکە ئێمە وەکو پرەنسیپ ئەو وەزعەی بەغدامان پێ قبوڵ نەبووە. دووەم پێم بێ شەهامەتییە ئەو شارێکی داگیرکردووی و ئەو هەموو خەڵکەی لێ کوشتووی، ئێستا بچی دەستی ماچ بکەی. ئەو عەقڵە خێڵەکییە ئەوەی باشە کە شەهامەتێکی هەیە، ئەوان ئەوەشیان نەکردووە.

**رووداو: پێشبینیت چییە بۆ داهاتووی ئەو پەیوەندییە، بە کوێ دەگەن، ئەگەر عێراق بەو شێوەیە بەردەوام بێ لەسەر نەناردنی مووچە و ئەو ئابڵوقەیەی خراوەتە سەر هەرێمی کوردستان، دۆخی کوردستان و عێراق چی لێدێ؟**

**عیرفان عەبدولعەزیز:** بۆ بەغدا تا سەر وا ناڕوات. کوردستانیش ئەگەر هەر بەو عەقڵییەتە بەردەوام بێ رەنگە قازانجیش بکات. رەنگە ئەو هێزە رۆژئاواییانە بۆیان دەربکەوێ کە خەتای کوردستان نییە حەز دەکات لە عێراق جیاببێتەوە، ئەوە عێراقە تۆی ناوێ، ئەوە عێراقە درۆت لەگەڵ

> هێشتالە کۆمەڵی ئیسلامی بێ هیوا نەبووین

دەکات. ئەوە عێراقە چەند مانگە دەڵێ مووچە دەنێرم و راست ناکات.

**رووداو: پێتوایە یاری بە کات دەکەن؟**

**عیرفان عەبدولعەزیز:** بەڵێ یاری بە کات دەکات هەتا هەڵبژاردن. بە قسەکانیان دیارە دەیانەوێ هەتا هەڵبژاردن ئەو بارودۆخە وا بڕوات، هەموویان گرەو لەسەر هەڵبژاردن دەکەن، گرەو لەسەر ئەوە دەکەن کامیان زیاتر دژایەتی کورد بکات بۆ ئەوەی لەوێ دەنگی زیاتر بهێنێ.



## ئامادەکاریی دەکرێت بۆ کردنەوەی فڕۆکەخانەکانی کوردستان

**ڕووداو- هەولێر**

جەلال شێخ کەریم ، بریکاری وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان ، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ماوەیەکە نوێنەرانی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی فڕۆکەوانیی عێراق لە فڕۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستانن. هەموو شتێکیان بۆ دابینکراوە و ئاسانکاریشیان بۆ کراوە تاوەکو ئامادەکاریی بکەن بۆ کاتی کردنەوەی فڕۆکەخانەکان". جەلال شێخ کەریم گوتیشی "هیچ پاساوێک نەماوە بۆ بەردەوامیی داخستنی فڕۆکەخانەکان، لەمە زیاتر تەنیا یاریکردنە بە کات". بۆ کردنەوەی فڕۆکەخانەکان، بەغدا مەرجی داناوە کە هێزێکی عێراقی کۆنترۆڵی دەروازە زەمینی و ئاسمانییەکانی کوردستان بکات، بەڵام کوردستان ئەو داوایەی بەغدای ڕەتکردووەتەوە.

## 672 گیراوی دیکە هێشتا لەژێر لێکۆڵینەوەدان

# هەرێمی کوردستان دۆسیەی 1100 گیراوی داعشی یەکلایی کردووەتەوە

**ڕووداو - هەولێر**

هەفتەی ڕابردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان بانگەشەی ڕێکخراوی چاودێریی مافەکانی مرۆڤی لەبارەی کۆمەڵکوژییەک ڕەتکردەوە کە گوایە دەرحەق بە ژمارەیەک گیراو بە تۆمەتی ئەندامێتی داعش ئەنجامدراوە.

ڕێکخراوەکە، هێزەکانی پێشمەرگەی بەوە تۆمەتبار کردبوو کە لە ڕۆژانی 28ی ئاب تاوەکو سێی ئەیلولی 2017 ژمارەیەک خەڵکی بە گومانی پەیوەندی لەگەڵ داعش دەستگیر کردووە و پاشان کۆمەڵکوژی کردوون. بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان وێڕای ڕەتکردنەوەی ڕاپۆرتەکە، دەڵێت ئەوانە داعش بوون و لە شەڕدا کوژراون و دواتر لەو شوێنەدا بەژێر خاکەوە کراون.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی چاودێریی مافەکانی مرۆڤ(HRW) ) "هێزەکانی پێشمەرگە ژمارەیەک پیاویان لە قوتابخانەیەک لە ساحل ئەلمەلیحە (70 کیلۆمەتر دووری مووسڵ) دەستبەسەر کردبوو، دواتر بەندکراوەکانیان بۆ دوو شوێن لە نزیک زوممار گواستووەتەوە و لەوێ کوشتوویانن".

ڕێکخراوەکە ئەمە بە "تاوانی جەنگ" ناودەبات و داوا دەکات ئەنجامدەرانی دادگایی بکرێن.

ڕێکخراوەکە لەگەڵ شایەتحاڵەکانی ڕووداوەکە قسەی نەکردووە، بەڵکو زانیارییەکانی لە "نەدیم" ناوێک و ژمارەیەک دانیشتووی گوندێکی نزیک شوێنەکە وەرگرتووە.

نەدیم بە ڕێکخراوەکەی ڕاگەیاندووە کە ئەو ڕۆژی 29ی ئاب سەردانی یەکێک لە شوێنەکانی کردووە و لەوێ تەرمی نزیکەی 30 کەسی بینیوە. پاشان چاودێریی مافەکانی مرۆڤ لە ڕۆژانی 30ی کانوونی دووەم و شەشی شوبات سەردانی شوێنەکەیان کردووە. بەگوتەی نەدیم هەمان ڕۆژیش هاوڕێیەکی لە ئاسایش پێی ڕاگەیاندووە کە شەوی 28ی مانگ لەگەڵ ئەندامانی دیکەی لقی ڕۆژئاوای ڕووباری دیجلەی ئاسایش 80 گومانلێکراوی داعشیان لە گرتووخانەی شیلکیە بردووە و 50 کەسیان لە گوندی تەل ئەحمەد ئاغای کەبیر و ئەوانی دیکەشیان لە دەرەوەی گوندی بەردیە کوشتووە.

دیندار زێباری، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان، لە وەڵامی ڕاپۆرتی چاودێریی مافەکانی مرۆڤ، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە تەرمەکان دەشێت تەرمی کوژراوانی شەڕی داعش بن. وەڵامەکەی زێباری پشت بە ڕوونکردنەوەی ئاشتی کۆچەر، بەرپرسی ئاسایشی ناوچەکە دەبەستێ.

بە گوتەی بەرپرسەکەی ئاسایش، داعش بە درێژایی 71 کیلۆمەتر لە نێوان حەردان، عەیازییە و تەلعەفەر جموجۆڵیان دەکرد و هەوڵیان دەدا بە زەبری شەڕ ئاویوی سووریا ببن. لەو شەڕەشدا هێزەکانی پێشمەرگە هەوڵیانداوە ڕێگە نەدەن چەکدارانی داعش رابکەن.

لە بەشێک لە وەڵامەکەی زێباریدا هاتووە: "هێزەکانی پێشمەرگە بەهیچ شێوەیەک بە شەڕ بەرەنگاری ئەو ئەندامانەی داعش نابنەوە کە خۆیان ڕادەست دەکەن، بەڵکو ئەمە تەنیا لە حاڵەتێکدا ڕوودەدات کە ئەوان (داعشەکان) پڕچەک بن و شەڕ بکەن یان لە هەوڵی ئەنجامدانی تەقینەوەی خۆکوژیدا بن". بە گوتەی زێباری لەو شەڕ و پێکدادانەدا ژمارەیەکی زۆر کوژراو لە هەردوو لایەن هەبوون "دوور نییە تەرمی داعشە کوژراوەکان هی ئەو شەڕانە بووبن و هێنرابن بۆ ئەو ناوچەیە و لەوێ نێژرابن".

سەبارەت بە ڕووداوی قوتابخانەکەی زوممار و سحێلا، لە وەڵامەکەی زێباریدا هاتووە لەو ناوچەیە "ئافرەتێکی خۆکوژ هێرشێکی لە دەرەوەی قوتابخانەیەک کرد کە تازە ئاوارەکانی تێدا نیشتەجێ کرابوون". ڕووداوەکەش ڕۆژی 28ی ئابی 2017 بووە. بە گوێرەی زێباری "چەند سەرچاوەیەک بە هەڵە هێزەکانی پێشمەرگەیان بەوە تۆمەتبار دەکرد کە لە دوای ئەو هێرشە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی تەقەیان لە گومانلێکراوانی داعش کردووە".

لە وەڵامەکەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکاندا ئاماژە بە وەڵامی دەزگا ئەمنییەکانی کوردستان کراوە کە تێیدا هاتووە: "پێش هێرشەکە، هێزەکانی پێشمەرگە هەوڵیان دا لەگەڵ خۆکوژەکە دانوستاندن بکەن" تاوەکو پەشیمانی بکەنەوە. هاوکات لەگەڵ هەوڵەکان بۆ ڕازیکردنی خۆکوژەکە، هێزەکانی پێشمەرگە خەریکی ڕاگواستنی خەڵکەکە بوون بۆ دیوێکی دیکەی قوتابخانەکە. خۆکوژە ئافرەتەکە دواجار لەبەردەم قوتابخانەکەدا خۆی تەقاندبووەوە، بەڵام هێزەکانی پێشمەرگە توانیبوویان خەڵکەکە ببەنە شوێنێکی پارێزراو.

بەپێی وەڵامەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەو هێرشەدا پێشمەرگەیەک بووەتە قوربانی و دووی دیکەش بریندار ببوون. لە دوای هێرشەکەش، هێزەکانی پێشمەرگە داوای هێزی زیاتریان کردبوو بۆ ئەوەی ئاوارەکان بپارێزن و بارگرژییەکە هێور بکەنەوە. وەڵامەکە جەخت لەوەش دەکاتەوە کە "لە دوای ڕووداوەکە، پێشمەرگە بەرپەرچدانەوەی نەبوو".

### چارەنووسی گیراوەکانی داعش

پێشتر بۆ دۆسیەی لایەنگران و ئەندامانی داعش پشت بە مادەی سێی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری ساڵی 2006 دەبەسترا، بەڵام چیدی کار بەو یاسایە ناکرێت. بۆیەش بۆ لێپرسینەوە و دادگاییکردنی لایەنگران و ئەندامانی داعش پشت بە یاسای ژمارە 111ی یاسای سزادانی عێراقی دەبەسترێ کە ساڵی 1969 دەرچووە و لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە هەموار کراوەتەوە.

لە بەشێک لە وەڵامەکەی دیندار زێباریدا بەپێی داتاکانی ئەنجوومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان ئاماژە بە ژمارەی ئەو گیراوانەی داعش دەکرێت کە لەسەرەتای شەڕی دژی داعشەوە لە پارێزگای کەرکووک دەستگیرکراون و بەم شێوەیەی خوارەوەن:

لە ساڵی 2014دا 115 گومانلێکراوی داعش دەستگیرکراون، 33 کەسیان لێپرسینەوەیان لەگەڵ کراوە و پێنج کەسیشیان بڕیار لەسەر دۆسیەکەیان دراوە.

لە ساڵی 2015دا 182 گومانلێکراوی داعش دەستگیرکراون، 78 کەسیان لێپرسینەوەیان لەگەڵ کراوە و 23 کەسیان سزا دراون.

لە ساڵی 2016دا 83 کەس دەستگیرکراون، 20 کەسیان لێپرسینەوەیان لەگەڵ کراوە و حەوت کەسیان بڕیاریان لەسەر دراوە.

هەروەها لە نیوەی یەکەمی ساڵی ڕابردوودا 19 کەس دەستگیرکراون کە شەش کەسیان لێپرسینەوەیەن لەگەڵ کراوە، بەڵام هیچکامیان بڕیاریان بۆ دەرنەچووە.

لە ماوەی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی حەویجەدا لایەنگر و ئەندامی داعش لەجیاتی ئەوەی خۆیان بدەنە دەست سوپای عێراق و هێزەکانی حەشدی شەعبی، خۆیان ڕادەستی پێشمەرگە دەکرد. وەکوو زێباری ئاماژەی بۆ دەکات، تەنانەت یەک کەسیش لە دەستبەسەرکراوەکان لە ئاسایشی کەرکووک ڕانەگیراون، بەڵکو بەهۆی نەبوونی گرتووخانەوە ڕەوانەی دەزگا ئەمنییەکانی کوردستان لە هەولێر کراون.

بەشێک لە ڕاپۆرتەکەی (HRW) بە پشتبەستن بە گوتەکانی نەدیم و خەڵکی ناوچەکە ڕەخنە لە مامەڵەی هێزە ئەمنییەکان لەگەڵ گومانلێکراوەکانی نێو قوتابخانەی ساحل ئەلمەلیحە دەگرێت. زێباری لە بەرامبەردا ئاماژە بۆ ئەو ڕێوشوێن و پشکنینانە دەکات کە هێزە ئەمنییەکانی کوردستان لەگەڵ ئاوارە تازە گەیشتووەکاندا دەیکات، ئامانجیش لەو ڕێوشوێنە ئەوەیە ڕێگە نەدەن داعش لەناو ئاوارەکاندا بێتە ناو هەرێمی کوردستان.

بەگوێرەی وەڵامەکەی زێباری، لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا 2652 کەس بە تۆمەتی پەیوەندیدار بە داعشەوە دەستگیرکراون، لەو ژمارەیە 1100 کەسیان تاوانبار دەرچوون و بەپێی قەبارەی بەشدارییان لە تاوانەکانی داعش سزادراون کە هەندێکیان بەندکردنی هەتا هەتاییان بۆ بڕاوەتەوە. هەروەها 870 کەس لە گیراوەکان بێتاوان دەرچوون و ئازادکراون و 672 کەسیشیان تاوەکو ئێستا لەژێر لێپرسینەوەدان.



لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا 2652 کەس بە تۆمەتی پەیوەندیدار بە داعشەوە دەستگیرکراون (فۆتۆ: AFP)

# مەنبج مەیدانی ململانێی داهاتووی ئەمریکا و تورکیا

ژەنەڕاڵێکی ئەمریکی

## هەر لایەنێک لێمان بدات بە توندی وەڵامی دەدەینەوە

**ڕووداو - هەولێر**

لەگەڵ درێژبوونەوەی ماوەی هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر عەفرین، گرژییەکانی نێوان واشنتن و ئەنقەرە توندتر دەبن، چەقی ناکۆکییەکانیش لە مەنبجە کە تورکیا بە دوا ئامانجی هێرشەکانی عەفرین ناوی دەبات. لە بەرامبەردا ئەمریکا هۆشداری داوە کە هێرش بۆ سەر ئەو ناوچەیە کاردانەوەی توندی بەدوادا دێت. دوایین ئاماژەی ئەمریکاش بۆ ئاگادارکردنەوەی تورکیا ناردنی دوو ژەنەڕاڵی پایەبەرز بوو بۆ مەنبج.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی (نیویۆرک تایمز)، ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو ژەنەڕاڵ جەیمی جێرارد و ژەنەڕاڵ پۆڵ فانک سەردانی بنکەیەکی هێزەکانی ئەمریکایان لە مەنج کردووە. ئۆتۆمبێلە سەربازییەکەشیان ئاڵای گەورەی ئەمریکای پێوە بووە بۆ ئەوەی هێزەکانی قەڵغانی فورات تەقەیان لێنەکەن. هێزەکانی قەڵغانی فورات لەلایەن تورکیاوە پشتگیری دەکرێن و لە ئەیلولی 2016ەوە بە پاڵپشتی تورکیا لە جەرابلوسەوە تاوەکو نزیک شاری مەنبج پێشڕەوییان کرد.

ژەنەڕاڵ جێرارد کە فەرماندەی هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەتی ئەمریکا لە سووریا و عێراقە، دەڵێت "ئێمە شانازی بە بنکەکانی خۆمان لە مەنبج دەکەین، دەشمانەوێت هەموو کەس لەوە ئاگادار بێت". ژەنەڕاڵ فانک، فەرماندەیەکی باڵای هاوپەیمانانیش دەڵێت "ئەگەر ئێوە لێمان بدەن، ئێمەش بە توندی وەڵامتان دەدەینەوە". مەبەستی فانک هێزەکانی قەڵغانی فورات بوو کە سەنگەرەکانیان تەنیا چەند مەترێک لە سەنگەری هێزە ئەمریکییەکانەوە دوورە.

مانگی ڕابردوو ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا هەڕەشەی کرد کە چەکدارانی سوپای ئازاد تاوەکو سنووری ڕۆژهەڵاتی سووریا لە هێرشەکانیان بەردەوام دەبن. بەڵام مەنبج و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی سووریا ناوچەی دەسەڵاتی هێزەکانی ئەمریکان. لە کاتی هەڕەشەکانی ئەردۆغانەوە ئەوە یەکەمجارە دوو فەرماندەی باڵای هێزەکانی ئەمریکا سەردانی ئەو ناوچەیە بکەن.

شاری مەنبج و ناوچەکانی دەوروبەری لە 26ی ئابی 2016 بە هاوبەشی لەگەڵ هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) و هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمریکا کۆنترۆڵ کرایەوە. لە ماوەی یەک ساڵ و نیوی ڕابردووشدا هێزەکانی ئەمریکا پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان لەگەڵ خەڵک و ئەنجوومەنی ئیداریی شارەکە دروستکردووە. بۆیەش ژەنەڕاڵ جێرارد بە (تایمز)ی ئەمریکی دەڵێت "لە هەموو شوێنێکی باکووری ڕۆژئاوای سووریا زۆر ئاسوودەم".

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، ژەنەڕاڵ فانک لەگەڵ محەممەد عادل، فەرماندەی ئەنجوومەنی سەربازیی مەنبج کۆبووەتەوە و پێیگوتووە ئەرکی سەربازە ئەمریکییەکان ئەوەیە شکستەکەی داعش درێژخایەن بێت. ڕاشیگەیاندووە "ئێستا ناوچەکە لەدەستی ئێوەدایە و ئێوەش کاری خۆتان بە باشی دەکەن". محەممەد عادل داوای کردووە هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمریکا بۆ پشتیوانی لە هەسەدە بەردەوام بن، بەڵام فانک هیچ وەڵامێکی ڕاشکاوی نەداوەتەوە.

لە دیوی ڕۆژئاواوە مەنبج 80 کیلۆمەتر لە عەفرینەوە دوورە، بەرگریی لە شارەکە لە ئەستۆی ئەنجوومەنی سەربازیی مەنبجە کە هاوپەیمانی هەسەدەیە، بەڵام لە بڕیارەکانیدا سەربەخۆیە و زۆربەی چەکدارەکانی عەرەبن، تورکیا دەڵێت ئەنجوومەنی سەربازیی مەنبج، هێزەکانی سووریای دیموکرات و یەپەگە هەموو یەک هێزن لەژێر سێ ناوی جیاوازدا.

ژمارەیەک کاربەدەستی سەربازیی کۆشکی سپی ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن نیگەرانییەکانی ئەوان تەنیا پەیوەندی بەوەوە نییە کە ڕەنگە پێکدادان لە نێوان هێزەکانی ئەنجوومەنی سەربازیی مەنبج و هێزەکانی سەر بە تورکیا ڕووبدات و لەوێشەوە بەرژەوەندییەکانی ئەنقەرە و واشنتن تێکبگیرێن، بەڵکو دەتوانێت کێشەی گەورە بۆ هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ کۆنترۆڵکردنی تەواوی ڕۆژهەڵاتی ڕووباری فورات دروستبکات.

هەفتەی ڕابردوو ئەنجوومەنی سەربازیی سووریا کە گرووپێکی زۆرینە سریانە، لە تویتێکدا ڕایگەیاند کە بڕیاریان داوە هێزی پشتیوان بۆ عەفرین بنێرین، بۆ ئەوەی لە بەرامبەر هێرشەکانی تورکیا "بەرگریی لە خەڵکی عەفرین بکەن". ژمارەیەکی زۆری شەڕڤانەکانیش لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕایانگەیاندووە کە بەنیازن ڕوو لە عەفرین بکەن.

بەرپرسانی سەربازیی ئەمریکا بە ڕۆژنامەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکییان ڕاگەیاندووە کە سەتان شەڕڤانی کورد و سریانی ڕۆژهەڵاتی سووریایان جێهێشتووە و بەرەو عەفرین چوون. ئەمریکییەکان نیگەرانن لەوەی جووڵەی هێزە کوردی و سریانییەکانی دژی داعش ئەرکی گەڕاندنەوەی سەقامگیری و ئاسایش بۆ ناوچە کۆنترۆڵکراوەکان لەدەست داعش قورس بکات.

جەنیفەر کافارێللا، شارەزای کاروباری سووریا لە پەیمانگای لێکۆڵینەوە لە شەڕ، بە (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی گوت: "تورکیا هێزەکانی سووریای دیموکراتی تووشی شەڕێکی ناوچەیی کردووە و هەر ئەمەش ڕێگرە لەوەی هەسەدە بتوانێت ئەرکی گەڕاندنەوەی سەقامگیری بۆ ناوچە تازە ئازادکراوەکان و بەرەنگاربوونەوەی شانەکانی داعش بە تەواوەتی جێبەجێ بکات". ئێستا هێزەکانی سووریای دیموکرات ئەرکی دابینکردنی ئاسایش و سەقامگیری ڕەققەیان لە ئەستۆیە کە لە ئۆکتۆبەری ساڵی ڕابردووەوە ڕزگارکراوە. ئەم هێزانە تاوەکو کاتی دامەزراندنی ئەنجوومەنی سەربازی و ئیداریی ڕەققە ئەو ئەرکەیان لەسەرشان دەبێت، بەڵام بەرسانی پێنتاگۆن کە بۆ ڕۆژنامەکە دواون، نیگەرانن لەوەی ژمارەی ئەو شەڕڤانانەی ناوچە ئازادکراوەکان بەرەو عەفرین جێدەهێڵن زیاد بکات.

زیاتر لە سێ هەفتە بەسەر هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر عەفرین تێدەپەڕێت کە لە تورکیا بە "ئۆپەراسیۆنی چڵە زەیتوون" ناسراوە. ناوچەی عەفرین لە بەشەکانی دیکەی "ڕۆژئاڤا" دابڕاوە و لەژێر هەژموونی ئاسمانی و سەربازیی ئەمریکادا نییە، ڕووسیاش لە بەرامبەر هێرشەکانی سەر عەفرین بێدەنگی هەڵبژاردووە. تورکیا ئیدارەی ڕۆژئاڤای کوردستان بە هەڕەشەیەکی ئەمنیی درێژخایەن لەسەر وڵاتەکەی دەزانێ، چونکە پێیوایە ئەو ئیدارەیە قووڵاییەکی ستراتیژی بە پەکەکە دەبەخشێ.

ژەنەڕاڵ جێرارد نەک هەر پێیوایە هێزە کوردییەکان ئیدارەیەکی باشیان بۆ مەنبج داناوە، بەڵکو دەڵێت: "من تاوەکو ئێستاش لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو هێزانەدا، هیچ ئاماژەیەکم نەبینیوە وای دەربخات لەگەڵ پەکەکە یەک شتن".



ژمارەیەک چەکداری ئەنجوومەنی سەربازی مەنبج لەگەڵ هێزێکی تایبەتی ئەمریکی لە هێڵەکانی پێشەوەی شەڕ

### دەڵێت حەشدی شەعبی نۆ تانکی ئەبرامزی دەستکەوتووە

### هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق لە ڕاپۆرتێکدا:

# کەرەستە سەربازییەکانمان کەوتوونەتە دەست بەکارهێنەری ڕێگەپێنەدراو



تانکێکی ئەبرامز بە دەست چەکدارانی حەشدی شەعبییەوە

**ڕووداو – هەولێر**

هێزەکانی ئەمریکا لە هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دژی داعش، لە ڕاپۆرتێکدا کە تایبەتە بە عێراق، دەڵێت گشتپرسییەکەی 25ی ئەیلولی ڕابردوو لە هەرێمی کوردستان و لێکەوتەکانی، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش لە عێراق هەبووە. هەر بەپێی ڕاپۆرتەکە دەسەڵاتی هێزەکانی حەشدی شەعبی و نفووزی ئێران لە عێراق، کاریگەری لەسەر سەقامگیریی عێراقی پاش داعش دەبێت.

## پێشەکی

وەکوو نەریتێک، هێزەکانی ئەمریکا بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش ناسراو بە (OIR)، هەموو سێ مانگ جارێک ڕاپۆرتێکی وەرزی لەسەر کار و چالاکییەکانی خۆیان و تەنگژەکانی بەردەمیان ئاراستەی کۆنگرێسی ئەمریکا دەکەن. ڕاپۆرتەکەی ئەمجارەیان لەسەر ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی یەکی تشرینی یەکەم تاوەکو 31ی کانوونی یەکەمی 2017یە و لەسەر سێ ناوچەی جیاواز چڕکراوەتەوە: عێراق، سووریا و فیلیپین. لێرەدا زیاتر پرسەکانی پەیوەندیدار بە عێراق دەخەینە بەر دیدەی خوێنەرانی (ڕووداو).

ڕاپۆرتەکەی (OIR) باس لە پێنج بواری سەرەکی دەکات کە بە بواری ستراتیژیک ناسراون و بریتین لە: ئاسایش، حوکمڕانی و کۆمەڵگای مەدەنی، هەوڵەکانی گەڕاندنەوەی سەقامگیری، پشتگیری لە هێزەکان و هاریکارییە مرۆییەکان.

## پرسی ئاسایشی عێراق

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە لە چارەکی کۆتایی 2017 دا ژمارەی "قوربانیانی مەدەنیی تیرۆر" بۆ 300 کەس دابەزیوە، توندوتیژی و تەقینەوە لە بەغدا و شارە گەورەکان کەمی کردووە.

> **سوپای عێراق هێشتا ئامادە نییە بۆ شەڕ**

یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەمەش بۆ زیادکردنی هێزە ئەمنییەکان دەگەڕێتەوە کە بەپێی ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا "نیگەرانیی دروستکردووە"، بۆ نموونە "دانیشتووانی فەللوجە گازندەی ئەوەیانە ڕێوشوێنە ئەمنییەکان ژیانی لێ سەخت کردوون و ئەو هەستەی پێداون کە حکومەتی زۆرینە شیعەی عێراق سیاسەتی هەڵاوێردن لە دژی سوننەکان پەیڕەو دەکات".

بەپێی ڕاپۆرتی وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا، گشتپرسی هەرێمی کوردستان و پاشان هێرشەکانی 16ی ئۆکتۆبەر بۆ سەر ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان لەلایەن حەشدی شەعبی و سوپای عێراقەوە "کاریگەریی نەرێنییان لەسەر هەوڵەکانی لەناوبردنی داعش داناوە". چونکە ئاراستەی چالاکییەکانی هێزەکان و هەوڵەکانی هاوپەیمانانی گۆڕی.

ڕاپۆرتەکەی (OIR) جەخت دەکاتەوە لەوەی ئەگەرچی پلاندانان بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش هەر بەردەوام بووە، بەڵام ڕووداوەکانی مانگی ئۆکتۆبەری ڕابردوو لەلایەکەوە ژمارەی هێزەکانی

> **داعش لە بیابانەکانی ئەنبار خەریکی ڕاهێنان و دانانی پلانی هێرشە**

ئۆپەراسیۆنەکانی دژی داعشی لە عێراق کەمکردەوە و لەلایەکی دیکەشەوە وایکرد بەرپرسانی باڵای حکومەتی ئەمریکا "کات بۆ نێوەندگیری لە نێوان بەرپرسانی عێراق و کورد تەرخان بکەن، لەبری ئەوەی خەریکی دانانی پلان بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش بن".

> **حەشدی شەعبی تەحەددای گەورەیە بۆ ئاشتەوایی نیشتمانی**

## هەڕەشەی داعش

ڕۆژی 9ی کانوونی یەکەمی 2017، حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق سەرکەوتنی یەکجارەکی بەسەر داعشدا لە عێراق ڕاگەیاند، بەڵام بەرپرسانی ئەمریکی لە پیرۆزباییەکانی خۆیاندا جەختیان لەوە کردەوە کە داعش وەکوو هەڕەشەیەک لە عێراق و ناوچەکەدا ماوە. وەزارەتی بەرگریی ئەمریکاش پێشبینی دەکات داعش بیابانەکانی ئەنبار بۆ ڕاهێنانی چەکدار، دروستکردن و گواستنەوەی چەک و دانانی پلانی هێرش بەکاربهێنێ.

هەرچەندە 2017 بە ساڵی تێکشکانی خەلافەتی داعش ناسراوە، بەڵام لە سێ مانگی کۆتایی 2017دا ڕەوشی ئاسایش لە زۆر ناوچەی عێراق بە لاوازی ماوەتەوە. ڕاپۆرتەکەی (OIR) ئاشکرای دەکات کە تەنیا لە تشرینی یەکەمی ڕابردوودا هێزە ئەمنییەکانی عێراق زیاتر لە 880 بۆمبی چێنراو، 3500 گوللە تۆپ، 140 ئێلەگی بۆمبڕێژکراو، 15 کارگەی بۆمبی چێنراو، 143 هاوەن و 20 تونێلیان دۆزیوەتەوە و لەکاریان خستوون.

لە ماوەی چارەکی کۆتایی 2017دا، زیاتر لە 170 کادیری هێزە ئەمنییەکانی عێراق لە ناوچە ئازادکراوەکان لە دەستی داعش کوژراون و 129 ئەندامی هێزە ئەمنییەکانیش بریندار بوون. جیا لەمەش دەیان هاوڵاتیی مەدەنی لە هێرشە خۆکوژییەکان و دانانی بۆمبدا کوژراون. بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە شانە نووستووەکانی داعش لە سەرانسەری عێراقدا چالاکن.

## حەشد و نفووزی ئێران:

هێزەکانی حەشدی شەعبی ئامرازی بەهێزبوونی نفووزی ئێرانن لە دامەزراوە حکومییەکانی عێراقدا. گەورەترین و بەهێزترین هێزەکانی حەشدی شەعبیش ئەو هێزانەن کە پەیوەندییەکی مێژوویی و قووڵیان لەگەڵ ئێراندا هەیە.

لە ڕاپۆرتەکەی (OIR)دا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە هەرچەندە حەشد لەسەر کاغەز لەژێر فەرمانی عەبادیدان، بەڵام ئەو هێزانەی پەیوەندییان لەگەڵ ئێران هەیە، هاوکاریی سوپای قودسی سەر بە سوپای پاسدارانی ئێران دەکەن. ڕاپۆرتەکە دەڵێت "ئەو یەکانەی حەشد کە لە دەرەوەی کەناڵە فەرمییەکانی حکومەتی عێراقیدا کار دەکەن، بەربەستی گەورە بۆ دەسەڵاتی حکومەتی عێراق دروست دەکەن".

هەروەها دەڵێت "بەشێک لە هەوڵەکان بۆ بەرزکردنەوەی توانای هێزە ئەمنییەکانی عێراق بریتی بووە لەوەی یارمەتی ئەو هێزانە بدەن بەرەنگاری دەستێوەردانە دەرەکییەکانی وەکوو نفووزی ئێران ببنەوە". بە گوێرەی ڕاپۆرتەکەی (OIR) تەحەدایەکی سەرەکی ئەوەیە چۆن هێزەکانی حەشد تێکەڵ بە هێزە ئەمنییە فەرمییەکانی عێراق بکەن.

## مەشق و ڕاهێنان

لە بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە ئەمریکا بەردەوامە لە مەشق و ڕاهێنانی هێزە عێراقییەکان و هێزەکانی پێشمەرگە، بەڵام جۆری مەشقەکان لە ڕاهێنانی هێزی شەڕکەرەوە گۆڕاوە بۆ هێزی "پارێزگاری"، هۆکاری گۆڕانکارییەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە "داعش چیدی ناوچەی بەدەستەوە نەماوە" و هەوڵەکان دەبێت لەسەر پاراستنی سەقامگیری و ڕاگرتنی ناوچە ڕزگارکراوەکان چڕ بکرێنەوە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، لە سێ ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە 127 هەزار و 500 ئەندامی هێزە ئەمنییەکانی عێراق مەشقیان پێکراوە. لەو ژمارەیە 26 هەزاریان پێشمەرگەن. بە درێژایی سێ مانگی کۆتایی ساڵی ڕابردووش مەشق بە 4055 عێراقی کراوە، لەو ژمارەیە 1838یان پێشمەرگە بوون.

ماوەی ڕێککەوتنی هاریکارییە داراییەکانی ئەمریکا بۆ هێزەکانی پێشمەرگە لە مانگی تەمووزی 2017 کۆتاییان هات. بەگوێرەی (OIR)، وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا لە بودجەی 2018ی وەزارەتەکەیدا داوای 365 ملیۆن دۆلاری بۆ هێزەکانی پێشمەرگە کردووە و ئەگەر ڕێگە بە بەردەوامی ئەو خەرجییە بدرێت، ئەوە وەزارەتی بەرگری لە هاریکاریی داراییی خۆی بۆ پێشمەرگە بەردەوام دەبێت. پێنتاگۆن جەختی لەوەش کردووەتەوە کە وەستانی هاریکارییەکان کاریگەریی لەسەر پرۆگرامی مەشقی پێشمەرگە دانەناوە.

دوو هەفتە پاش هێرشەکانی 16ی ئۆکتۆبەر، عەبادی ڕایگەیاند "لە داهاتوویەکی نزیکدا دەتوانین مووچەی پێشمەرگە و فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان بدەین". بەڵام وەکوو لە ڕاپۆرتەکەی سوپای ئەمریکاشدا پشتڕاست دەکرێتەوە، عەبادی تاوەکو ئێستا ئەو بەڵێنەی نەبردووەتەوە سەر.

## تواناکانی سوپای عێراق

پێنتاگۆن بۆ هەڵسەنگاندنی تواناکانی سوپای عێراق پشت بە زانیاریی دەزگا سەربازییە عێراقییەکان دەبەستێت، بۆیەش هیچ سەرچاوەیەکی سەربەخۆی زانیاریی لەبەردەست نییە کە بیکاتە بنەما بۆ هەڵسەنگاندنی تواناکانی سوپای عێراق. بەم حاڵەشەوە، وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا هێزە ئەمنییەکانی عێراق بە هێزێک دەزانێت کە "لە شەڕدا

> **حکومەتی عێراق ئاوارەکان ناچار دەکات بگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان**

تاقی بووەتەوە و هێزێکی ئامادەی شەڕە".

لە ڕاپۆرتەکەی (OIR)دا ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێت کە پێنتاگۆن هێرشەکانی 16ی ئۆکتۆبەر بە بەڵگە دەهێنێتەوە لەسەر ئەوەی هێزەکانی عێراق دەتوانن بەبێ پشتگیریی هاوپەیمانان "پلان دابنێن، هاوئاهەنگی دروستبکەن، جموجۆڵ و مانۆڕی سەربازی بکەن". بەڵام (OIR) بە پشتبەستن بە ڕاپۆرتە میدیاییەکان ئەو هەڵسەنگاندنەی پێنتاگۆن ڕەتدەکاتەوە و جەخت دەکاتەوە لەوەی "پێشمەرگە لەبەرامبەر پێشڕەوییەکانی هێزە ئەمنییەکانی عێراقدا بەرگرییان نەکرد".

## حوکمڕانی و کۆمەڵگای مەدەنی لە عێراق

پرسی حوکمڕانی و کۆمەڵگای مەدەنی لە چارەکی کۆتایی 2017دا لەسەر سێ تەوەری سەرەکی چڕ دەبێتەوە کە یەکەمیان گرژییەکانی نێوان هەولێر و بەغدایە، دووەم پرسی دەسەڵاتی هێزەکانی حەشدی شەعبییە و سێیەم پرسیش هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و پارێزگاکانی عێراقە.

لەدوای ڕووخانی ڕژێمی پێشووەوە پرسی دەسەڵاتی ناوەند و دەسەڵاتەکانی دەرەوەی ناوەند کێشەیەکی بەردەوامی حوکمڕانی بووە لە عێراقدا. لەدوای گشتپرسییەکەی 25ی ئەیلول و هێرشەکانی 16ی ئۆکتۆبەر ئەو کێشەیە بەشێوەیەکی تۆختر هەستی پێکراوە. لە کاتێکدا بەغدا سوورە لەسەر ئەوەی دەسەڵاتی مەرکەزی لە هەرێمی کوردستاندا قووڵتر بکاتەوە، داخستنی سنوورەکانی ئێران لەسەر داوای عێراق، ڕاگرتنی گەشتە نێودەوڵەتییەکان بۆ فڕۆکەخانەکانی کوردستان و بچووککردنەوەی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ناوچەکانی پێش 2003 لە چوارچێوەی ئەو هەوڵانەی حکومەتی ناوەندیدا دێن، جگە لەمەش مەلەفی کارگێڕیی داهاتی نەوت بە کراوەیی لە نێوان هەولێر و بەغدادا ماوەتەوە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (OIR)، پێنتاگۆن هەوڵێکی زۆری داوە لە پێناوی دۆزینەوەی ڕێگەچارەی ئاشتیانە و دیالۆگ لەنێوان حکومەتی بەغدا و هەولێر، بەڵام تاوەکو کۆتایی ساڵی ڕابردووش گفتوگۆکانی نێوان کوردستان و عێراق لەسەر ئاستی تیمەکانی کارکردن ماوەتەوە.

هێزەکانی حەشدی شەعبی لە دوو سەرەوە جێگەی نیگەرانیی حکومەتی ئەمریکین، یەکەمیان وجودی ئەو هێزانەیە لە ناوچە سوننەنشینەکاندا. بەگوێرەی ڕاپۆرتی هێزەکانی ئەمریکا ئەم هێزانە تەحەدای گەورە بۆ ئاشتەوایی نیشتمانی لە عێراقدا دروست دەکەن و "کێشەسازن". حکومەتی عێراق پلانی هەیە لە شوێنی چەکدارانی حەشد، هێزی ئەمنیی فەرمی حکومەت و هێزی خۆجێیی دابنێت، بەڵام ڕاپۆرتەکەی (OIR) پێشبینی دەکات ئەم پرۆسەیە بە خاوی بەڕێوەبچێت، لەبەر ئەوەی هێزە ئەمنییە فەرمییەکانی عێراق تاوەکو ئێستاش سەرقاڵی بەرەنگاربوونەوەی داعشن و ڕاهێنانی هێزە خۆجێییەکانیش کاتی دەوێ.

هێزەکانی حەشد دەتوانن لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراقیشدا کێشەساز بن. بەشداریی سەرکردەکانی حەشد لە هەڵبژاردنەکانی مانگی ئایاردا، ڕێگە بۆ ئەو هێزانە خۆش دەکات پانتایی سیاسیی عێراقیش بگرن. وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاش نیگەرانە لەوەی بەشداری ئەو هێزانە لە هەڵبژاردنەکان ڕێگە بۆ دروستبوونی بەرەیەکی نوێی ناکۆکی لە عێراق خۆش بکات کە تێیدا بەرژەوەندییەکانی لایەنە شیعییەکان پێچەوانەی یەکدی دەبێتەوە. جگە لەمەش گەڕاندنەوەی ئاوارەکان دەتوانێت پرۆسەی هەڵبژاردن تووشی ئاڵۆزیی گەورە بکات.

تاوەکو کۆتایی مانگی کانوونی یەکەم نزیکەی سێ ملیۆن و 200 هەزار کەس لە عێراقدا ئاوارە بوون.

## پشتگیری لە هێزەکانی عێراق

سەرۆکی ئەمریکا داوای 639 ملیار دۆلاری بودجە بۆ وەزارەتی بەرگریی وڵاتەکەی کردووە. لەو پارەیەش 64.6 ملیار دۆلاری بۆ ئۆپەراسیۆنەکانی دەرەوەی ئەمریکا تەرخان دەکرێت کە 13 ملیار دۆلاری بۆ هەوڵەکانی ئەمریکا لەدژی داعش دەبێت، لەو پارەیەش 1.8 ملیار دۆلاری بۆ ڕاهێنان و پڕچەککردنی هاوبەشە خۆجێییەکان و خەرجییەکانی 5765 سەربازی ئەمریکی لە عێراق و سووریا دادەنرێ.

لە بودجەی 2018ی ئەمریکادا هیچ بڕە پارەیەک بۆ عێراق دانەنراوە کە پێشتر وەکو یارمەتی دەخرایە سندوقێکەوە بۆئەوەی حکومەتی عێراق بتوانێت بۆ شەڕی داعش کەرەستەی سەربازیی ئەمریکی بە قەرز پێ بکڕێ. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (OIR) لە دوو ساڵی ڕابردوودا حکومەتی عێراق توانیویەتی بە بڕی 3.8 ملیار دۆلار پارە بۆ پەرەپێدانی کەرتی سەربازی و ئاسمانیی خۆی لەو سندوقە کە بە (FMF) ناسراوە، بە قەرز بکڕێ.

بەگوێرەی ئەو ڕاپۆرتە، وەزارەتی بەرگری دانی بەوەدا ناوە کە هەندێک لەو کەرەستە سەربازییانەی ئەمریکا ڕەوانەی کردوون کەوتوونەتە دەستی "بەکارهێنەری ڕێگەپێنەدراو". لەمبارەیەوە لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە: "لە چارەکی کۆتایی ساڵی ڕابردوودا، میدیاکان باسیان لەوە کرد کە هێزەکانی

> **حەشدی شەعبی دەتوانێ کێشە بۆ هەڵبژاردنەکان دروست بکات**

حەشدی شەعبی نۆ تانکی (ئابرامز M1)یان دەستکەوتووە".

ڕاپۆرتەکە دەڵێت ئەو تانکانە بەدەست حەشدەوەن، لە بنەڕەتدا لەلایەن ئەمریکاوە دراوە بە سوپای عێراق، ژمارەیەکیشیان ئەو تانکانە لە خۆدەگرێت کە هێزەکانی حەشد دوای کەوتنی مووسڵ و شەڕی دووەمی تکریت لە داعش دەستیکەوتوون. وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە کە حکومەتی عێراق لە چارەکی کۆتایی 2017 دا بەردەوام بووە لە هەوڵەکانی بۆ گەڕاندنەوەی ژمارەیەکی زۆری تانک لە ژێر دەسەڵاتی حەشدەوە بۆ سوپای عێراق. لە کاتی هێرشەکانی سەر ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان لە ئۆکتۆبەری 2016دا، هێزەکانی پێشمەرگە ئاماژەیان بۆ ئەوە کردبوو کە هێزەکانی حەشد لە هێرشەکاندا چەکی ئەمریکی بەکاردەهێنن، لەوانەش تانکی ئابرامز.

(OIR) جەخت لەوە دەکاتەوە لە سەرەتای دەستپێکردنی شەڕی دژی داعش لە عێراق، وەزارەتی بەرگری و دەرەوەی ئەمریکا سەبارەت

> **هێرشەکانی 16ی ئۆکتۆبەر "کاریگەریی خراپیان لەسەر شەڕی دژی داعش هەبووە**

بە شوێنی چەکەکان و کەرەستە سەربازییەکان کێشەیان لەگەڵ بەغدا هەبووە. لە چارەکی کۆتایی ساڵی 2017دا، وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە حکومەتی عێراق پێویستە پابەند بێت بەو بەرپرسیارێتییەی لە ڕێککەوتنی فرۆشتنی ئەو چەکانەدا هەیە و چەکەکان تەنیا لەبەردەستی ئەو هێزانە بن کە لە ڕێککەوتنەکەدا ئاماژەیان بۆ کراوە.

لە 11ی سێپتەمبەری 2001ەوە، کۆنگرێسی ئەمریکا 1.69 تریلیۆن دۆلاری بۆ شەڕی عێراق و ئەفغانستان و ئۆپەراسیۆنەکانی ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکا تەرخان کردووە، لەو بڕەش وەزارەتی بەرگری 1.47 تریلیۆن دۆلاری خەرج کردووە. لە سەرەتا تاوەکوو کۆتایی مانگی تەمووزی 2017، وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا 6.4 ملیاری بۆ هێزەکانی ئەمریکا لە هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتی دژی داعش تەرخان کردووە، خەرجیی ئەو هێزانە لە ئابی 2014 تاوەکو کۆتایی مانگی حەوتی 2017 نزیکەی 18.5 ملیار دۆلار بووە.

## هاریکارییە مرۆییەکان

لە دوایین چارەکی 2017دا، هەوڵ و هاریکارییە مرۆییەکان لە عێراق لەسەر گەڕانەوەی ئاوارەکان چڕکرابوونەوە. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (OIR) لە چارەکی سێیەمی هەمان ساڵدا ژمارەی ئاوارەکان 2.3 ملیۆن بووە، لە ڕاپۆرتەکەی (OIR)یشدا ئاماژە بە نیگەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکرێت لەوەی "حکومەتی عێراق بەزۆر ئاوارەکان ناچار دەکات بگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان".

ڕاپۆرتی هێزەکانی ئەمریکا ئاشکراشی دەکات گرژییەکانی دوای گشتپرسیی کوردستان و هێرشەکانی 16ی ئۆکتۆبەر بەربەستی گەورەی بۆ هاریکارە مرۆییەکان دروستکردووە و وایکردووە ڕێکخراوە هاریکارەکان بە ئاسانی دەستیان بە ئاوارەکان ڕانەگات، گەورەترین بەربەستەکانیش بریتی بوون لە دانانی خاڵی پشکنین لە ناوچەکانی نزیک کەرکووک و مووسڵ، سەختبوونی هاتوچۆی هاریکارەکان بەهۆی داخستنی فڕۆکەخانەکانی کوردستانەوە، لە سەرووی هەموو ئەمانەشەوە هێرشەکانی سەر کەرکووک زیاتر لە 150 هەزار کەسی لەو ناوچانە ئاوارە کرد.



## لە کۆنگرەی کوێت 80 پڕۆژە بۆ کوردستان پێشکەشدەکرێن

**ڕووداو- هەولێر**

کۆنگرەی نێودەوڵەتیی کوێت بۆ ئاوەدانکردنەوەی عێراق بەڕێوەدەچێت و لەکۆی 212 پڕۆژە بۆ وەبەرهێنان، 80 پڕۆژەی بۆ هەرێمی کوردستان تێدایە. کۆنگرەکە ئەمڕۆ دووشەممە 2018/2/12 دەستپێدەکات. موخلیس سەلیم موراد، بەڕێوەبەری گشتیی یاسایی و کارگێڕی و ئابووری لە دەستەی وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "دەستەی نیشتمانیی بۆ وەبەرهێنان لە عێراق بەنیازە 212 پڕۆژە بۆ وەبەرهێنان لە کۆنگرەی نێودەوڵەتیی کوێت بۆ ئاوەدانکردنەوەی عێراق بخاتەڕوو، کە لەنێویاندا 80 پڕۆژەی شارەکانی هەرێمی کوردستانی تێدایە". وەزیرەکانی ئاوەدانکردنەوە، پلاندانان، هەروەها پارێزگارەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک و چەند بەرپرسێکی دیکە بەشداریی کۆنگرەکە دەکەن.

## دەکرێ هەر لێرە بەرهەمبهێنرێ

# ساڵانە 100 ملیۆن دۆلار بۆ کڕینی سۆیا دەچێتە دەرەوەی کوردستان



کارگەکانی ئالیک ساڵانە 200 هەزار تۆن سۆیا دەهێننە کوردستان

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

کارگەکانی ئالیک لە کوردستان ساڵانە بە بەهای 100 ملیۆن دۆلار پاقلەی سۆیا بۆ بەرهەمهێنانی ئالیک دەهێننە هەرێمی کوردستان، ئەمە لەکاتێکدا ژینگە و خاکی هەرێمی کوردستان بۆ چاندنی ئەم بەرهەمە زۆر لەبارە.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، 25 کارگەی ئالیک لە کوردستان هەن کە دەتوانن 385 تۆن ئالیک لە سەعاتێکدا بەرهەم بهێنن، ئەگەر ڕۆژانە تەنیا 8 کاژێر کاربکەن بەرهەمی ساڵانەیان دەگاتە زیاتر لە ملیۆنێک و 100 هەزار تۆن، بەڵام بەهۆی گرفتی ساغنەبوونەوەی بەرهەم، ساڵی ڕابردوو تەنیا 830 هەزار تۆن ئالیکیان بەرهەمهێناوە.

بارزان عەدنان، بەڕێوەبەری گشتیی کارگەی ئالیکی باراش بۆ بەرهەمهێنانی ئالیکی پەلەوەر لە شاری هەولێر، دەڵێت: "بەبێ پاقلەی سۆیا، ئالیکی تەندروست بۆ پەلەوەر بەرهەم نایەت، لە ناوخۆش ئەم بەرهەمە ناچێنرێت، بۆیە ناچارین هاوردەی بکەین".

لە بەرهەمهێنانی یەک تۆن ئالیکدا 200 کیلۆ سۆیا بەکاردێت، کارگەکانی ناوخۆش ساڵانە زیاتر لە 800 تۆن ئالیک بەرهەمیان هەیە و نزیکەی 200 تۆنیش خاوەن کێڵگەکانی پەلەوەر خۆیان بەرهەمی دەهێنن، بۆیە ساڵانە زیاتر لە 200 هەزار تۆن سۆیا هاوردە دەکرێ. بارزان دەڵێت: "ئێستا یەک تۆن سۆیا بە 480 دۆلارە، بۆیە دەتوانم بڵێم ساڵانە نزیکەی 100 ملیۆن دۆلار بۆ کڕینی سۆیا دەچێتە دەرەوە".

سۆیا لەخێزانی پاقلەمەنییەکانە، زۆر وڵات گرنگی بە چاندنی دەدەن، چونکە بەهایەکی بەرزی خۆراکی هەیە و ڕێژەیەکی زۆر پرۆتین و زەیتی تێدایە، دوای دەرهێنانی زەیتەکەی، پاشماوەکەی دەبێتە بەشێکی گرنگ لە پێکهاتەی ئالیکی پەلەوەر و ئاژەڵ.

ئەو تایبەتمەندییەی سۆیا لە پاقلەمەنییەکانی دیکە جیادەکاتەوە ئەوەیە سەرجەم ئەو ترشە ئەمینیانەی تێدایە کە جەستەی مرۆڤ بۆ دروستکردنی پرۆتین پێویستی پێیەتی، پرۆتینەکەشی لە پرۆتینی ئاژەڵی باشترە، چونکە هیچ جۆرە کۆلیسترۆلێکی تێدا نییە.

هەروەها ماددەیەکی کیمیایی تێدایە کە بە Lecithinدەناسرێت و دەتوانێ کۆلیسترۆڵی نێو خوێن تێکبشکێنێ، بەشێوەیەکی گشتی ئەم ڕووەکە بۆ زیاتر لە 100 مەبەستی جیا بەکاردێت و تەنانەت دەتوانرێت شیر و پەنیری لێ دروست بکرێ، لە هەندێ وڵات بە گۆشتی هەژاران ناودەبرێ.

دکتۆر سەلاح بەکر مستەفا، بەڕێوەبەری گشتی گرووپی ڤانۆ بۆ پیشەسازیی پەلەوەر بە (ڕووداو)ی گوت: "بەپێی توێژینەوەکان ئاووهەوا و خاکی کوردستان زۆر گونجاوە بۆ چاندنی سۆیا، چاندن و بەرهەمهێنانیشی 4-5 هێندەی چاندنی گەنم و جۆ سوودی ئابووریی زیاتری هەیە".

دکتۆر سەلاح دەڵێت: "دەتوانرێ هاوشێوەی پاقلە و فاسۆلیا، سۆیا بەڕێگەی پرژاندن و دۆڵپاندن بەئاوی بیر لەدەشتەکان بچێنرێ و بە ڕووبەری فراوانیش لەکەنار ڕووبارەکان بچێنرێ، بەمەش ڕێگە لە چوونە دەرەوەی ئەو پارە زۆرە بگرین کە ساڵانە بۆ هاوردەکردنی سۆیا دەچێتە دەرەوە".

دکتۆر سەلاح نموونە بە تاقیکردنەوەکانی خۆی و چەند ئەندازیار و شارەزایەکی ئەمریکی دێنێتەوە و دەڵێت "لەساڵانی نەوەتەکان کە گەمارۆی ئابووری لەسەر عێراق بوو، لەڕێگەی ڕێکخراوێکی ئەمریکییەوە هەندێک تۆوی سۆیام دەستکەوت و چاندم. ساڵی 2010ش ئەندازیار و جووتیارێکی ئەمریکی هاتە کوردستان و پەیوەندی پێوەکردم کە توێژینەوەی کردووە لەسەر ئەوەی هەرێمی کوردستان وڵاتێکی کشتوکاڵییە و خاک و ئاو و ژینگەکەی گونجاوە بۆ بەرهەمهێنانی سۆیا، شایستەی ئەوەیە هاوشێوە ئەمریکا سۆیای لێ بچێنرێ".

دکتۆر سەلاح دەڵێت بەنیاز بوو لەگەڵ ژمارەیەک وەبەرهێنی ئەمریکی، وەبەرهێنان لە چاندنی سۆیادا بکەن و بەشی ناوخۆ و عێراق و تەنانەت وڵاتانی دراوسێشی لێ بەرهەم بێنن، سەرەتاش وەکو تێست دەست بە پڕۆژەکە دەکەن. ئەو دەڵێت: "زەویمان بۆ پڕۆژەکە دابین کرد، چەند جۆرێک سۆیامان چاند، دوای دوو ساڵ توێژینەوە دەرکەوت دوو جۆریان بۆ کوردستان زۆر گونجاون. دواتر ئەمریکییەکان بڕیاریان دا دەست بە پڕۆژەکەیان بکەن و پسپۆڕ و شارەزا و پێویستییەکانی چاندنیان هێنا، گرێبەستیان لەگەڵ چەند جووتیارێکیش کرد، کۆمپانیایەکیان بەناوی ئەگری سۆیا دامەزراند و هاتە سەر ئەوەی ئەو دوو جۆرە تۆوە لە ئەمەریکاوە بهێننە کوردستان، بەڵام بەرپرسێکی وەزارەتی کشتوکاڵ بەبیانووی ئەوەی ئەو دوو جۆرە لەعێراق پەسندکراو نین، ڕێگەی پێنەدان، بۆیە ئەوانیش بەناچاری چەند جۆرێکی سۆیایان لە تورکیا هێنا، جۆرەکانیش لەکوردستان سەرکەوتوو نەبوون و بەرهەمی باشیان نەدا، هەر بۆیە لەپرۆژەکە کشانەوە".

> **خاک و ئاوی هەرێمی کوردستان گونجاوە بۆ چاندنی سۆیا**

ساڵی ڕابردوو جووتیارێکی پێشکەوتووی شاری هەڵەبجە بەناوی ئازاد محەممەد نزیکەی نیو کیلۆ سۆیای وەک تاقیکردنەوە لەکێڵگەکەی چاند و 30 کیلۆ بەرهەمی لێ هەڵگرتەوە.

ئازاد محەممەد دەڵێت: "لەم تاقیکردنەوەیە بۆم دەرکەوت خاک و ئاوی هەڵەبجە زۆر گونجاوە بۆ چاندنی سۆیا، بەمەرجێک سۆیاکە ئاوی پێویست بدرێت و نێوانی هەر دوو نەمام نزیکەی 30 بۆ 40 سانتیمەتر بێت باشترین بەرهەم دەدات".

### چاندنی سۆیا لە کوردستان سەرکەوتووە

ئازوز ئەحمەد، بەڕێوەبەری توێژینەوەی کشتوکاڵ لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، دەڵێت "توێژینەوەمان لەسەر چاندنی سۆیا لە هەرێمی کوردستان کردووە، بۆمان دەرکەوتووە خاک و ئاو و کەشی هەرێمی کوردستان زۆر گونجاوە بۆ چاندنی، بەڵام گرفتی چاندنەکەی لەوەدایە ئاو و کاتی زۆری پێویستە بۆ گەیشتن بە بەرهەم کە نزیکەی شەش مانگە".

ئازوز ئەحمەد گوتیشی: "ئەو هۆکارەی وای کرد ئەمریکییەکان پرۆژەی چاندنی سۆیا جێبهێڵن، تێچووی زۆر و ساغنەبوونەوەی بەرهەم بوو، نەک ڕێگەنەدان بەهاوردەکردنی ئەو تۆوەی دەیانویست".

بەرهەمی ساڵانەی کارگەکەی بارزان عەدنان، 60 هەزار تۆنە، بۆیە ئەو بۆ پێویستی کارگەکەی هەوڵی چاندنی ئەم بەرهەمەی داوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە.

بارزان دەڵێت "خاک و ئاوی هەرێمی کوردستان گونجاوە بۆ چاندنی سۆیا، بەڵام ئاوی زۆری دەوێت و پێویستی بەئامێری تایبەت هەیە، بۆیە بەرهەمهێنانی ئابووری نییە".

## لە ڕەچەڵەکی پێنج مانگایە

# ئەندازیارێکی کورد هەوڵی بەرهەمهێنانی مانگایەکی تازە دەدات

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

ئەندازیارێکی دانیشتووی هەولێر، لە لێکدانی چەند جۆرە مانگایەک، هەوڵی بەرهەمهێنانی مانگایەکی تازە دەدات کە بەرگەی ژینگەی کوردستان بگرێ و هەموو تایبەتمەندییە باشەکانی مانگای لە شیر و گۆشت تێدابێ.

بەپێی توێژینەوە زانستییەکان، لێکدانی دوو ڕەچەڵەکی جیاوازی مانگا، جا بەڕێگەی ڕاستەوخۆ بێ یان دەستکرد، ئەنجامی باشی لێدەکەوێتەوە، بەجۆرێک لە لێکدراوی یەکەم، نەوەکەیان 50%ی تایبەتمەندی باوان وەردەگرێت، ئەگەر جاری دووەم نەوەکە لە گای باوک بدرێتەوە دەبێت بە 75% و لە جاری سێیەم دەگاتە 87% و ئینجا لە جاری چوارەمدا نەوەکە 93%ی تایبەتمەندییە باشەکانی ڕەگەزی باوک وەردەگرێت، هەندێکجاریش نەوەیەک دەردەچێ، لەڕووی تایبەتمەندییەوە لە باوانی باشترە.

ئەندازیار دیاری درەیی، خاوەنی پرۆژەیەکی بەخێوکردنی مانگای شیرە لە ناحیەی قوشتەپە، بەهۆی لەکەڵدانی دەستکردەوە، ڕەچەڵەکی پێنج مانگای لە یەکدی داوە، ڕەگەزی هۆڵشتاینی لە براون سویس داوە، ڤلاکفی لە براون سویس داوە، جێرسیی لە هۆڵشتاین داوە، ڤلاکفی لە هۆلشتاین داوە، هەروەها سمینتاڵی لە هۆڵشتاین داوە. ئەو لەڕێی لێکدانی ڕەگەزە جیاوازەکانی مانگا دەیەوێت نەوەیەکی تازەی مانگا بەرهەم بهێنێ کە بەرگەی گەرمی و سادی بگرێت و هەموو تایبەتمەندییە باشەکانی مانگا لە شیر و گۆشت لەخۆبگرێت.

ئەندازیار دیاری درەیی، گوتی" لە لێکدانی هۆڵشتاین لە براون سویس، جێرسی لە هۆڵشتاین و ڤلاکفی لە هۆڵشتاین، دەمەوێ نەوەیەکم دەستبکەوێت وەک هۆڵشتاین شیری زۆر بێت و وەک جێرسی و براون سویس و ڤلاکفیش شیرەکەی چەور و پڕبەهای خۆراکی بێ. هەروەها ڤلاکفیم لە براون سویس داوە کە هەردووکیان شیریان چەورە و جەستەیان پتەوە بۆ گۆشت، جۆری سمێنتالم لە مانگایەکی تێکەڵی سمینتال و هۆڵشتاین دا، بێچووەکی نێری جەستە پتەو و گەورەی داوە".

دیاری درەیی ئەندازیاری بیناسازییە، بەڵام ماوەی سێ دەیەیە بنەماڵەکەی مانگای هۆڵشتاین بەخێودەکەن. حەز و خولیای چووەتە سەر بەخێوکردنی مانگا و وازی لە ئەندازیاری هێناوە.



دیاری درەیی ئەندازیاری بیناسازییە، بەڵام حەز و خولیای چووەتە سەر بەخێوکردنی مانگا و وازی لە ئەندازیاری هێناوە

دیاری دەڵێت "زۆربەی خاوەن پرۆژەکانی مانگا، بۆ ئەوەی نەوەی مانگاکانیان دووڕەگ دەرنەچن و لە بازاڕ پارە بکەن، هەمان ڕەگەزی خۆی لێدەدەنەوە، بەڵام ئامانجی من جیاوازە، دەمەوێت مانگایەکم دەستکەوێت هەڵگری تایبەتمەندییە باشەکانی زۆربەی مانگا باشەکان بێت لە گۆشت و شیر".

دیاری درەیی، نموونە بە شیری مانگای هۆڵشتاین دێنێتەوە و دەڵێت "مانگای هۆڵشتاین شیری زۆرە، بەڵام دەبێ زۆر بکوڵێندرێ تا دەبێت بە ماست، بەمەش بەشێکی شیرەکە دەبێتە هەڵم و تامی ماستەکەشی خۆش نییە، لەڕێگەی لێکدانی مانگای هۆڵشتاین لەگەڵ ڤلاکفی و جێرسی و سویس براون، دەمەوێت مانگایەکم دەستبکەوێت بەلایەنی کەمی ئەم کێشەیەی نەبێت".

لە عێراق دوو جۆر مانگای خۆماڵی هەن، ئەوانیش مانگای کرادی و شەرابیە. زێدی جۆری یەکەمیان کوردستانە، بەڵام هەردوو جۆرە مانگاکە قەبارەیان بچووکە و شیریشیان کەمە.

لە بەڕێوەبەرایەتی ڤێتەرنەری سەرجەم پارێزگاکانی کوردستان بنکەی کەڵدانی دەستکرد هەیە و نزیکەی 60 تیمی گەڕۆکیش هەن. بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ لە ماوەی 17 ساڵی ڕابردوودا 248 هەزار و 890 مانگا کەڵدانی دەستکردیان بۆ کراوە، ساڵانە 10 تاوەکو 12 هەزار کەڵدانی دەستکرد بۆ مانگاکانی کوردستان دەکرێ.

دکتۆر یونس ئەحمەد، بەڕێوەبەری کەڵدانی دەستکرد لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، دەڵێت پێشتر ئامانجی عێراق زۆرتر زیادکردنی شیر بوو، بۆیە بۆ کەڵدانی دەستکرد مانگای هۆڵشتاینی هەڵبژاردبوو، لە کوردستانیش تاوەکو چەند ساڵێک لەمەوبەر هەر سپێرمی ئەو جۆرە مانگایە بەکاردەهێنرا، بەڵام ئێستا لە سلێمانی و گەرمیان خواست لەسەر بەکارهێنانی سپێرمی مانگای جۆری سمێنتاڵ هەیە، بۆیە لە بنکەکانیان ڕێگە بە بەکارهێنانی سپێرمی ئەو جۆرە مانگایەش دەدەن. لە دهۆکیش زیاتر مانگای سویس براون بەکاردەهێنن، بەڵام بنکەکانی کەڵدانی دەستکرد لە هەولێر هێشتا هۆڵشتاین بەکاردێنن".

جگە لە بنکە حکومییەکان، ئێستا چەند نۆرینگەیەکی تایبەت بە کەڵدانی دەستکرد کراونەتەوە. سپێرمی مانگا باشەکانی جیهان هاوردە دەکەن.

دکتۆر بیلال عومەر، خاوەنی نۆڕینگەی بەڕانەتی بۆ کەڵدانی دەستکرد لەشاری هەولێر، دەڵێت: "ئێستا بەخێوکەرانی مانگا لە شاری هەولێریش بۆ کەڵدانی مانگاکانیان زیاتر حەزیان لە مانگای سمێنتال و براون سویسە، چونکە شیریان چەورە و گۆشتیان باشە، بەشێکی کەمیش داوای مانگای هۆڵشتاین دەکەن".

بە بڕوای دکتۆر بیلال، گونجاوترین جۆری مانگا بۆ لێکدانی لەگەڵ مانگای خۆماڵی، مانگای جێرسیی بەریتانییە کە قەبارەی گونجاوە لەگەڵ مانگای خۆماڵی و شیری زۆر و چەورە، وەچەی باش دەدات، بەڵام خەڵک هەر حەزیان بەجۆری سمینتاڵ و براون سویسە.

دکتۆر بیلال عومەر کە بەرپرسی بنکەی ڤێترنەری شارۆچکەی عەنکاوەی شاری هەولێرە، دەڵێت "هێشتا ئاژەڵداران لە گرنگیی کەڵدانی دەستکرد نەگەیشتوون، بۆیە مانگانە لە شاری هەولێر و دەوروبەری نزیکەی 200 تاوەکو 250 مانگا کەڵدانی دەستکردیان بۆ دەکرێ".

دکتۆر بورهان سابیر، خاوەنی سەنتەری کەڵدانی دەستکردە لە پارێزگای سلێمانی کە لە سەنتەرەکەیدا سپێرمی حەوت جۆر مانگای باشی جیهانی هەن.

دکتۆر بورهان دەڵێت: "ئێمە کەتەلۆگی تایبەتمەندیی مانگاکانمان هەیە، هەر ئاژەڵدارێک بێت پرسیاری لێدەکەین بۆ چ مەبەستێک کەڵدان بۆ مانگاکەی دەکات. بۆ نموونە ئەگەر بۆ زیادکردنی شیر بێت، مانگای هۆڵشتاینی بۆ دیاری دەکەین. ئەگەر بۆ کواڵیتی و زیادکردنی شیر و چەوری و بەرگەگرتنی نەخۆشی بێ، فلاکڤی و جێرسی بۆ دیاری دەکەین. ئەگەر بیەوێت شیری مانگاکەی بکاتە پەنیر، براون سویس، ئەگەر بۆ زیادکردنی گۆشتیش بێت، مانگای سمێنتاڵی گۆشت و شارۆڵی و ئەنگەزی بۆ دیاری دەکەین. بەڵام خەڵک زۆرتر حەزیان لە سمێنتال و سویس براونە".

> **270 هەزار ڕەشەوڵاخ لە کوردستان هەن**
>
> دوایین سەرژمێری بۆ ئاژەڵەکانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2014 کراوە. ئەوکات 256 هەزار و 999 ڕەشەوڵاخ لە کوردستان هەبووە. پێشبینی دەکرێت ئێستا ژمارەکە گەیشتبێتە 270 هەزار. لەم ژمارەیەش تەنیا 5%یان لە جۆری باشن. دکتۆر یونس ئەحمەد، بەڕێوەبەری کەڵدانی دەستکرد لە وەزارەتی کشتوکاڵ دەڵێت "بۆ گەشەپێدانی بەرهەمی شیر و خستنەوەی وەچەی باش و زاڵبوون بەسەر نەخۆشییەکاندا، کەڵدانی دەستکرد باشترین چارەسەرە بۆ مانگا خۆماڵییەکان، بەڵام بەداخەوە ئاژەڵداران هاوکارمان نین بۆ ئەمە، لەکاتێکدا کەڵدانی مانگاکە تەنیا دوو هەزار دیناری تێدەچێ".

# کەرتی نەوتی عێراق؛ دوور لە ئامانجەکانی

شەهریار شێخلەر*



عێراق لە دوای سعودیە و ئێران، سێیەم وڵاتی بەرهەمهێنی نەوتە لەناو وڵاتانی ڕێکخراوی هەناردەکاری نەوت (ئۆپێک)، هەروەها لە ریزبەندی پێنجەمی وڵاتانی خاوەن یەدەکی نەوتی خامی جیهاندایە. ڕێژەی بەرهەمهێنانی نەوتی عێراق بەردەوام لە بەرز و نزمبوونەوەدا بووە، گرنگترین هۆکارەکانی ئەمەش جەنگە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق بووە لەگەڵ وڵاتانی هاوسێی وەکوو ئێران و کوێت، هەروەها جەنگی ساڵی 2003 و دواییینیشیان سەرهەڵدانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) لە ساڵی 2014.

بەپێی ڕیپۆرتی بریتش پێترۆڵیۆم، یەدەکی نەوتی خاوی عێراق لە ساڵی 2016 بە 153 ملیار بەرمیل خەمڵێنراوە کە 9%ی کۆی یەدەکی جیهانە. ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی خاوی عێراق لە مانگی 10ی هەمان ساڵ گەیشتووەتە 4.800.000 بەرمیل لە ڕۆژێکدا کە دەکاتە دوو هێندەی ساڵی 2003، بەڵام پاشان بەهۆی چەند گرفتێکی تەکنیکی و ڕاوەستانی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوتی خاوی کێڵگەکانی کەرکووک، بەتایبەتی پاش ڕووداوەکانی مانگی 10ی 2017 بۆ 4.400.000 بەرمیل لە ڕۆژێکدا دابەزیوە. لە شەش مانگی دووەمی 2017 دا، ڕێژەی تێکڕای بەرهەمهێنانی نەوتی خاوی هەرێمی کوردستان لە کۆی بەرهەمی عێراق 10% بووە و باقی 90%ی دیکە لە کێڵگەکانی بەردەستی حکومەتی ناوەند بەرهەم هاتووە.

لەکاتێکدا ئابووریی عێراق زۆر پەیوەستە بە داهاتی هەناردەکردنی نەوتی خاو (زیاتر لە 90%ی بودجەی عێراق پێکدەهێنێت)، نزیکەی 20%ی نەوتی بەرهەمهاتووی عێراق بۆ ناخۆ بەکاردێت. لە سایەی نەبوونی وزەی ئەتۆمی و سەرچاوە نوێیەکانی وزە، زیاتر لە 95%ی سەرچاوە سەرەکییەکانی وزەی عێراق لە نەوتی خاو و بەرهەمەکانی دابین دەکرێت کە سەرچاوەیەکی زۆر گرانن و دارایی و خەزێنەی وڵات لە داهاتی هەناردەکردنی بێبەش دەکەن.

**توانای تەکنیکاڵی کەرتی نەوت و گازی سروشتیی عێراق و گرفتەکانی:**

توانای پاڵاوگەکانی عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە، پێش سەرهەڵدانی شەڕی داعش زیاتر بوو لە 900 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا، بەڵام پاش شەڕی داعش و بەتایبەت داگیرکردن و ڕاگرتنی پاڵاوگەی بێجی کە گەورەترین پاڵاوگەی هەموو عێراقە، بۆ نزیکەی 700 هەزار بەرمیل دابەزی، ئەوەش لەکاتێکدایە کە کۆی داواکاری بۆ بەرهەمە نەوتییەکان بە زیاتر لە یەک ملیۆن بەرمیل دەخەمڵێنرێت و بەناچاری بڕی کورتهاتووش لە هاوردەکردن دابین دەکرێت.

هەروەها بەهۆی تەکنۆلۆجی بەکارهاتوو لە پاڵاوگەکانی عێراق، ڕێژەی نەوتی ڕەش (فیول ئۆیل) کە هەرزانترین و کەمسوودترین بەرهەمی نەوتە، لە کۆی بەرهەمەکانی پاڵاوگەکان زۆر زیاترە لە ڕێژەی ستانداردی جیهانی کە دەبێتە هۆی بەفیڕۆدانی نەوتی پاڵێوراو. هەڵبەت بەشێکی بەرچاوی وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەباش بە نەوتی خاو ئیش دەکەن لەکاتێکدا لە جیهاندا بۆ ئەو مەبەستە لە سووتەمەنیی زۆر هەرزانتری وەکوو گازی سروشتی یان بەرهەمە نەوتییەکان کەڵک وەردەگیرێت، بەڵام بەهۆی کەمبوونی ڕێژەی بەرهەمهێنانی گازی سروشتی و توانای پاڵاوگەکان، چاکسازی لە سووتەمەنیی ئەو وێستگانە بۆ ئایندەیەکی نزیک پێشبینی ناکرێت.

عێراق لە پلەی چوارەمی وڵاتانی جیهاندایە لە ئاگردانی گازی سروشتیی سەر بیرە نەوتەکان کە ئەوەش بەهۆی نەبوونی توانای پرۆسێسکردنی گازی سروشتییە. ساڵی 2014، لە کۆی 771 ملیار پێ سێجا گازی سروشتی بەرهەمهاتووی عێراق، 545 ملیار پێ سێجا ئاگر دراوە کە زەرەری ئەو سووتاندنە ساڵانە دەگاتە نزیکەی دوو ملیار و 500 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی. ئەوەش پارەیەکە، دەتوانێت کێشەی کارەبای عێراق چارەسەر بکات لەڕێی دانانی وێستگەی کارەبا کە بە گازی سروشتی کار بکات.

پێش ساڵی 1990 و هێرشی عێراق بۆ کوێت، عێراق گازی سروشتی بۆ کوەیت هەناردە دەکرد، بەڵام بەهۆی شەڕ و لاوازیی سیستەمی چاککردنەوەی تۆڕی بۆرییەکان، ژێرخانی ئەو هێڵی گواستنەوەیە لەدەست چووە. ئەوە ڕوونە کە ئێستا بەرهەمهێنانی گازی سروشتی لە عێراق نە تەنیا توانای هەناردەکردنی نییە، بەڵکوو تەنانەت توانای پشتگری و دابینکردنی ڕێژەی پێویستی پلانەکانی وڵاتی بۆ گۆڕینی سەرچاوەی سووتەمەنی وێستگەکانی کارەبای عێراق نییە و دەبێتە هۆی دواخستنی پلانەکان یان دابینکردنی لە ڕێی هاوردەکردنی گازی سروشتییەوە.

## بەربەستەکانی بەردەم گەشەی کەرتی نەوت و گازی سروشتی

هۆی سەرەکیی دابەزینی ڕێژەی بەرهەمهێنان لە بیرە نەوتەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی عێراق، دەگەڕێتەوە بۆ تێپەڕبوونی تەمەن و دابەزینی پەستانی نەوت لەو بیرانە. بۆ لابردنی ئەو گرفتە تەکنیکییە، پێویستە بڕێکی زۆر لە ئاو و گازی سروشتی بۆ ناو ئەو بیرانە پەمپ بکرێت تاکوو ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لەو بیرانە بەرز بکرێتەوە. بۆ ئەو مەبەستە دوو پرۆجێکتی سەرەکی دیاریکراون تا ئاو لە کەنداوەوە بۆ سەر بیرەکان بگوازنەوە و لەگەڵ ژمارەیەک کۆمپانیای جیهانیش گرێبەستیان بۆ ئەنجامدانی ئەو پرۆژانە ئیمزا کردووە. بودجەی پێویست بۆ ئەو دوو پرۆجێکتە بە چوار تا شەش ملیار دۆلار خەملێنراوە.

هەڵبەت بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی عێراق پێویستی بە بەرزکردنەوەی زۆر بەپەلەی بەرهەمهێنانی کارەبا هەیە بۆ پاڵپشتیکردنی پرۆجێکتەکان و ئامێرەکانی بەرهەمهێنان. دواکەوتن لە دابینکردنی کارەبای پێویست، دەتوانێت ببێتە هۆی سەرنەگرتنی پلانەکان و نەگەیشتن بە ئامانجەکان.

هەروەها بەهۆی گرفتەکانی هەناردەکردنی نەوت لە باشووری عێراقەوە، نۆژەنکردنەوەی پۆرتەکان، بۆرییەکانی گواستنەوە و ژێرخانی پێویست بۆ هەناردەکردن لە پۆرتەکانی بەسرە زۆر پێویستە.

ڕاوەستانی هەناردەکردنی نەوتی کەرکووکیش بەشێکی دیکەیە لە گرفتەکانی کەرتی نەوتی عێراق کە پێویستی بە چارەسەرە و لە ئەگەری بەکارنەهێنانی بۆری نەوتی هەرێمی کوردستان– جەیهان، پێویستی بە نۆژەنکردنەوەی بۆری و وێستگەکانی پێشوو یان ڕاکێشانی بۆریی نوێ هەیە کە ئەوانەش دیسان خەرجیی حکومەت بەرز دەکەنەوە.

بەهۆی ئەوەی کە کەرتی نەوت و گازی عێراق بەشێوەیەکی هاوئاهەنگ و هەمەجۆر گەشەی نەکردووە، گەیشتن بە ئامانجی بەرزی 12 ملیۆن بەرمیل لەڕۆژێکدا کە لە لووتکەی ئاستی بەرهەمهێنانی جیهانە، ریسکێکی گەورەیە و بەدیهاتنی زۆر ئەستەمە، کاتێک ژێرخانەکانی پیشەسازیی کەرتی نەوت لە ئاپ ستریم (سەرچاڵ) و میدستریم بەگوێرەی پێویست پەرەیان پێنەدراوە، پێشنەکەوتنی بەشی داون ستریم (پاڵاوتن و بڵاوکردنەوە)، دەبنە هۆی بەرزبوونەوەی خەرجییەکانی حکومەت بۆ دابینکردنی بەرهەمەکانی پێویست بۆ بازاڕی ناوخۆ کە ئەوەش توانای حکومەت بۆ دابینکردنی بودجەی پێویست بۆ پرۆجێکتەکانی گەشە و چاکسازیی کەرتی نەوت و گازی سروشتی دادەبەزێنێ.

بێجگە لەوانەی باسکران، بە پێچەوانەی گرێبەستەکانی نەوت لە هەرێمی کوردستان کە بە شێوازی هاوبەشی لە بەرهەم (PSA) دەکرێت و پەرەپێدان بە کێڵگە نەوتیەکان لەلایەن کۆمپانیاکانەوە ئەنجام دەدرێت و بودجەکەی تەرخان دەکرێت، گرێبەست بۆ پرۆجێکتەکانی عێراق بە شێوازی کڕینی خزمەتی تەکنیکاڵ (TSC) دەکرێت و حکومەت دەبێت پارەکەی دابین بکات، ئەوەش خێرایی پرۆجێکتەکان کەم دەکاتەوە. پێشبینیش ناکرێت شێوازی گرێبەستەکانی نەوت لە عێراق لە کورتخایەندا بۆ شێوازی ئاسانتری وەکوو هاوبەشی لە بەرهەم بگۆڕدرێت.

هەڵبەت زۆربەی ئەو گرفتانەی باسکران کەرتی نەوت و گازی سروشتیی هەرێمی کوردستانیش دەگرێتەوە و گەشبینییەک نییە کە ئاستی بەرهەمهێنانی عێراق (لانیکەم لەڕووی ئامارەوە) بە هۆی بەرزبوونەوەی ئەو ڕێژەیە لە هەرێمی کوردستان گۆڕانکارییەکی گەورەی بەسەردا بێت، بۆیە کەرتی نەوت و گازی سروشتیی عێراق پێویستی بە ستراتیج و پلانی ژیرانە و هەنگاوی بوێرانە هەیە، دەنا ئەستەمە بتوانرێت لەوەی لە 2016 بەدەست هاتووە زۆر بەرزتر ببێتەوە.

*ڕاوێژکاری ئابووریی وزە

ئابووریی عێراق زۆر پەیوەستە بە داهاتی هەناردەکردنی نەوتی خاو (زیاتر لە 90%ی بودجەی عێراق پێکدەهێنێت) (فۆتۆ: AFP)

# خورمەڵە، کلیلی چارەسەری کێشەکانە؟



بیلال سەعید

هەرێمی کوردستان بەهۆی ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەرەوە نزیکەی یەک لەسەر سێی خاکی کوردستان و 50%ی ئەو نەوتەی لەدەستداوە کە پێشتر دەریدەهێنا و هەناردەی دەکرد. ئەوەی ئێستا لە دەستیدا ماوە و بۆ داهاتەکەی پشتی پێدەبەستێ چەند کێڵگەیەکن لە سنووری ئیدارەکەی کە بەرهەمیان سنووردارە، لەگەڵ کێڵگەیەکی گرنگ لە دەرەوەی ئیدارەی خۆی، ئەویش کێڵگەی نەوتی خورمەڵەیە کە حکومەتی عێراق دەمێکە چاوی تێبڕیوە.

هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر لە باشترین حاڵیدا نەگەیشتووەتە 300 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا کە تەنیا بەرهەمی کێڵگەی نەوتی خورمەڵە نزیکەی 110 هەزار بەرمیل نەوتە لە ڕۆژێکدا، واتە ئەو کێڵگەیە ئێستا زیاتر لە یەک لەسەر سێی کۆی گشتیی هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان پێکدێنێ.

عێراق لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا بە چەند هەوڵێکی جیاواز لەڕێگەی هێرشی سەربازی و هێرشکردنە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە، ویستوویەتی ئەو ناوچانەی کە ناونراون ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان بخاتەوە ژێر ڕکێفی خۆی، بە تایبەتی ئەو ناوچانەی دەوڵەمەندن بە نەوت، بەڵام دوای داگیرکردنی کەرکووک، لەو هەوڵانەی شکستی هێناوە.

حکومەتی عێراق پێداگیری دەکات لەسەر ئەوەی کێڵگەی نەوتی خورمەڵە بخرێتەوە دەستی کۆمپانیای نەوتی باکوور کە سەر بە حکومەتی ناوەندە و تاوەکو مانگی تەمموزی 2008 لەلایەن ئەو کۆمپانیایەوە سەرپەرشتی دەکرا، دواتر ڕادەستی کۆمپانیای کار کرا.

یەدەگی کێڵگەی نەوتی خورمەڵە زیاتر لە 80 ملیۆن بەرمیل نەوتە و دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای کەرکوک و ڕۆژانە 110هەزار بەرمیل نەوت بەرهەمدەهێنێ، بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافیی کێڵگەکە و بەرزیی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت تێیدا، تاوەکو ئێستا هەوڵەکانی عێراق بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو کێڵگەیە بەردەوامە.

پێشتر حکومەتی هەرێمی کوردستان بەبێ شەڕ دەستبەرداری کێڵگە نەوتییەکانی بای حەسەن و ئاڤانا لە کەرکووک و عەین زالە لە مووسڵ بوو، بەڵام تاوەکو ئێستا ڕازی نەبووە کێڵگەی خورمەڵە ڕادەستی حکومەتی عێراق بکات، پەرلەمانی عێراق وەڵامی ڕەتکردنەوەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بە قەدەغەکردنی کارەکانی کۆمپانیای (کار) لە کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووک دایەوە و دەسەڵاتی ئەوەی دایە حکومەتی ناوەندی کە کۆنترۆڵی بەرهەمی ئەو کێڵگەیە بکات.

بەپێی زانیارییەکان پێشنیازی ڕێککەوتنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر کێڵگەی نەوتی خورمەڵە بۆ خستنەوە ژێر دەستی حکومەتی عێراق پەیوەستە بەکۆی گشتیی ڕێککەوتنی نێوان هەردوولا لەسەر پرسە سیاسی و ئابووری و داراییەکانی نێوانیان، بەڵام عێراق ڕەتیکردووەتەوە. بەڵام ئایا کوردستان لەژێر کاریگەریی گوشارەکانی حکومەتی عێراق بۆ ڕادەستکردنەوەی کێڵگەی نەوتی خورمەڵە دەتوانێت چی بکات؟

تاکە کارتی بەهێزی ئابووریی هەرێمی کوردستان کە تا ئێستا توانیویەتی بەرامبەر گوشارەکانی عێراق بەرگە بگرێت، بەرهەمهێنانی نەوت بووە لەو چەند کێڵگە نەوتەی لەژێر کۆنترۆڵی خۆیدایە، بەکێڵگەی نەوتی خورمەڵەشەوە کە گرنگترینیانە، بۆیە پێویستە کورد هەر ڕێککەوتنێک بکات بە ئامادەیی لایەنی سێیەم بێت، لەپێناو پابەندکردنی عێراق بە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکەوە.

حکومەتی عێراق بەردەوام پرسی ناشەفافی لە دۆسیەی نەوتی کوردستان ڕووبەڕووی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکاتەوە، لە ناوخۆی کوردستانیشدا و زۆربەی هێزە سیاسییەکانی کوردستان، هەمان تێڕوانینی حکومەتی عێراقیان هەیە بەرامبەر بە پرسی نەوت. بۆیە پێویستە شەفافیەتی زیاتر لە دۆسیەی نەوت و بەتایبەتی لەم کێڵگە نەوتییە هەبێ.

پێویستە هەرێمی کوردستان داوا بکات دۆسیەی نەوت لەکۆی گشتی پرسەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق جیابکرێتەوە، ڕێکەوتن لەسەر ئەم دۆسیە بدرێتە دەستی گروپێک لە پسپۆڕانی یاسایی و تەکنیکی هەردوولا، نێوەڕۆکی ڕێککەوتنەکە بخرێتە بەردەستی لیژنەی دانوستانکاری عێراق و هەرێمی کوردستان.

بەهۆی پچڕانی پەیوەندییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان لەدوای 2014، دابەزینی نرخی نەوت لە بازاڕی جیهان، شەڕی داعش و هاتنی ژمارەیەکی زۆر ئاوارە بۆ هەرێمی کوردستان، هەروەها لەدەستچوونی 50%ی سەرچاوەکانی نەوت لە دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر، کوردستان ڕووبەڕووی قەرزێکی زۆر بووەتەوە، بۆیە بۆ هەر دانوستاندنێک لە نێوان عێراق و هەرێمی کوردستان پێویستە باشکردنی باری دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان لەبەرچاو بگیرێ.

لەبەرئەوە بەدڵنیاییەوە کێڵگەی نەوتی خورمەڵە، کلیلی چارەسەری بەشێک لە کێشەکانی عێراق و هەرێمی کوردستانە، چونکە هەر ڕێککەوتنێک لەسەر ئەم کێڵگە نەوتییە بکرێ، دەبێتە هۆی ئەوەی بڵێین لەیەک کاتدا بەشێک لە دۆسیەی نەوت و دارایی و ئابووریی نێوان عێراق و هەرێمی کوردستان چارەسەر دەبێت، بەڵام پێویستە زۆر وریابین، ناکرێت لەپای قەرزاربوونێک کە عێراق بەشێکی سەرەکی هۆکارەکەیەتی، کێڵگەیەکی نەوتی تەسلیم بەعێراق بکەین، بەڵکو دەبێ بە ڕێککەوتن و بە پارێزگاریکردن لە کێڵگە نەوتییەکانمان، هەوڵی دانەوەی قەرزەکانیش بدەین.



(فۆتۆ: ڕووداو)

یەدەگی کێڵگەی نەوتی خورمەڵە زیاتر لە 80 ملیۆن بەرمیل نەوتە و ڕۆژانە 110هەزار بەرمیل نەوت بەرهەمدەهێنێ

هونەری
ڕووداو
ژمارە ( 493 ) - دووشەممە 2018/2/12



## گونول دیلان بووک و زاڤا بڵاودەکاتەوە

**میوا سەلاح/ ڕووداو- هەولێر**

خانمە گۆرانیبێژی باکووری کوردستان گونول دیلان نوێترین گۆرانیی خۆی بەناوی "بووک و زاڤا" بڵاوکردەوە، کە لەسەر داوای کوردانی ئێریڤان ئەم گۆرانییەی تۆمارکردووە.

گونول دیلان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "گۆرانیی بووک و زاڤا، یەکێکە لە نوێترین گۆرانییەکانی من کە لەسەر داوای کوردی ئێریڤان لە ڕووسیا تۆمارم کردووە و لە ئاوازو تێکستی خۆمە، ئێستا بەشێوەی دەنگ لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوکراوەتەوەو گۆرانییەکی شادی و گۆڤەندییە". دیلان دەشڵێت ئێستا ئامادەکاری دەکات بۆ تۆمارکردنی ئەلبوومێکی گۆرانی کە چەند تراکێکی ئامادەکردووەو لەگەڵ چەند ئاوازدانەرێک لە ئیستەنبوول کاری لەسەر دەکەن.

## گوڵستان پەروەر لە هەڤپەیڤینێکی بێ سانسۆردا


# گومانم لە شڤان هەبوو کە پەیوەندی لەگەڵ ژنی دیکە هەبێ

خانمە هونەرمەندی ناوداری کورد گوڵستان پەروەر، هەموو شەوانێکی شەممە، لە ڕادیۆی ڕووداوەوە میوانی پێشکەشکاری ناودار هیڤیدار زانایە. دوو کچە کوردی باکووری لەو بەرنامەیەدا گفتوگۆیەکی سەرنجڕاکێش دەکەن. گوڵستان بەبێ سانسۆر ئەزموونی ژیانی تایبەتی و ژیانی هونەری و سیاسیی خۆی و شڤان پەروەر دەگێڕێتەوە. ئێمە لەبەر گرنگیی ئەو گفتوگۆیە، بە باشمان زانی لە هەفتەنامەی ڕووداوەوە بە زنجیرە دووبارە بڵاوی بکەینەوە.

گوڵستان پەروەر ئەمجارەیان باسی کردنەوەی ئەنستیتوتی کورد لە پاریس و یڵماز گونەی و کردنەوەی کەناڵی مەدتیڤی سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستان دەکات.

**هەڤپەیڤین: هیڤیدار زانا**

**بەشی دەیەم**



**ڕووداو: لە ئەڵقەکانی ڕابردوو باسی چوونت بۆ سوێد کرد و لەوێ گوتت پەیوەندی کوردان کەم بوو، کاتێک سەیری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خۆت دەکرد و خێزانەکانی ئەوێت دەبینی، هەستت بە جیاوازییەک دەکرد؟**

**گوڵستان:** جیاوازییەکی زۆر هەبوو. بەڵام من بە شتێکی سروشتی دەمبینی. چونکە من قەناعەتم بەخۆم هێنابوو کە هاوسەرگیریی من وەکو هاوسەرگیریی خەڵکی ئاسایی نییە. من کوردم، من شۆڕشگێڕم. من دەخوازم کوردستانێکی ئازاد هەبێ، بۆ ئەمە خەبات دەکەم. دەبێ ژیانی من لە خزمەتی ئەو ئامانجەدا بێ. نەک بە تەنیا ژیانی خۆم، ژیانی کوڕی خۆم، من بەو جۆرە ژیام. ئەگەر قەناعەتم بەخۆم نەهێنابا نەمدەتوانی یەک ڕۆژیش ئەو ژیانە قبوڵ بکەم. زۆر زەحمەتە بە منداڵێکی بچووکەوە لە وڵاتێکدا بژی کە شەش مانگی تاریک و بەفرە، شەش مانگیشی ڕووناکە. هەموو شتێکی ئەو وڵاتە بۆ تۆ عەجیب بێ، وڵاتێک لەوپەڕی دونیا. میللەتێک بە تەواوی لە تۆ جیاواز و هیچ هاوبەشییەک لە نێوان من و ئەوێدا نەبێ. بۆ من سوێد هەسارەیەکی دیکە بوو.

**ڕووداو: سەرخۆبوون لە باخچەی ساوایان بوو، پێی خۆشبوو؟**

**گوڵستان:** سەرخۆبوون منداڵێکی زۆر عەجول بوو، گوێی بە هیچ نەدەدا، لە منداڵانیشی دەدا، من ئێستا وا بیر دەکەمەوە سەرخۆبوون بەو ڕەفتارانەی ئەوکات دەیکرد، نیشانی دەدا کە کەسێکی نائاسوودە بووە. من منداڵ بووم کە بووم بە دایک. دەبووایە لە تەمەنی 25 ساڵی یان 30 ساڵی منداڵ دروست بکەم. من و سەرخۆبوون پێکەوە گەورە دەبووین، ئەو هەڤاڵی منە. ئێستا وا هەست دەکەم

## من و کورەکەم پێکەوە گەورە دەبووین

برا گەورەمە، زۆرجار ئەو بڕیارەکانی بەسەر مندا دەسەپێنێ. ویژدانم بەرامبەر سەردەمی منداڵێتیی سەرخۆبوون نائاسوودەیە.

**ڕووداو: پەیوەندی سەرخۆبوون و باوکی چۆن بوو؟**

**گوڵستان:** ئەو بە حەسرەتی بینینی باوکی خۆی بوو. کە باوکی دەبینی هەر دەیگوت بابە بابە، حەزی نەدەکرد لێی جیاببێتەوە. زۆر هۆگری باوکی بوو. کە بۆی دەگریا شڤان دەیگوت بۆ

## بۆ من سوێد هەسارەیەکی دیکە بوو

من نەگری، وای لێهاتبوو سەرخۆبوون نەیدەوێرا لەلای باوکی بگری. شڤان باوکێکی وشک بوو بۆ سەرخۆبوون.

**ڕووداو: مامۆستا شڤان بۆچی وای دەکرد؟ ئایا لەبەر ئەوەی بوو کە فێری ئارامگرتن بێ، چونکە ئەو زۆربەی کات لە دەرەوە بوو؟**

**گوڵستان:** ڕەنگە لەبەر ئەوە بوویێ، تەحەمولی گریانی منداڵان ناکات.

**ڕووداو: دوایی کە سەرخۆبوون کەمێک گەورە بوو، پەیوەندی لەگەڵ باوکی چۆن بوو؟**

**گوڵستان:** ئەوە شتێکی سەیرە، تۆ لە شڤان بپرسە دەڵێت هەموو شتێک نۆرماڵ بوو، باوکێکی زۆر باش بووم. چیم لەدەست هاتبێ بۆم کردووە.

**ڕووداو: سەرخۆبوونیش وا بیر دەکاتەوە؟**

**گوڵستان:** سەرخۆبوون هەموو جارێک دەڵێت ئێوە ژیانێکی نۆرماڵتان نەبووە. ئێستا دەڵێت من منداڵێک نایەنمە دونیا، ئەگەر هەموو کات و ژیانم و هێزم بۆ ئەو منداڵە نەبێ. ئەوە مانای ئەوە دەگەیەنێ کە کاتی خۆی ئێمە کات و ژیانی خۆمان بەو نەداوە.

**ڕووداو: ئەوکات کە تۆ لە سوێد بووی، یەڵماز گونەی تورکیای جێهێشتبوو، لە پاریس بوو، ئێوە ئەوتان بینی؟**

**گوڵستان:** بیرمە ساڵی 1983 ئینستیتوتی کورد لە پاریس دامەزرا. هەواڵیان بۆ ناردین کە ئێوە (گوڵستان و شڤان) وەکو دوو هونەرمەند داوەتکراون بۆ ئاهەنگێک لە پاریس، ئێمە چووین بۆ ئەوێ. سەیدایێ جگەرخوینیش هاتبوو، زۆر کەسایەتی دیکەی کورد لەوێ بوون. چەند ڕۆژێک لەوێ بووین، شەوی کردنەوەی ئینستیتوت بۆ یەکەمجار یڵماز گونەیمان بینی، چاک و چۆنیمان کرد. بیرمە چووە سەر ستەیج و گوتی دەبێ چوار پارچەی کوردستان ببێتە یەک دەوڵەت. ئێمە بۆ ئەو ئامانجە تێدەکۆشین. مخابن ئەو ڕۆژانەی نەدیت.

**ڕووداو: یڵماز گونەی کوردیی دەزانی؟**

**گوڵستان:** نەخێر، باوکی یڵماز گونەی زازا بوو، لە سوورەکێ کێشەی خوێنداری هەبوو، بۆیە چووبوو بۆ ئەدەنە. دایکی یڵماز کرمانجە و خەڵکی مووشە. ئیدی لە ئەدەنە یەکدی دەبینن و هاوسەرگیری دەکەن. یڵماز لە ئەدەنە لەدایکبووە. یڵماز دەڵێت کاتێک دایکم و باوکم بیانویستبا ئێمە لە قسەکانیان تێنەگەین بە کوردی قسەیان دەکرد. من دەمزانی ئەوە کوردییە. من کوردی فێر نەبووم لەبەر ئەوەی دراوسێکانمان هەموو تورک بوون. ئەو سۆسیالیست بوو، مارکسیست بوو، کوردپەروەر بوو. ئەو دەیویست کوردستانێکی مارکسیستی سەربەخۆ هەبێ. هەتا دوایین هەناسەی ژیانیشی هەر بۆ ئەو ئامانجە تێدەکۆشا.

**ڕووداو: ئەو شەوە چۆن تێپەڕی، ئێوە کۆنسێرتتان کرد؟**

**گوڵستان:** بەڵێ، من چوومە سەر ستەیج و گۆرانیم گوت، شەوێکی زۆر خۆش دەربا

## شڤان باوکێکی وشک بوو بۆ سەرخۆبوون

بوو، فیلمەکانی یڵماز گونەی کرانە کوردی و نمایش کران. ئەو شەوە بۆ هەموومان شەوێکی دیرۆکی بوو، قەت لەبیر ناکرێ.

**ڕووداو: دەگەڕێینەوە سوێد، ئێوە چۆن توانیتان بۆ ماوەیەکی زۆر درێژە بە هاوسەرگیرییەک بدەن، تۆ لەلایەک و مامۆستا شڤان لەلایەکی دیکە. ڕاستە ئێوە بۆ یەک ئامانج تێدەکۆشان، بەڵام دواجار ئێوە ژن و مێرد بوون، مافی ژن و مێردایەتیتان بەسەر یەکەوە هەبوو. ئایا لەو ڕووەوە هیچ کەموکوڕییەکتان نەبوو؟**

**گوڵستان:** با کەموکوڕی هەبوو. من ئێستا بیری لێدەکەمەوە، ئەو ژیانە بەلای شڤانەوە ئاسایی بوو، شڤان لەو ڕووەوە هیچ کەموکوڕییەکی نەدەبینی، بەمنی دەگوت ماڵی براکەت لێرەیە. کوڕت هەیە، دەچییە قوتابخانە، توانات هەیە، تۆ چ دەخوازی؟ پێیدەگوتم لە ماڵەوە دانیشە، دەنگت دەرنەیەت. زۆرجار تەلەفۆنم بۆ دەکرد، پێمدەگوت کەی دێیتەوە ماڵ؟ ئەویش تووڕە دەبوو، دەیگوت دیسان دەستت پێکرد؟ کەی کارم تەواو بوو دێمەوە. کە وای دەگوت من زۆر تووڕە دەبووم.

**ڕووداو: تۆ گومانت دەکرد شڤان پەیوەندی هەبێ، بۆیە وایە؟**

**گوڵستان:** بەڵێ بێگومان. چونکە شڤان هونەرمەند بوو، کەسێکی بەرچاو بوو. من دەمگوت شڤان پەیوەندی لەگەڵ ژنی دیکە هەیە. پێمدەگوت کە تۆ هێندە لە دەرەوەی، ئاسایی نییە، ئەویش حاشای لێدەکرد.

**ڕووداو: ئێوە پێشتر لایەنگری پەکەکە بوون و لە ڕیزی ئەوان خەباتتان دەکرد، بەڵام دواتر بەهۆی هەندێک کێشە لە پەکەکە دوورکەوتنەوە، تا وای لێهات کۆنسێرتەکانی ئێوە لەلایەن پەکەکەوە پرۆتستۆ دەکران، ئایا پەیوەندیتان لەگەڵ پەکەکە ئاسایی بووەوە؟**

**گوڵستان:** هەتا تەلەفزیۆنی مەد تیڤی نەبووەوە، پەیوەندیمان وابوو. کە تەلەفزیۆنەکە کرایەوە، هاتنە لامان و گوتیان با لاپەڕەیەکی نوێ بکەینەوە. ئێمە ناڵێین خزمەتی ئێمە بکەن، خزمەتی میللەتی خۆتان بکەن. دەنگی خۆتان بگەیەننە میللەت. بەڕاستیش مەدتیڤی شۆڕشێک بوو بۆ خۆی. بەلای ئێمەوە کردنەوەی ئەو تەلەفزیۆنە وەکو دروستبوونی دەوڵەت وا بوو. کاریگەریی زۆری هەبوو، لە ئەورووپا بە زمانێکی قەدەغەکراو پەخش دەکرا، لە سێ پارچەی کوردستان شەڕ بوو. ئەو تەلەفزیۆنە بۆ ئێمە زۆر گرنگ بوو، ئامادەبووین ڕۆحی خۆمانی پێشکەش بکەین.

## شڤان دەیگوت لە ماڵەوە دانیشە و دەنگت دەرنەیەت

## پەیوەندیمان لەگەڵ پەکەکە پاش کردنەوەی مەدتیڤی ئاسایی بووەوە

## ئاریانا مارکس، ئەو هونەرمەندە بەرازیلیەی شەیدای کورد بووە:

# خۆزگە کورد دەبووم



خانمە گۆرانیبێژی بەرازیلی ئاریانا مارکس (Ariane Marqs)، ماوەیەکی زۆرە هۆگری گۆرانی و میوزیکی کوردی بووە. ئەو دەڵێت گۆرانیی کوردی دڵهەژێنە و لە گۆرانییەکانەوە هەست بە ئێش و ئازاری خەڵکی کوردستان دەکەی. مارکس کە دەمێکە لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان گۆرانی بە زمانی کوردی بڵاودەکاتەوە، لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی خۆی دەکات.

**هەڤپەیڤین: مەم وێرانی**
**ڕووداو- هەولێر**

## لەڕێی ئینتەرنێتەوە فێری کوردی بووم

**ڕووداو: لەکەیەوە دەستت بە گۆرانیگوتن کردووە؟**

**ئاریانا:** لە گەڕەکەکەی ئێمە گرووپێکی میوزیکی بچووک هەبوو، لەگەڵ ئەوان فێری میوزیکژەنین بووم و دواتر هەر لەگەڵ ئەوان دەستم بە گۆرانی کرد. ئێستاش هەر لەگەڵ ئەو گرووپە کاردەکەم، بەڵام زیاتر وەکو ژەنیارێک.

**ڕووداو: ئەی چۆن ئاشنایەتیت لەگەڵ گۆرانی و میوزیکی کوردی پەیدا کرد؟**

**ئاریانا:** هەر لەسەرەتاوە حەزم دەکرد بەزمانەکانی دیکە گۆرانی بڵێم، بەڵام زیاتر حەزم دەکرد گۆرانی بە زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان بڵێم، وەکو فارسی، عەرەبی و تورکی، بە ڕێکەوت گوێم لە گۆرانییەکی تورکی بوو، گوتم دەبێت فێری زمانی تورکی بم. لە تورکیا هاوڕێیەکی نوێم دۆزییەوە، گوتم فێری زمانی تورکیم بکە بۆ ئەوەی گۆرانیی تورکی بڵێم، بەڵام ئەو گوتی من کوردم، بەڕاستی تاوەکو ئەوکات هیچ شتێکم لەسەر کورد نەدەزانی. ئەو هاوڕێیە گۆرانییەکی کوردی بۆ ناردم و بەوجۆرە فێری زمانی کوردی بووم و گۆرانیی کوردیم خۆشویست. بەڕاستی هونەری گۆرانیی کوردی زۆر دەوڵەمەندە.

**ڕووداو: فێربوونی زمانی کوردی سەخت نەبوو؟**

**ئاریانا:** سەرەتا زۆر زەحمەت بوو، بەڵام بەهۆی خۆشەویستیم بۆ گۆرانی و میوزیکی کوردی سارد نەبوومەوە لە فێربوونی، زمانی کوردی زۆر شیرینە و گۆرانیی کوردیش منی حەلاندووە.

**ڕووداو: ئەو هاوڕێیەی تۆ، کامە گۆرانیی کوردی بۆ ناردی؟**

**ئاریانا:** یەکەمین گۆرانیی کوردی کە گوێم لێبوو گۆرانییەک بوو بەناوی "یارێ"، بەڕاستی زۆر کاریگەری لەسەرم جێهێشت.

**ڕووداو: زۆر بە حەماسەوە گۆرانیی کوردی دەڵێی، ئەو حەماسە لە چییەوە هاتووە؟**

**ئاریانا:** گۆرانیی کوردی دڵهەژێنە، دەتوانی لە ڕێگەی گۆرانی و میوزیکی کوردییەوە هەست بە ئێش و ئازاری ئەو گەلە بکەی، لەگەڵ ئەوەشدا چیرۆکی ئەڤینداریی نێو گۆرانیی کوردی، لە هیچ شوێنێکی ئەم جیهانە گوێت لێ نابێ و بۆ ئێمە زۆر نوێیە، گۆرانیی کوردی پڕە لە حەماسەت و بەرخودان، کاتێک من بە کوردی گۆرانی دەڵێم، هاوڕێیەکانم پێم دەڵێن تۆ کچێکی کوردی لە بەرازیل دەژی، هیچ جیاوازییەک لەگەڵ گۆرانیبێژی کوردی نابینن، منیش پێیاندەڵێم خۆزگە من کچێکی کورد دەبووم.

**ڕووداو: زیاتر گوێ لە کامە هونەرمەندی کورد دەگری؟**

**ئاریانا:** گوێ لە زۆر هونەرمەندی کورد دەگرم، لەوانە ئاینوور دۆغان، جوان حاجۆ، خێرۆ عەباس، مەم ئارارات و ئاواز باران.

**ڕووداو: حەز دەکەی سەردانی کوردستان بکەی؟**

**ئاریانا:** بەڵێ زۆر حەز دەکەم سەردانی کوردستان بکەم، بەتایبەتی مێردین، ئامەد و وان.

## زۆر حەز دەکەم سەردانی مێردین و ئامەد و وان بکەم

**ڕووداو: حەز دەکەی لەگەڵ کامە هونەرمەندی کورد دوێت بکەی؟**

**ئاریانا:** زۆر حەز دەکەم لەگەڵ هونەرمەندی کورد خێرۆ عەباس و جوان حاجۆ دوێت بکەم، چونکە پێموایە ئەو هونەرمەندانە توانیویانە گۆرانیی فۆلکلۆر بەشێوازی مۆدێرن زیندوو بکەنەوە، بێ ئەوەی بنەڕەتی گۆرانییە فۆلکلۆرییەکە بگۆڕن، ئەمەش شارەزایی و لێهاتوویی دەوێت.

**ڕووداو: هیچ کوردێک لە بەرازیل دەژیت؟**

**ئاریانا:** تاوەکو ئێستا هیچ کوردێکم لە بەرازیل نەبینیوە، هەموو هاوڕێیە کوردەکانم لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە ناسیوە، هەر لەم ڕێگایەشەوە فێری زمانی کوردی بووم، ئێستا ڕۆژانە لەگەڵ یەکدی گفتوگۆ دەکەین و زیاتر فێری زمانی کوردی دەبم.

**ڕووداو: وەکو بەرازیلییەک ئاگات لە ڕەوشی سیاسی و ئابووریی کوردستانە؟**

**ئاریانا:** بەڕاستی مایەی خەمە کە کورد وەکو نەتەوەیەکی مەزن نە خاوەن جێگا و نە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیەتی، لەگەڵ ئەوەشدا دووچاری لەناوبردن و کوشتن و گرتن بوونەتەوە. هیوادارم چارەسەرێک بۆ کێشەی کورد بدۆزرێتەوە.

## گۆرانیی کوردی دڵهەژێنە و زمانی کوردی زۆر شیرینە



LAFARGE

Lafarge Cement Iraq
Bazian Cement Company

## بانگهێشت بۆ پێشکەش کردنی نرخ
## بۆ
## ( دابین کردنی لمی نێوخۆیی "سلیکا" بۆ کارگەی چیمەنتۆی بازیان )

## کۆمپانیای چیمەنتۆی بازیان/سنووردار
## ژ.ت : 2018-BAZ 10

## کۆتا بەروار بۆ وەرگرتن : 2018-02-15

بەروار:2018-01-20

کۆمپانیای چیمەنتۆی بازیان/سنووردار تەندەری ژمارە 2018-BAZ 10:ڕادەگەیەنێت بۆ ( دابین کردنی لمی نێوخۆیی:"سلیکا" ) بۆ کارگەی چیمەنتۆی بازیان بۆ ساڵی 2018 :بۆ ئەم مەبەستە سەرجەم ئەو کۆمپانیا ئارەزومەندانەی کە تایبە تمەندن لەم بوارەدا دەتوانن بەنوسراوی فەرمی ئامادەیی خۆیان نیشان بدەن بۆ بەجێ هێنانی داواکاری کارگەکەمان لەگەڵ دیاری کردنی نرخ پاش پێداچوونەوەی تەواوی ئەو خاڵانەی کە لە خوارە:باس کراوە, بۆ گەیاندنی دەرخستەکان تکایە سەردانی بەشی کڕینی کۆمپانیا بکەن لە کارگەی چیمەنتۆی بازیان یاخود دەرخستەکان بنێرن بۆ ئیمەیلی ( barez.rozhbayani@lafargeholcim.com ):بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بە ژمارە تەلەفۆنی :07730639090

مەرجەکان : :

1-بەڵێندەر پێویستە پابەندی تەواوی هەبێت:بە مەرجەکانی سەلامەتی کارگەوە: :
2-بەڵێندەر پێویستە توانای دەستەبەر کردنی بڕی ( 60,000:–80,000 )شەست هەزار بۆ هەشتا هەزار تەن لمی نێوخۆیی "سلیکا"ی هەبێت بۆ ساڵی 2018: :
3-بەلێندەر پێویستە پاییلێکی ( 3500 ) سێ هەزار و پێنج سەد :تەنی بەلایەنی کەمەوە لە لمی نێوخۆیی "سلیکا" بەشێوەیەکی بەردەوام دەستەبەر بکات لە نێو کارگەدا: :
4-ئەو جۆرە لمەی بەلێندەر دابینی دەکات پێویستە 100٪:هەڵگری ئەو سیفاتانە بێت کە لەم خشتەیەی لای خوارەوەدا هاتووە: :
5- پشکنین بۆ:سەرجەم بارهەڵگرەکانی بەڵێندەر دەکرێت لەلایەن وەرشەی کۆمپانیاوە پێش دەست کردن بە کار:وە پاش دڵنیا بوون لە دروستی مەرجەکانی توند و تۆڵی ڕێگە بەکارکردنیان دەدرێت: :
6- پێویستە سەرجەم:ئەو بارهەڵگرانەی کە بەڵێندەر بەکاریان دەهێنێت بۆ گواستنەوەی کەرەستەی ناوبراو 6:ویل بن: :
7-دابین کردنی لۆدەر " شۆفڵ " لە ڕۆژانی هێنانی باردا بۆ ڕێکخستنی پایلی لمی سلیکا: :
8-بەڵێندەر ڕۆژێك بەر لە دەست بەکاربوون پێویستە سەرجەم شۆفێرەکانی بانگهێشتی کارگە بکات بۆ وەرگرتنی کۆرسی سەلامەتی کار و بینینی شوێنی کار و شوێنی دروست کردنی پایلەکە: :
9-کۆمپانیای پێشکەشکار پێویستە نووسراوی گەرەنتی ( LG ) لە یەکێك لە بانکە بڕوا پێکراوەکانی کوردستانی عێراق بە بڕی 10٪ ی کۆی گشتی گرێبەستەکە پێشکەش بە کۆمپانیای چیمەنتۆی بازیان بکات, کۆمپانیای چیمەنتۆی بازیان بە مافی سروشتی خۆی دەزانێت کە مامەڵە بە بڕی ( LG ) یەکەوە بکات لە کاتی پاشگەزبوونەوەی لایەنی پێشکەشکار لە دابین کردنی کەرەستەی ناوبراو.

خشتەی جۆریی : :

| Raw Material | Limit | $SiO_2$ | $Al_2O_3$ | $Fe_2O_3$ | CaO | MgO | $SO_3$ | Moisture |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Sand | Min | 85 | | | | | | |
| | Max | | 3.5 | 1.5 | | 0.01 | 1.5 | 13 |

LAFARGE

Lafarge Cement Iraq
Bazian Cement Company

## بانگهێشت:بۆ پێشکەش کردنی نرخ
## بۆ
## ( دابین کردنی گڵی ئاسن لە جۆری ئێرانی "هێماتایت":بۆ کارگەی چیمەنتۆی بازیان )

## کۆمپانیای چیمەنتۆی بازیان/سنووردار:
## ژ.ت: 2018-BAZ 11 :

## کۆتا بەروار بۆ وەرگرتن : 2018-02-15:

:
بەروار:2018-02-08:
:

کۆمپانیای چیمەنتۆی بازیان/سنووردار تەندەری ژمارە 2018-BAZ 11:ڕادەگەیەنێت بۆ ( دابین کردنی:گڵی ئاسن لە جۆری ئێرانی "Hematite" ) بۆ کارگەی چیمەنتۆی بازیان بۆ ساڵی 2018 :بۆ ئەم مەبەستە سەرجەم ئەو کۆمپانیا ئارەزومەندانەی کە تایبە تمەندن لەم بوارەدا دەتوانن بەنوسراوی فەرمی ئامادەیی خۆیان نیشان بدەن بۆ بەجێ هێنانی داواکاری کارگەکەمان لەگەڵ دیاری کردنی نرخ پاش پێداچوونەوەی تەواوی ئەو خاڵانەی کە لە خوارە:باس کراوە, بۆ گەیاندنی دەرخستەکان تکایە سەردانی بەشی کڕینی کۆمپانیا بکەن لە کارگەی چیمەنتۆی بازیان یاخود دەرخستەکان بنێرن بۆ ئیمەیلی ( barez.rozhbayani@lafargeholcim.com ):بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بە ژمارە تەلەفۆنی :07730639090: :
: :

مەرجەکان : :
: :

1-بەڵێندەر پێویستە پابەندی تەواوی هەبێت:بە مەرجەکانی سەلامەتی کارگەوە: :
2-بەڵێندەر پێویستە توانای دەستەبەر کردنی بڕی ( 40,000:بۆ 60,000 ):چل هەزار بۆ شەست هەزار تەن گڵی ئاسن لە جۆری ئێرانی :"Hematite "ی هەبێت بۆ ساڵی 2018: :
3-بەلێندەر پێویستە پاییلێکی ( 5000 ) پێنج:هەزار تەنی بەلایەنی کەمەوە لە گڵی ئاسن:بەشێوەیەکی بەردەوام دەستەبەر بکات لە نێو کارگەدا: :
4-ئەو جۆرە:گڵە ئاسنینەی بەڵێندەر دابینی دەکات پێویستە 100٪ هەڵگری ئەو سیفاتانە بێت کە لەم خشتەیەی لای:خوارەوەدا هاتووە: :
5- پشکنین بۆ:سەرجەم بارهەڵگرەکانی بەڵێندەر دەکرێت لەلایەن وەرشەی کۆمپانیاوە پێش دەست کردن بە کار:وە پاش دڵنیا بوون لە دروستی مەرجەکانی توند و تۆڵی ڕێگە بەکارکردنیان دەدرێت: :
6- پێویستە سەرجەم:ئەو بارهەڵگرانەی کە بەڵێندەر بەکاریان دەهێنێت بۆ گواستنەوەی کەرەستەی ناوبراو 6:ویل بن: :
7-دابین کردنی لۆدەر " شۆفڵ " لە ڕۆژانی هێنانی باردا بۆ ڕێکخستنی پایلی گڵی ئاسنین: :
8-بەڵێندەر ڕۆژێك بەر لە دەست بەکاربوون پێویستە سەرجەم شۆفێرەکانی بانگهێشتی کارگە بکات بۆ وەرگرتنی کۆرسی سەلامەتی کار و بینینی شوێنی کار و شوێنی دروست کردنی پایلەکە: :
9-کۆمپانیای پێشکەشکار پێویستە نووسراوی گەرەنتی ( LG ) لە یەکێك لە بانکە بڕوا پێکراوەکانی کوردستانی عێراق بە بڕی 10٪ ی کۆی گشتی گرێبەستەکە پێشکەش بە کۆمپانیای چیمەنتۆی بازیان بکات, کۆمپانیای چیمەنتۆی بازیان بە مافی سروشتی خۆی دەزانێت کە مامەڵە بە بڕی ( LG ) یەکەوە بکات لە کاتی پاشگەزبوونەوەی لایەنی پێشکەشکار لە دابین کردنی کەرەستەی ناوبراو: :
: :

خشتەی جۆریی : :
: :

| Raw Material | Limit | $SiO_2$ | $Al_2O_3$ | $Fe_2O_3$ | CaO | MgO | $SO_3$ | Moisture |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Iron Ore | Min | | | 50 | | | | |
| | Max | 20 | 3.5 | 65 | 10 | 1 | 0.5 | 13 |

:

# کچێکی 17 ساڵان خۆی دەخنکێنێ

عومەر چاوشین
ڕووداو – حاجیاوا

باوکی ئەڤین لە پرسەی ناسیاوێکیان بوو، نەیدەزانی ئەویش دوای چەند سەعاتێکی دیکە دەبێتە خاوەن پرسە، کاتێک زەنگی تەلەفۆنەکەی لێدەدات و لە خۆخنکاندنی کچەکەی ئاگادار دەکرێتەوە، بە پەلە دەگەڕێتەوە ماڵەوە. ئێستا باوکی ئەڤین داوا دەکات فریای دوو منداڵەکەی دیکەی بکەون بۆ ئەوەی ئەوانیش بە دەردی خوشکەکەیان نەچن.

ڕۆژی 2018/2/4 کچێکی تەمەن 17 ساڵ بەناوی (ئەڤین بەکر) دانیشتووی گەڕەکی شیشاری ناحیەی حاجیاوای سەر بە قەزای ڕانیە، لەنێو ماڵی خۆیاندا بە پەتێک خۆی هەڵواسی، هەرچەندە بەر لەوەی گیانی دەربچێ، دایکی گەیشتە سەری و پەتەکەی ملی پچڕاند، بەڵام دوای چەند سەعاتێک لە نەخۆشخانە گیانی دەرچوو.

باوکی ئەڤین دوو ژنی هەیە و دەڵێت هیچ کێشەیەکی خێزانی لەنێو ماڵەکەیدا نییە، بەڵام بەبڕوای خۆی کچەکەی تووشی نەخۆشیی دەروونی هاتبوو، سەرچاوەی نەخۆشییەکەشی "ترس" بووە. بەکر دەڵێت "ئەڤین دووساڵ بوو تووشی نەخۆشیی دەروونی هاتبوو، زۆرجار دەبوورایەوە، زۆربەی کاتیش گۆشەگیر بوو".

باوکی ئەڤین پێیوابووە بۆ چاکبوونەوەی کچەکەی ئایین باشترین شتە، بۆیە دەڵێت "بردمە لای زۆر مەلا و شێخ کە دەمهێنایەوە ماوەیەک باش دەبوو، بەڵام دواتر وەک خۆی لێدەهاتەوە. قەناعەتم وابوو کە کچەکەم بەوە چارەسەر دەبێ و خودا شیفای بۆ دەنێرێ، بۆیە نەمبردە لای پزیشکی دەروونی".

## باوکی ئەڤین

**پێموابوو دین چارەسەری دەکات، بۆیە نەمبردە لای پزیشکی دەروونی**

باوکی ئەڤین دەڵێت بەردەوام چاوی لەسەر کچەکەی بووە، چونکە پێشتر چەند جارێک بینیویەتی دەستی لە گەرووی خۆی ناوەو گوتوویەتی کە حەزدەکات بمرێ. باوکی دەڵێت: "ئەڤین هەر شتێکی پێویست بووایە، بۆم جێبەجێ دەکرد، چەند جارێک پێمگوت شوو بە هەر کەسێک بکەی کە خۆت دەتەوێ، ڕێگەت لێناگرم. هیچ کات پێمان وانەبووە کە ڕووداوێکی وا بەسەرخۆی بێنێ، بۆیە زۆرجار بەتەنیا بەجێمانهێشتووە".

بەکر باسی سەرەتای سەرهەڵدانی نەخۆشیی کچەکەی کرد و گوتی " دوو ساڵ لەمەوبەر تووشی نەخۆشی بوو، نازانم چۆن تووشبوو، بەڵام هەست دەکەم ترسابێ، شەوێک نەنکی لەسەر جێگە بە گاگۆڵکێ ڕۆیشتبوو، ئەویش بە بینینی ئەو دیمەنە زۆر ترسابوو، یەکسەر لەهۆش چووبوو. لەو کاتەوە باری دەروونی بەتەواوی تێکچوو".

باوکی ئەڤین باسی ڕۆژی ڕووداوەکە دەکات و دەڵێت: "ئەو ڕۆژە لە پشدەر لە پرسەی ناسیاوێکمان بووم، تەنیا دایکی ئەڤین لە ماڵ بوو، خەریکی ئیشی ناوماڵ بوو، ئەو دڵی خەبەری دابوو کە ئەڤین شتێکی بەسەرهاتووە، کاتێک بانگی کردووە، وەڵامی نەداوەتەوە، کاتێک دەچێتە ژوورەوە دەبینێ ئەڤین بە پەت خۆی هەڵواسیوە، ئەویش خێرا بە چەقۆیەک پەتەکە دەپچڕێنێ و هاوار بۆ دراوسێکانی دەبات. ئیمام و خەتیبی مزگەوتی گەڕەک دەستبەجێ بە ئۆتۆمبێلی خۆی بردبووی بۆ نەخۆشخانەی گشتیی ڕانیە".

ئێستا بەکر دەڵێت "دوو منداڵی دیکەم هەن هەمان گرفتیان هەیە، هیوادارم حکومەت خەمێکیان لێ بخوات، بۆ ئەوەی ئەوانیش بە دەردی ئەڤین نەچن".

مەلا ڕێبوار محەممەد، ئیمام و خەتیبی مزگەوتی خێرخوازان لە ناحیەی حاجیاوا لەبارەی ڕووداوەکە دەڵێت: "دوای نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە لە مزگەوت خەریکی کارکردن بووین لەگەڵ کرێکارەکان، لە کۆڵان گوێمان لە هاوارێک بوو، ڕامانکردە دەرەوە، بینیمان کچێک خۆی هەڵواسیبوو، پەتێک بەملیەوە بوو، دایکی بەچەقۆ بڕیبووی. منیش دەستبەجێ بردم بۆ نەخۆشخانەی ڕانیە، دوای ئەوەی چارەسەری سەرەتایی بۆ کرا ناردیان بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەولێر، بەڵام ئێوارە لە نەخۆشخانە گیانی دەرچوو".

هەر لەوبارەوە فەرمان ئەحمەد، بەڕێوەبەری کارگێڕیی نەخۆشخانەی گشتی ڕانیە بە (ڕووداو)ی گوت: "پاش نیوەڕۆی ڕۆژی 2018/2/4 کچێکیان هێنایە بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەکەمان کە بە پەت خۆی هەڵواسیبوو، بەڵام دایکی فریای کەوتبوو. دوای چارەسەری سەرەتایی، هەناسەمان بۆ گێڕایەوە، بەڵام باری تەندروستی ناجێگیر بوو، زۆر بە کەمی ئۆکسجین بۆ مێشکی دەچوو، بۆیە بەڕێمانکرد بۆ هەولێر، بەڵام لەوێ گیانی دەرچوو".

بە گوتەی فەرمان ئەحمەد، جگە لەو کچە، هەر ئەمساڵ کچێک کە خۆی سووتاندبوو، یەکێکی دیکەش کە سووتابوو، گەیەنراونەتە بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەکەیان، دوای ئەوەی چارەسەری سەرەتاییان بۆ کراوە، نێردراون بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی.

ڕائید شۆڕش ئیسماعیل، گوتەبێژی پۆلیسی ڕاپەڕین دەڵێت کە لەبارەی ڕووداوی خۆخنکاندنی ئەو کچە دەستیان بە لێکۆڵینەوە کردووە "ئەو کچە لە ماڵەوە خۆی هەڵواسیوە، دایکی فریای کەوتووە و پەتەکەی لە ملی کردووەتەوە، بەڵام کچەکە لە نەخۆشخانە گیانی دەرچووە".

سەبارەت بە هۆکاری ڕووداوەکەش، ڕائید شۆڕش گوتی: "هۆکارەکەی بۆ پۆلیس ڕوون نییە، دادوەر بڕیاری داوە گوتەی کەسوکارەکەی وەربگیرێ".



باوکی ئەڤین دەڵێت کچەکەی بەهۆی ترسەوە تووشی نەخۆشیی دەروونی بووبوو

## ساڵی ڕابردوو

# 14 ژن بە پاساوی "پاراستنی شەرەف" کوژراون

تریسکە شێرزاد
ڕووداو– هەولێر

هەر ئەوەندەی بەس بوو کە کچەکەی ببینێ لە ئۆتۆمبێلی کەسێکی بێگانە دێتە خوارەوە.. باوکی هێڤین هیچی نەگوت تاوەکوو کچەکەی چووە ژوورەکەی خۆی، ئیدی هەر لەوێ دەستی خستە بیناقاقای و خنکاندی.

هێڤین یەکێکە لەو 14 ژنەی کە بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان، ساڵی ڕابردوو بەناوی "پاراستنی شەرەف" کوژراون.

### کچەکەی خۆی خنکاند

(هێڤین.ع.ح) تەمەن 14 ساڵ، کچە ئاوارەیەکی کوردی ڕۆژئاوای کوردستان و دانیشتووی گەڕەکی کەسنەزانی نوێی سەر بە پارێزگای هەولێر بوو، هێڤین پەیوەندیی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێک هەبووە، بەڵام کاتێک باوکی بە پەیوەندییەکەی زانیوە، خنکاندوویەتی.

ئەو ڕووداوە ڕۆژی 2017/9/1 ڕوویداوە و بەپێی لێکۆڵینەوەکانی پۆلیس، کاتێک باوکی هێڤین بینیویەتی کچەکەی لە ئۆتۆمبێلی خۆشەویستەکەی دابەزیوە، ئەمەی پێ قبوڵ نەکراوە، کاتێک هێڤین چووەتە ژوورەکەی، یەکسەر خنکاندوویەتی. باوکی هێڤین کە ئێستا بەپێی مادەی 406 لە یاسای سزادانی عێراقی لە زیندانە، لەلای پۆلیس گوتوویەتی کە "پەشیمان نییە" لە کوشتنی کچەکەی.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان، کوشتنی ئافرەتانی بەسەر نۆ هۆکاردا دابەش کردووە (خێزانی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، کەم عەقڵی، نەزانراو، خۆشەویستی، دەستدرێژی ، بیانووی شەرەف، قەزاوقەدەر).

### کوشتنی 50 ئافرەت

بەپێی ئاماری ئەو بەڕێوەبەرایەتییە، ساڵی ڕابردوو 50 ئافرەت بەو هۆکارانەی سەرەوە کوژراون، زۆرترینیان بە بیانووی پاراستنی شەرەف کوژراون کە 14 ئافرەت بووە. 12 ئافرەتیش هۆکاری کوژرانیان نەزانراوە، لەو 50 ئافرەتە تەنیا 4 یان بە "قەزاوقەدەر" کوژراون. لەو 14 ئافرەتەشی کە بە بیانووی شەرەف کوژراون، سێیان لە هەولێر و 11ی دیکەیان لە سنووری پارێزگای دهۆک بوون.

پۆلیس دۆسیەی بۆ هەر 50 ڕووداوەکەی کوشتن کردووەتەوە، 12 لەو دۆسیانە حەواڵەی دادگای تایبەتمەند کراون، پەڕاوی 15 دۆسیە داخراون و لێکۆڵینەوەش لە 23 دۆسیەکەی دیکە بەردەوامە.

لە دیدی چالاکڤانان و ڕێکخراوەکانی ئافرەتانەوە، یاسای (غسل العار)ی سەردەمی بەعس هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی پیاوان بە ئاسانی بە بیانووی پاراستنی شەرەف دەستیان بچێتە خوێنی ئافرەتان، هەر بۆیە پەرلەمانی کوردستان ئەو یاسایەی هەموار کردەوە کە سزایەکی کەمی بۆ بکوژی ژنان تێدابوو، ئیدی کوشتنی ژنانیش وەکو کوشتنی بە ئەنقەست مامەڵەی لەگەڵ کرا، بەڵام هێشتا کەسانێک هەن گوێ بە قورسیی سزاکە نادەن و دەستیان دەچێتە گیانی کەسوکاری خۆیان، بۆ نموونە کەسێکی وەکو برای پەیمان.

### پەشیمان نییە

کاتێک مێردی پەیمان بە خۆشەویستیی نێوان هاوژینەکەی و هەرێمی برای دەزانێ، بەبێ سێ و دوو، پەیمان تەڵاق دەدات، پەیمان دەگەڕێتەوە لای دایکی، بەڵام کاتێک برای پەیمان بە هۆکاری تەڵاقدانی خوشکەکەی دەزانێ، ڕۆژی 2017/1/11 سەردانیان دەکات و هەر لە ماڵی دایکی، پەیمان بە هەشت گوللە دەکوژێ.

دایکی پەیمان نەک هەر سکاڵای لەسەر کوڕەکەی تۆمار نەکرد، بەڵکو شانازیشی بەو کارەی کوڕەکەیەوە کردبوو.

بکوژەکە کە بە ماوەیەکی کەم دوای ئەنجامدانی تاوانەکە لەلایەن پۆلیسی بنەسڵاوە دەستگیرکرابوو، گوتبووی: "بەڵێ من خوشکەکەم کوشت و پەشیمانیش نیم، چونکە نامووسی خۆم پاک کردەوە".

بەرزبوونەوەی ڕێژەی توندوتیژی دژی ژنان بە تایبەتیش کوشتنی ژنان لەژێر پەردەی پاراستنی شەرەف، حکومەتی هان دا کە بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەت لە وەزارەتی ناوخۆ بکاتەوە. بەڕێوەبەرایەتییەکە سەرەتا بەنێوی بەڕێوەبەرایەتیی بەدواداچوونی توندوتیژیی دژی ئافرەتان بوو، بەڵام دواتر ناوی گۆڕدرا بۆ بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان و نووسینگەشی لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستان کردەوە.

جگە لەو بەڕێوەبەرایەتییە، چەندین ڕێکخراوی تایبەت بە داکۆکی لە مافی ئافرەتان بەدواداچوون بۆ پرسی ژنان دەکەن.

سەروین محەممەد، بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتی ئافرەتان کوردستان پێیوایە کوشتنی ئافرەتان لە کوردستان ئێستا بەڕاددەیەکی زۆر کەمی کردووە "ئەمەش بەهۆی ژمارەیەکی زۆر ڕێکخراوی ئافرەتان کە بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان دامەزراون، بەڵام نەتوانراوە دیاردەکە بە تەواوی بنبڕ بکرێت".

توندوتیژیی دژی ئافرەتان، هەرێمی کوردستانیشی خستووەتە نێو بازنەی ئەو وڵاتانەی ساڵانە لە 25ی نۆڤەمبەردا هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان ڕادەگەیەنن.

ئاڤان جاف کە چالاکڤانێکی بواری ئافرەتانە، ئەو بۆچوونە ڕەتناکاتەوە کە دەڵێت ڕێکخراوەکانی ئافرەتان ڕۆڵیان هەبووە لە کەمکردنەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان، بەڵام دەڵێت "بەشێک لە کار و چالاکییەکانیان دووبارەن".

ئەو پێیوایە ڕێکخراوەکان و چالاکڤانانی مەدەنی ڕۆڵیان هەبووە لەوەی پەرلەمان ئەو یاسایانە هەموار بکاتەوە کە سزایەکی کەمیان دانابوو بۆ بکوژانی ئافرەتان.

### کوشتن هەر کوشتنە

پێشتر بکوژی ئافرەتان بەپێی مادده 409 لە یاسای سزادانی عێراقی سزا دەدران، لە یاساکەدا هاتووە: "سزا دەدرێت بە حەپسکردن بۆ ماوەیەک کە نابێت لە سێ ساڵ زیاتر بێ، هەر یەکێک ژنەکەی یان یەکێک لە مەحرەمەکانی لە حاڵەتی زیناکردن بینی، یان بە یەکەوە لەسەر جێگا بوون، هەمان کات یەکێک یان هەردووکیانی کوشت، یان دەستدرێژی کردە سەریان، یان بۆ سەر یەکێکیان و بووە هۆی مردنی، یان تووشی کەمئەندامی کرد". هەر بەپێی یاساکە ئەو کەسە حوکمەکانی بارودۆخە توندەکانی بەسەردا جێبەجێ ناکرێ.

بەڵام ئێستا لە کوردستان هەموو بکوژێکی ژنان بەپێی مادده 406 لە یاسای سزادانی عێراقی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ کە سزای ئەو ماددەیە هەندێکجار تا ئاستی لە سێدارەدانیش دەڕوات.

ژیلەمۆ عەبدولقادر، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان دەڵێت: "کوشتنی ژنان لەسەر شەرەف بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو زۆر کەمی کردووە، بۆ نموونە ساڵی ڕابردوو 20 ژن لە سنووری پارێزگای هەولێر کوژراون و تەنیا سێ لەو ژنانە بە پاساوی شەرەف کوژراون".

گوتیشی: "ئێستا وەکو کوشتنی ئەنقەست مامەڵە لەگەڵ دۆسیەی کوشتنی ژنان دەکرێ کە لە زۆر باردا سزای بکوژ دەگاتە 20 ساڵ بەندکردن و لێبووردنی گشتیش نایگرێتەوە".



ئێستا لە کوردستان هەموو بکوژێکی ژنان بەپێی مادده 406 لە یاسای سزادانی عێراقی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ (گرافیک: ڕووداو)

**هۆکارەکانی کوشتنی ژنان لە ساڵی ڕابردوو لە هەرێمی کوردستان**

| هۆکارەکان | هەولێر | دهۆک | سلێمانی | ڕاپەڕین | سۆران |
|---|---|---|---|---|---|
| خێزانی | 4 | 1 | – | 3 | – |
| کۆمەڵایەتی | 2 | 1 | 3 | – | 1 |
| قەزاو قەدەر | 1 | – | 3 | – | – |
| ئابووری | 1 | – | – | – | – |
| کەموکوڕی عەقڵی | 1 | – | – | – | – |
| نەزانراو | 6 | – | 4 | – | 2 |
| خۆشەویستی | 2 | – | – | – | – |
| دەستدرێژی | 1 | – | – | – | – |
| بیانووی شەرەف | 3 | 11 | – | – | – |
| کۆی گشتی | 21 | 13 | 10 | 3 | 3 |



## تەرمی گەنجێک لە ئاوی دووکاندا دەدۆزرێتەوە

**عومەر چاوشین/ ڕووداو – دووکان**

ڕۆژی 2018/2/10 تەرمی گەنجێک لە زێی دووکان دۆزرایەوە و تاوەکو ئێستا کەس خۆی لێ بە خاوەن نەکردووە.
عەقید حەیدەر محەممەد، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزای دووکان بە (ڕووداو)ی گوت لەدوانیوەڕۆی ڕۆژی شەممە لەلایەن خەڵکەوە ئاگادارکراینەوەکە شتێکی گوماناوی لە نێو ئاوی دووکاندا هەیە، دواتر دەرکەوت تەرمێکی گەنجێکە لە لە ڕەگەزی نێر، تەرمەکە نەناسراوە، چونکە هیچ ناسنامەیەک لە نێو جلەکانیدا نەبووە. دکتۆر محەممەد نوری، پزیشک لە پەیمانگای پزیشکی دادوەری سلێمانی بە (ڕووداو)ی گوت "گەنجەکە نزیکەی 30 ساڵ دەبێ، یەک تاڵەموو بە سەر و لەشییەوە نەمابوو، نزیکەی مانگێک لەنێو ئاو ماوەتەوە". گوتیشی "شوێنی فیشەکێک بەسەری گەنجەکەوە بووە".



**ژیلەمۆ عەبدولقادر**
موقەدەمی مافپەروەر

## ئەنجامی خۆشاردنەوە لە ژن

ئەگەر پێتوابێ ژنەکەت بەستەزمانە، هەڵەی. ئەگەر پێتوابێ بە خۆشاردنەوە لە ژنەکەت، هەموو شتێک کۆتایی دێ، دیسان هەڵەی، چونکە هۆشیاریی زۆر لە ژنان لەوە تێپەڕیوە لە چوار دیواردا بەدەست کێشەکانیانەوە بناڵێنن.

ژنێک سەردانی کردین و دەیویست بزانێ چ ڕێکارێکی دیکە بەرامبەر مێردەکەی بگرێتەبەر، ئەو ژنە پێشتر لە ڕێگەی دادگاوە هەموو شتێکی یەکلایی کردبووەوە، تەڵاقی لە هاوژینەکەی وەرگرتبوو، پارەیەکی زۆریشی لەسەر کردبووە ماڵ.

پیاوەکە بە بڕیاری ژنەکە گەشتکردنی لێ قەدەغە کرا، لە دادگاوە نووسراو کرا و گشتاندنی پێکرا بۆ سەرجەم دەروازە سنوورییەکان و فڕۆکەخانەکان کە هەر کاتێک ئەو پیاوە هاتە لاتان، دەستگیری بکەن و ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتیی جێبەجێکردنی بکەن، بۆ ئەوەی قەرزەکانی ژنەکەی بداتەوە.

ئەو ژنە سەرجەم کارە یاساییەکانی خۆی بەڕێکوپێکی کردبوو، بڕە پارەیەکی زۆری لەسەر مێردەکەی کردبووە ماڵ، هەروەها بە غیابی تەڵاقی لێوەرگرتبوو، داوای دەکرد هەوڵی بۆ بدەین بۆ ئەوەی پیاوەکە بدۆزینەوە و مافەکانی خۆی لێوەربگرێتەوە.

پیاوەکە زیاتر لە ساڵێک بوو خۆی لە ژنەکە شاردبووەوە، دادگا لە غیابی پیاوەکە بڕیاری خۆی لەبارەی دۆسیەکە دابوو، ژنەکەی بە غیابی تەڵاقدابوو، پاش ئەوەی بۆ دادگا ڕوون بووەوە کە پیاوەکە دیار نییە، ئەویش بە پشتبەستن بە نووسراوی موختاری گەڕەک کە گوتبووی پیاوەکە ساڵێکە لەو گەڕەکە نەماوە. هەروەها دادگا لە ڕێگەی ڕۆژنامەکانیشەوە پیاوەکەی ئاگادار کردبووەوە کە سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە، بەڵام هیچ هەواڵێکی نەبوو.

لەسەر ئەو بنەمایە و بە پشتبەستن بە یاسای باری کەسی، دادگا بڕیاری دا ژنەکە لە پیاوەکە جیابکرێتەوە.

لە یاسای باری کەسیدا هاتووە: "ئەگەر مێرد ژنەکەی بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵێک بە پاساوی ڕەوا جێهێشت، هەرچەندە مێردەکەی شوێنی نیشتەجێبوونی دیار بوو، دەرامەتیشی هەبێ لێی خەرج بکات، ئەگەر پیاوەکە نەگەڕایەوە ژنەکە دەتوانێ داوای جیابوونەوە بکات".

لە دادگا تەڵاقەکە بە تەڵاقی بەینوونەی بچووک دانرا، واتە ئەگەر پیاوەکە بشگەڕێتەوە، ناتوانێ یەکسەر بچێتەوە لای ئافرەتەکە، تەنیا بە گرێبەستێکی نوێی مارەکردن نەبێ.

ژنەکە هەر بە وەرگرتنی تەڵاق لە پیاوەکە نەوەستابوو، بەڵکو پاش وەرگرتنی تەڵاقەکە، لە دادگای بەرایی سکاڵایەکی تۆمار کردبوو، سکاڵاکەش بڕیاری پێوەرگیرابوو، لە بڕیارەکەدا هاتبوو کە دەبێ پیاوەکە بڕی 50 هەزار دۆلار وەک قەرەبوو بداتە ئافرەتەکە لەبەرامبەر ئەو ماوەیەی جێیهێشتووە. ئافرەتەکە لیستێکی درێژی داواکاری پێشکەشی دادگا کردبوو، هەر لە کڕینی زێڕ تا دەگاتە دەسماڵ و پێڵاو، لە دادگا لەلایەن شارەزایانەوە نرخی کەلوپەلەکان بە نرخی ڕۆژ خەمڵێندرابوون. پاشان لە بەڕێوەبەرایەتیی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دادگا فایلێکی بۆ کرابووەوە، نووسراویش بۆ هەموو دەروازە سنوورییەکان و فڕۆکەخانەکان کرابوو کە ڕێگەی سەفەرکردن بەو پیاوە نەدرێ تا قەرزی ژنەکەی دەداتەوە. وەک کوردەواری دەڵێن قەیسەری لە پیاوەکە کردبوو بە کونەمشک.

لە کۆتاییدا بە ئافرەتەکە ڕاگەیەنرا کە لەلایەنی یاساییەوە هیچ گرفتێک لە دۆسیەکەیدا نییە، دەبێ چاوەڕێ بکات تاوەکو پیاوە قەرزدارەکە دەردەکەوێتەوە، تازە ئەو 50 هەزار دۆلارەی لەسەر بووەتە ماڵ و ناچارە بیدات، ئەگەرنا دەستگیر دەکرێ.

## پۆلیس لە ترسی تۆڵەسەندنەوە قەدەغەی هاتوچۆی ڕاگەیاند

# لە زوممار گەنجێک بە چەقۆ دەکوژرێ

**ناسر عەلی**
**ڕووداو – هەولێر**

بەهۆی کوژرانی گەنجێکەوە لە ناحیەی زوممار، بۆ ماوەی 13 کاژێر قەدەغەی هاتوچۆ لە سنووری ناحیەکە ڕاگەیەنرا. کەسێکی نزیکی ئەو گەنجە دەڵێت کە بە 15 کەس هێرشیان کردووەتە سەر قوربانییەکە. هەروەها دەڵێت چوار لە هێرشکارەکان چەکداری میلیشیای عەسایبی ئەهلی حەقن.

بەڕێوەبەری ناحیەی زوممار ڕایگەیاند کە یەکێک لە تۆمەتبارەکان و باوکی یەکێکی دیکەیان دەستگیرکراون، بەڵام کەسوکاری گەنجەکە داوا دەکەن هەر 15 تۆمەتبارەکە دەستگیر بکرێن.

ئەو ڕووداوە کاژێر هەشتی شەوی 2018/2/3 لە گوندی دەمیزی سەر بە ناحیەی زوممار ڕوویدا کە بە 15 گەنجی عەرەب بە چەقۆ هێرشیان کردە سەر گەنجێکی کورد بەناوی ئەحمەد زەکی خدر سلێمان و کوشتیان.

ئەحمەد زەکی لە عەشیرەتی گەرگەری بوو کە عەشیرەتێکی گەورەی ناوچەکەن، بۆیە هەرزوو هەڕەشەیان کرد کە بە ڕێگەی عەشایری تۆڵەی خۆیان دەکەنەوە. ئەمەش کاربەدەستە ئەمنی و ئیداری و سەربازییەکانی ناوچەکەی هێنایە سەر خەت و بۆ ماوەی 13 کاژێر قەدەغەی هاتوچۆ لە ناوچەکە ڕاگەیەنرا.

ئەحمەد وەک زۆر لە دانیشتووانی ناوچەکە لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا دووجار ئاوارە بووە، جارێکیان بەهۆی داعش و جارێکیش بەهۆی حەشدی شەعبییەوە.

کەسێکی نزیک لەو گەنجە بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەحمەد قوتابی پۆلی شەشی زانستی بوو، پێش ڕووداوەکانی 16 ئۆکتۆبەر لە گوندی دومیزی سەر بە زوممار دادەنیشت، دوای هاتنی حەشدی شەعبی بۆ ناوچەی زوممار، لە ترسی حەشد ناچار بوو بچێتە ناحیەی فائیدە لە نزیک دهۆک، لەوێ لە ماڵی مامێکی دەژیا، بەڵام چەند ڕۆژێک بوو بە سەردان هاتبووەوە ماڵی باوکی لە ناحیەی زوممار".

ئەو کەسە نزیکەی ئەحمەد کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، باسی ڕۆژی ڕووداوەکەی کرد و گوتی: "ئەحمەد دوای نانی ئێوارە چووەتە دووکانی هاوڕێیەکی خۆی لە گوندەکەیان، لەو کاتەدا ئۆتۆمبێلێکی کیای بارهەڵگر هاتووەتە بەردەم دووکانەکە، ژمارەیەک گەنج لە ئۆتۆمبێلەکە دابەزیون، یەکسەر هێرشیان کردووەتە سەر ئەحمەد، پاش ئەوەی شەش چەقۆیان لێداوە، هەڵاتوون".

ئەحمەد هەر ئەو شەوە بە بریندار بەڕێدەکرێ بۆ مووسڵ، بەڵام بە گوتەی خزمەکەیان، لە ڕێگای چوونیان بۆ نەخۆشخانە گیانی دەرچووە. ئەو خزمەیان گوتی "هەر ئەو شەوە پوورێکی ئەحمەد، دوای ئەوەی هەواڵی مردنی ئەحمەدی پێدەگات، ئەویش لە خەمان دەمرێ".

پاش ئەو ڕووداوە، پیاوانی 24 گوندی کوردان لە ناوچەی زوممار کە هەموویان لە عەشیرەتی گەرگەرین، بەو شەوە هاتنە ماڵی ئەحمەد. بۆیە بەرپرسانی ناوچەکە لە ترسی تۆڵەسەندنەوە قەدەغەی هاتوچۆیان لە ناحیەکە و دەوروبەری ڕاگەیاند.


ئەحمەد محەممەد، بەڕێوەبەری ناحیەی زوممار بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "هەر دوای ڕووداوەکە قەدەغەی هاتوچۆمان ڕاگەیاند و قەدەغەکردنەکەش بۆ ماوەی 13 کاژێر بەردەوام بوو، دواتر بڕیارماندا هەر کەسێک دەستی لەو تاوانەدا هەبووبێ دەستگیری بکەین، پۆلیس یەکێک لە تۆمەتبارەکان و باوکی یەکێکی دیکەیانی دەستگیر کرد".

سەبارەت بەوەی دەگوترێ ئەوانەی هێرشیان کردووەتە سەر ئەحمەد، چەکداری حەشدی شەعبی بوون، بەڕێوەبەری ناحیەی زوممار ئەو زانیاریانەی ڕەتکردەوە و گوتی: "ئەوەندەی ئێمە ئاگادارین ئەو کەسانە مەدەنین نەک چەکداری حەشدی شەعبی، چونکە بەشێک لە تۆمەتبارەکان بە ماڵەوە ڕایانکردووە و لە ناوچەکە نەماون".

ڕووداوەکە هێشتا گەرمە، کاژێر سێی دوای نیوەڕۆی ڕۆژی 4ی شوبات، نزیکەی 300 پیاوی عەشیرەتی گەرگەری لە سەنتەری ناحیەی زوممار کۆبوونەوە، داوایان لە کاربەدەستانی ناوچەکە کرد بەزووترین کات تۆمەتبارەکان دەستگیر بکرێن، ئەگەرنا بە دەستی خۆیان تۆڵە دەکەنەوە.

ناحیەی زوممار سەر بە قەزای تەلعەفەرە، لە ئابی 2014 کەوتە دەستی داعش، لە کۆتایی هەمان ساڵدا پێشمەرگە کۆنترۆڵی کردەوە. لە 17ی تشرینی یەکەمی ڕابردووش حەشدی شەعبی بە بەبێ تەقە چووە نێو ناحیەکە.

بەڕێوەبەری ناحیەی زوممار دەڵێ: "پێش 17ی ئۆکتۆبەر 80%ی دانیشتووانی ناحیەی زوممار کورد بوون، بەڵام دوای هاتنی حەشدی شەعبی ئێستا تەنیا 20 هەزار کەسی تێدا دەژی، ئەوانیش 60%یان عەرەبن".




(گرافیک: ڕووداو)

بە 15 کەس هێرشیان کردبووە سەر ئەحمەد و 6 چەقۆیان لێدابوو

**دوو کەس بە تۆمەتی کوشتنی ئەو گەنجە دەستگیرکراون**
بەڕێوەبەری ناحیەی زوممار

## گوایە لەسەر گومانێک بووە

# دراوسێکەی خۆی لە گەراجێکدا کوشت

**ڕووداو – ڕانیە**

عوسمان لەنێو ئۆتۆمبێلی هاوڕێیەکیدا لە گەراج چاوەڕێی دەکرد نۆرەی بێت و چەند نەفەرێک بباتە نێو شاری ڕانیە، بەڵام لەناکاو درایە بەر دەستڕێژی گوللە.

ئەو ڕووداوە دوای نیوەڕۆی ڕۆژی 2018/2/6 لەنێو گەراجی شارۆچکەی بۆسکێنی سەر بە قەزای ڕانیە ڕوویدا، گەنجێکی تەمەن 29 ساڵ بەناوی عوسمان محەممەد ڕەسوڵ، لەلایەن کەسێکی تەمەن 37 ساڵەوە بە ناوی (س.ع.م) درایە بەر دەستدرێژی گوللە و کوژرا.

نەوزاد مستەفا شایەتحاڵی ڕووداوەکەیە و لە کاتی ڕووداوەکە لەگەڵ عوسمان لە نێو ئۆتۆمبێلەکەی خۆی دانیشتبوون. نەوزاد بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەو ڕۆژە نەفەر کەم بوو، من و عوسمان و شوفێرێکی دیکە لە نێو ئۆتۆمبێلەکەی من دانیشتبووین، لە پڕ دەنگی تەقە هات، پەشۆکاین، کە سەیری دواوەم کرد، عوسمان بەلادا هاتبوو، خێرا بردمان بۆ نەخۆشخانە، بەڵام لە ڕێگا گیانی دەرچوو".

نەوزاد ئێستاش نازانێ کێ بوو تەقەی لێکردن و دەڵێت: "نازانم کێ بوو تەقەی کرد، کەسمان نەبینی". ئەو زۆر پەسنی عوسمانی دا و گوتی: "کەسێکی زۆر بێ کێشە بوو، نازانم بۆچی کوشتیان. قەت ئەو ڕووداوەم بیر ناچێتەوە، چونکە عوسمان زۆر هاوڕێم بوو".

ئۆتۆمبێلەکەی نەوزادیش لەو ڕووداوە زیانی پێکەوتووە و چەند گوللەیەکی بەرکەوتووە.

ماڵی عوسمان و بکوژەکەی لە یەک کۆڵانن. بکوژ، دوای ڕووداوەکە یەکسەر خۆی ڕادەستی پۆلیس کرد، کەسوکاری هەردوولا دەڵێن نازانن عوسمان بۆچی کوژرا؟

ئارام محەممەد کە برای عوسمانە، بە (ڕووداو)ی گوت: "ماڵی تاوانبارەکە لە کۆڵانی ماڵی باوکمن، بەڵام نەمزانیوە پێشتر کێشەی لەگەڵ عوسمانی برام هەبووبێ".

کەسوکاری عوسمان، سکاڵایان لەسەر بکوژ تۆمار نەکردووە. ئارام دەڵێت "ئێمە کێشەمان لەگەڵ بنەماڵەی کوژراو نییە و ئەوان بەشداری پرسەکەیان کردین، بەڵام بەهیچ جۆرێک لەو تاوانبارە خۆشنابین، دەبێ یاسا کاری خۆی بکات".

حەمەدەمین، برای (س)ی تۆمەتبارە، ئەویش دەڵێت نازانن هۆکاری ڕووداوەکە چییە. حەمەدەمین دەڵێت: "ئەگەر بمانزانیبا کێشەیەک لە نێوانیاندا هەیە، چارەسەرمان دەکرد، نەماندەهێشت براکەم دەستی بچێتە خوێنی ئەو دراوسێیەمان".

حەمەدەمین داوای سەروەریی یاسا لەو کێشەیەدا دەکات، دەشڵێت "بنەماڵەی ڕەحمەتی هەر شتێک بڵێن ئێمە ئامادەین، چونکە ئەوان هەڵوێستێکی زۆر مەردانەیان هەبوو، بەشداری پرسەکەمان کرد، بەبێ ئەوەی هیچ کاردانەوەیەکی خراپیان هەبێ".

بەڵام سەرچاوەیەکی ئاگادار قسەی هەردوو بنەماڵە ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت بکوژ و کوژراو پێشتر کێشە لە نێوانیاندا هەبووە و کەسوکاری هەردوولاش ئاگاداری کێشەکەیان بوون، تەنانەت خەڵک هاتوونەتە نێوانیان و کێشەکەیان چارەسەر کردووە.

ئەو سەرچاوەیە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت کە بکوژەکە گوایە کەسێکی دڵپیس و بەگومان بووە لە خەڵک.

بە قسەی ئەو، بکوژەکە بیانووی بە عوسمانیش گرتبوو لەبەرئەوەی بە بەردەرگایاندا ڕۆیشتووە و سەیری ژنەکەی ئەوی کردووە، بەڵام دەڵێت "ئەوە تەنیا تۆمەتە، چونکە عوسمان دوور بوو لەو جۆرە ڕەفتارانە".

ئەو سەرچاوەیە گوتیشی: "ئەوە یەکەمجاری نەبوو بیانوو بە عوسمان بگرێ، پێشتریش بەو ناوە لەگەڵ عوسمان بە شەڕ هاتووە و داوای 30 هەزار دۆلاری لێکردبوو، بەڵام دواتر کێشەکەیان بە سوڵحی عەشایری چارەسەر کرد".

فەرمان ئەحمەد پیرۆت، بەڕێوەبەری کارگێڕیی نەخۆشخانەی گشتیی ڕانیە بە (ڕووداو)ی گوت: "دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژە تەرمێکیان هێنا بۆ نەخۆشخانە کە چوار گوللە بەر مل و قۆڵ و سینگی کەوتبوون و دەستبەجێ گیانی دەرچووبوو".

گوتیشی: "ئەو پیاوە لەلایەن ناسیاوێکی خۆیەوە کوژراوە، دوای ڕێکارە پزیشکییەکان تەرمەکەی ڕادەستی کەسوکارەکەی کرایەوە".

پۆلیس هەر زوو گەیشتە شوێنی ڕووداوەکە و دەستی بە لێکۆڵینەوە کرد. ڕائید شۆڕش ئیسماعیل، گوتەبێژی پۆلیسی ڕاپەڕین بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ڕۆژی 2018/2/6 کەسێک بەناوی (س، ع، م) لەدایکبووی ساڵی 1981 کە خێزاندارە، تەقەی لە دراوسێیەکی خۆی کردووە و کوشتوویەتی".

سەبارەت بە هۆکارەکەشی، ڕائید شۆڕش گوتی: "هۆکاری ئەو ڕووداوە دەگەڕێتەوە بۆ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لەنێوان تاوانبار و تاوانلێکراو".

ڕائید شۆڕش گوتیشی "تەقەکەرەکە بە ماددەی 406 لە یاسای سزادانی عێراقی دۆسیەی بۆ کراوەتەوە، چونکە تاوانەکەی بە پلان کردووە. کاتێکیش خۆی ڕادەستی پۆلیس کرد، ئیعترافی لەسەر تاوانەکە کرد".



عوسمان محەممەد ڕەسوڵ

# شێخەڵڵا و کاک ئەحمەدی شێخ شوێنی ساخکردنەوەی خۆراکی بەسەرچوون

**بەمرۆز فەرەیدوون**
**ڕووداو- هەولێر**

گەڕان بۆ دۆزینەوەی ئەو بازرگانانەی خواردەمەنیی بەسەرچوو یان خراپ دەخەنە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستانەوە کارێکی زەحمەتە. هەر بەوەی کە بە ئاشکرابوونیان ئیدی بەرژەوەندییان دەکەوێتە مەترسییەوە، چەند سەرقاڵی ساغکردنەوەی خواردەمەنییە بەسەرچووەکانن، هێندەش سەرقاڵی شاردنەوەی ئاسەوارەکانیانن.

(خ.ع.م) مەندووبی یەکێک لە کۆمپانیاکانی هاوردەکردن و دابەشکردنی خواردەمەنییە لە هەرێمی کوردستان، بە گوتەی خۆی ماوەی دوو مانگە وازی لە کارەکەی هێناوە، چونکە پێیوایە ئەو پارەیەی دەستیکەوتووە پارەیەکی حەرامە و لەبەر ئەوەش، ویژدانی ڕێگر بووە لە بەردەوامبوونی لەسەر ئەو کارە و دەڵێت: "ئەو کۆمپانیایەی من کارم تێدا دەکرد خواردەمەنییە بەسەرچووەکانی جارێکی دیکە دەخستەوە بازاڕ و ساخی دەکردنەوە، بەجۆرێک ڕۆژانە دوو کرێکاری سووریيان دەهێنا و هەر لەنێو کۆگای کۆمپانیاکە بە ماددەی تەنەر ماوەی بەسەرچوونی سەر خواردەمەنییەکانیان لادەبرد و هەر خۆیان ڕۆژ و ساڵ و مانگێکی نوێیان دەخستە سەر خواردەمەنییەکان".

ئەو نایەوێت کەس بیناسێتەوە، تەنانەت ئەوکاتەی قسەی بۆ (ڕووداو) کرد، بە ترسەوە سەیری چواردەوری خۆی دەکرد نەبا کەسێک بیبینێ. ئەو مەندووبە گوتی: "کۆمپانیاکانی هاوردەکردن و دابەشکردنی خۆراک کۆمپیالەیەک بە 80 هەزار دۆلار، بەو کەسانە پڕدەکەنەوە کە کاریان لەگەڵ دەکەن و نابێ دوای وازهێنانیش هیچ قسەیەک لەبارەی کۆمپانیاکەیانەوە بکەن".

گوتیشی: "هەرمەندوبێکی کۆمپانیای دابەشکردنی خواردەمەنی، ئامێری جی پی ئێسی لێدەبەستن کە کۆمپانیا چاودێریی وردی دەکات تا بزانێت ئەو شوێنانە کوێن کە ئەو سەردانیان دەکات".

### شێخەڵڵا و کاک ئەحمەدی شێخ

بازاڕە میللییەکان بوونەتە شوێنی ساخکردنەوەی خۆراکی ماوە بەسەرچوو، لە هەولێر لە شێخەڵڵا و لە سلێمانیش لە شەقامی کاک ئەحمەدی شێخ. لە شێخەڵڵا زۆر بە ئاسانی خواردنی ماوە بەسەرچووت دەستدەکەوێ، هەر بە نرخەکەیدا دەزانی کە بەسەرچووە. بۆ نموونە دەبەیەک شەربەتی یەک لیتری کە نرخە ئاساییەکەی سێ هەزار دینارە، لە شێخەڵڵا بە 500 دینار دەفرۆشرێ، پەنیرێکی ئێرانی کە بە 1500 دینارە، بە 250 دینار دەفرۆشرێ.

ئامادەکاری بەرنامەی تۆپ ستۆری لە کەناڵی (ڕووداو) پێنج لەو ماددە بەسەرچووانەی لە بازاڕی شێخەڵڵا کڕی و بردی بۆ لای سەرهەنگ جەلال، بەڕێوەبەری کاروباری پاراستنی تەندروستی لە هەولێر.

سەرهەنگ جەلال، بە مۆبایلەکەی وێنەی خۆراکە بەسەرچووەکانی گرت و گوتی "تۆ نەدەبوو لەنێو ئەو بازاڕە ئەم کەلوپەلانە بکڕیت، چونکە شوێنێکی ڕێپێدراو نییە و هیچ کەس لەو فرۆشیارانە مۆڵەتی کارکردنیان نییە و ئێمە بۆ ئەم دیاردەیە چەندین نووسراومان بۆ قایقامی هەولێر و لیژنە بەردەوامەکان کردووە".

یەکێک لە فرۆشیارەکانی شێخەڵڵا هەر کە چاوی بە ستافی بەرنامەی تۆپ ستۆری کەوت گوتی "مادام هاتوونەتە ئێرە، بەرنامەیەک لەسەر ئەو بازرگانە چاوچنۆکانە بکەن کە هەر خەریکی پڕکردنی بەرکی خۆیانن و ژیانی خەڵکیان بە خەیاڵدا نایەت، من لێرە سەوزە دەفرۆشم، بەڵام زۆربەی ئەوانەی لێرە دەیانبینی هەر بە ساخکردنەوەی خواردەمەنی بەسەرچوو بوونەتە ملیۆنێر.. تەماشای ئۆتۆمبێلەکانیان بکە، هیچیان لە وەنەوشە و لێکزز کەمتریان نییە".

شێخەڵڵای هەولێر پڕە لەو خەڵکەی بەدوای خواردنی هەرزاندا دەگەڕێن "مەسەلەکە هەر قەیرانی دارایی نییە، چونکە پێش ساڵی 2014 بازاڕەکە لەئێستا زیاتر گەرموگوڕ بووە". فرۆشیاری سەوزە و میوەکە وایگوت.

شەقامی کاک ئەحمەدی شێخیش لە سلێمانی جەمەدی دێ لە کڕیار کە ئۆتۆمبێل زۆر بە زەحمەت هاتوچۆی پێدا دەکەن. لەیەک کاتدا گوێت لە دەیان فرۆشیار دەبێت کە هاوار بۆ فرۆشتنی کاڵا دەکەن. هەر فرۆشیارێک کڕیارێکی زۆری لێ کۆبووەتەوە و دەیانەوێت خۆراک و کاڵایەک بکڕن کە نازانن بەسەرچووە، چونکە زۆربەیان ڕێکەوتی نوێیان خراوەتە سەر.

یەکێک لە فرۆشیارەکان دیار بوو کە زۆر توورە بوو گوتی "بازرگان هەبووە هاتووەتە ئێرە ویستوویەتی سوود لە وزەی ئەم گەنجانە وەربگرێت بۆ ساخکردنەوەی خواردەمەنییە بەسەرچووەکانی و زۆری هەوڵ لەگەڵداوین، بەڵام نەمانکردووە".

هەر ئەمەیە وایکردووە بازرگانەکان بەدوای ڕێگەیەکی دیکەدا بگەڕێن تا کاڵا بەسەرچووەکانیان ساخ بکەنەوە، ئەویش لابردنی بەرواری سەر خۆراکەکان و دووبارە دانانەوەی بەروارێکی نوێ.

د.ئیسرا کەمال، پسپۆڕی خواردن و خواردەمەنییە و خەڵکێکی زۆر سەردانی دەکەن تا ڕێنماییان بکات چ خواردەمەنییەک بخۆن تا تەندروست بژین و قەڵەوبوونیش بەشێکی هۆکاری سەردانکردنەکەیانە. ئەو دەڵێت "لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی دونیا ئامێری تێستەر هەیە بۆ پشکنینی خواردەمەنی کە ئایا شیاوە بۆ خواردن یان نا، بەڵام لە هەرێمی کوردستان ئەم ئامێرە نییە".

گوتیشی: "لە بەرواری سەر خواردەمەنییەکان گرنگتر، شێوازی هەڵگرتن و گواستنەوەی خواردەمەنییە کە لە هەرێمی کوردستان لە ئاستێکی زۆر خراپدایە".

د.ئیسرا ئاماژەی بەوە کرد کە ئەو خواردەمەنی سەر عەرەبانە و بازاڕە میللییەکان ناکڕێت، بەڵکو دەچێتە هایپەرمارکێت و سوپەر مارکێتەکان بۆ کڕینی پێداویستی.

### کۆگاکانی هەڵگرتنی خواردەمەنی

لە دەوروبەری هەولێر 192 کۆگای دروستکردنی خۆراک دروستکراون. بە گوتەی مەندووبە دەستلەکارکێشاوەکە بێت، هەر لەناو کۆگاکان ڕێکەوتە نوێیەکان دەخرێنە سەر خواردەمەنییەکان.

لە نێو کۆگاکاندا بە ڕێکەوت کۆگای هەڵگرتنی چیپسمان بینی، هیچکام لە کارتۆنی چیپسەکان ڕێکەوتێکی بەسەرەوە نییە و کەس نازانێت کەی دروستکراون و کەی بەسەردەچن. ئەمە وای لە سەرهەنگ جەلال کرد لەگەڵ تیمێک دوای ئێمە بچنە کۆگاکە و دەست بەسەر خواردەمەنییەکاندا بگرن و کۆگاکەش دابخەن.

کاتێکیش چووینە لای سۆران غەفوور، بەڕێوەبەری چاودێریی بازرگانی لە سلێمانی، ڕاستەوخۆ بردینی بۆ ئەو کۆگایەی کە خواردەمەنییە بەسەرچووەکانیان لێ گلداوەتەوە. لەوێ هەنگوینێکی لێبوو کە کاتی بەسەرچوونەکەی 2013 بوو، بەڵام گۆڕدرابوو بۆ 2108، دەستیان بەسەر دوو جۆر شیری منداڵدا گرتبوو کە ماوەی بەسەرچوونیان درێژ کرابووەوە بۆ سێ ساڵ لەکاتێکدا شیری منداڵان تەنیا بۆ دوو ساڵ بەکاردێت.

سۆران غەفوور گوتی: "ئێستا لەم کۆگایە نزیکەی یەک تەن خۆراکی ماوە بەسەرچوو هەیە کە بەرهەمی گەڕان و پشکنینی تەنیا یەک ڕۆژە. گیرمان خواردووە بەدەست هەندێ بازرگانەوە، خەریکە ساخکردنەوەی خواردەمەنیی بەسەرچوو دەکەنە پیشە".

سیروان محەممەد، سەرۆکی ژووری بازرگانی سلێمانی بەهەمان شێوە دادوبێدادیەتی بەدەست هاوردەکردنی خواردەمەنی بەسەرچوو، بەڵام ئەو دەڵێت لە سنوورەکانی هەرێمی کوردستانەوە بەتەواوەتی کۆنترۆڵی دیاردەکە کراوە و بازرگانەکان خواردەمەنییەکان دەبەنە سنوورەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق، پاشان لەوێوە بەسەرچووەکان دێننەوە هەرێمی کوردستان.


خۆراکە بەسەرچووەکان بە زۆر کەمتر لە نرخی ڕاستەقینەی خۆیان لە بازاڕەکان ساغ دەکرێنەوە (فۆتۆ: ڕووداو)

بەڕێوەبەری چاودێریی بازرگانی لە سلێمانی

**گیرمان خواردووە بەدەست هەندێ بازرگانەوە**

**خۆراک هەیە ماوەی بەسەرچوونەکەی لە 2013 ـەوە درێژکراوەتەوە بۆ 2018**

مەندووبێک

**کۆمپانیاکەمان دوو کرێکاری گرتبوو بۆ گۆڕینی ماوەی بەسەرچوونی خۆراکەکان**

---

بەپێی سایتەکانی حکومەت هێشتا هیچ وەزیرێک دەستی لەکار نەکێشاوەتەوە

# حکومەت لەسەر ئینتەرنێت نەماوە


ماڵپەڕی وەزارەتی تەندروستی کە لینکەکەی لە ماڵپەڕی ئەنجومەنی وەزیران داندراوە

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

ڕێگای ئاسانی محەممەد بۆ ئەوەی هەندێک زانیاری لەبارەی خزمەتگوزارییەکانی حکومەتەوە دەستبکەوێ، ماڵپەڕی وەزارەتەکان بوو، بەڵام سەری سوڕماوە لەوەی ماڵپەڕی هەندێک لە وەزارەتەکان لە پەیجی فەیسبووکیش لاوازتر و بێ زانیاریترن.

محەممەد، خوێندکاری ئامادەییە و دەڵێت وەزارەتەکان ماڵەپەڕەکانیان بەیەکجاریی لاببەن باشترە "چونکە یان هەواڵەکانی ناوی زۆر کۆنن، یان هەر ناکرێنەوە".

وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنانەت بایەخ بە هەواڵ و چالاکییەکانی خۆیشیان نادەن. دڵنیا حەمە دەڵێ لە سەرەتاوە جارجار سەیری ماڵپەڕی وەزارەت و فەرمانگەکانی حکومەتی کردووە کاتێک بە دوای هەلی کار، یان هەواڵی دامەزراندندا گەڕاوە "ئەو ماڵپەڕانە جگە لە کەموکورتییە زۆرەکانیان، لە ئاستی پێویستیشدا نین و تەنانەت هی وایان هەیە سێ مانگ جارێک هەواڵەکانی نوێ ناکاتەوە".

ماڵپەڕی بەشێک لە وەزارەتەکانی حکومەت یان هەر ناکرێنەوە، یان هێشتا پێیان نەناوەتە ساڵی 2018 وە، گرنگترین هەواڵەکانیان پەیوەندییان بە چەند مانگێک لەمەوبەرەوە هەیە. لەکاتێکدا ئەوە یەکێک لە ڕێگا ئاسان و گونجاوەکانی پەیوەندیکردنی خەڵکە بۆ ئەوەی زانیاری لەبارەی خزمەتگوزارییەکانی حکومەت دەستبکەوێ. یان تێبگات حکومەتی وڵاتەکەی بە چییەوە خەریکە.

هیوا ئەفەندی، بەڕێوەبەری گشتیی فەرمانگەی تەکنەلۆژیای زانیاری سەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، نیگەرانە لەوەی دۆخی ڕاگەیاندنی وەزارەت و فەرمانگەکانی حکومەت بەو شێوەیە دەبینێ، لە ڕۆژگارێکدا کە میدیای ئەلیکترۆنی پێشبڕکێ لەگەڵ کات دەکات "کێشەکە بۆ نزمیی ئاستی زانستیی ئەوانە دەگەڕێتەوە کە لە ئایتی یان لە ڕاگەیاندنی وەزارەتەکان کاردەکەن، وەزیرەکان خۆشیان بەدواداچوون ناکەن بۆ ماڵپەڕی وەزارەتەکانیان".

بەڕێوەبەری گشتیی فەرمانگەی تەکنەلۆژیای زانیاری ڕەتیدەکاتەوە ئەوان هاوکاریی وەزارەتەکانیان نەکردبێ بۆ ئەوەی خاوەنی ماڵپەڕێکی کارا و زیندوو بن و ڕۆژانە خەڵک لە هەواڵ و چالاکییەکانیان ئاگادار بکەنەوە "لە سیستمی پەیوەندی مەرکەزیدا هاوکاریمان کردوون، ئێمە بە تەنیا ناتوانین بە یارمەتیدانی بەردەوامی ئەو هەموو وەزارەت و فەرمانگەیە ڕابگەین، بەداخەوە ئێستا حکومەتیش هەموو ئەولەویەتی بووە بە دابینکردنی مووچە و بەو هۆیەوە ناپەرژێتە سەر ئەو وردە کێشانە".

ڕۆژی 2017/12/7 کەریم شنگالی، وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پرۆژەی دامەزراندنی حکومەتی ئەلیکترۆنیی ڕاگەیاند کە بەپێی ئەو پرۆژەیە ڕۆتینی نێو فەرمانگەکان نامێنێ و لە چوار ساڵی داهاتوودا خەڵک هەر لە ڕێگای ئیمەیل و ئینتەرنێتەوە دەتوانن مامەڵەکانیان لە فەرمانگەکانی حکومەت ڕاپەڕێنن. ئەوە لەکاتێکدا کە نوێترین هەواڵی وەزارەتی ناوخۆ لە ماڵپەڕەکەیدا ڕۆژی 16ی مانگی ڕابردوو دانراوە، لەکاتێکدا ئەو وەزارەتە ڕۆژانە جموجوڵ و بڕیاری نوێ و چالاکیی هەیە.

وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، تاوەکو ئێستا نەیتوانیوە ماڵپەڕەکەی خۆی ئاوەدان بکاتەوە و نوێترین هەواڵی ئەو وەزارەتە بۆ 2016/5/8 دەگەڕێتەوە. واتە ماوەی نزیکەی دوو ساڵە ئەو وەزارەتە هەواڵی نییە. وەزارەتی سامانە سروشتییەکان کە زۆرترین ڕەخنەی ڕووبەڕوو دەکرێتەوە لەسەر پرسی نەوت و گاز، لەدوای 2017/10/7 هیچ هەواڵێکی تازەی دانەناوە. ئەوە جگە لەوەی کە هەندێک لە وەزارەتەکان ماڵپەڕەکانیان هەر ناکرێنەوە.

فوئاد عوسمان، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕەتیدەکاتەوە ماڵپەڕی وەزارەتەکەیان کێشەی هەبێ "ئێمە بەردەوام کاردەکەین و هەر چالاکییەکمان هەبێ دایدەنێین، بەڵام بەگشتی زۆربەی وەزارەتەکان کێشەی نوێکردنەوەی ماڵپەڕەکانیان هەیە".

لە ماڵپەڕی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کاتێک لینکی وەزارەتەکان دەکەیتەوە، هێشتا هیچ وەزیرێک دەستی لەکارنەکێشاوەتەوە و هەموو وەزیرەکانی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی و یەکگرتوو هێشتا وەزیرن. ئەوە جگە لەوەی بەشێک لە وەزارەتەکان کارا نین و ناکرێنەوە.

هیوا ئەفەندی، بەڕێوەبەری گشتی تەکنەلۆژیای زانیاری دەڵێ ئەوان ئاگایان لە چالاکی و ڕەوشی ماڵپەڕەکانی حکومەت هەیە "فەرمانگەی تەکنەلۆژیای زانیاری و فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ماڵپەڕەکانیان کارایە و ڕۆژانە هەواڵ و زانیاریی نوێی تێدا دادەنرێ و پابەندن بە ڕێنماییەکانەوە".

گوتیشی حکومەتی هەرێمی کوردستان خاوەنی دۆمەینی خۆیەتی.

وەزارەتێکی گرنگی وەک وەزارەتی پلاندانان، لە مانگی ئابی ساڵی ڕابردووەوە هیچ هەواڵێکی نوێی دانەناوە و وەزارەتەکانی ڕۆشنبیری و پێشمەرگە کاتێک لە لینکی ماڵپەڕی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دەیکەیتەوە، تەنیا چەند نووسینێکی زمانی چینی و وێنەی ڕیکلامی کەلوپەلی نێوماڵی تێدایە.

لە سایتی حکومەت، ماڵپەڕی چەند زانکۆیەکی حکومی و سایتی سێ پارێزگای هەرێمی کوردستان دانراون، بەڵام جگە لە زانکۆی کوردستان، ماڵپەڕی زانکۆکان و هەرسێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆک ناکرێنەوە.

کارمەندی ماڵپەڕی یەکێک لە وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، دەڵێ ماڵپەڕی وەزارەتەکان ناتوانن وەک ماڵپەڕی کەناڵە میدیاییەکان بەردەوام زانیاری دابنێن "ئەوانە تەنیا بۆ هەواڵ و چالاکی وەزارەتەکان و وەزیرەکانن".

گوتیشی: "لە سەرەتای پێکهێنانی کابینەی هەشتەمەوە وەزیرەکان گرنگی زۆریان بە ماڵپەڕی وەزارەتەکانیان دەدا، بەڵام ئێستا وەک پێویست بەدوایدا ناچن، ئێستا وەزیر هەیە لەوانەیە دوو هەفتە جارێک ماڵپەڕی وەزارەتەکەی خۆی نەکاتەوە".

# خۆراکی ساختە بازاڕەکانی کوردستانی تەنیوە

سەروەر سالار
رووداو – سلێمانی

لەگەڵ زیادبوونی فرۆشی هەر براندێکی تایبەتی خواردن و خواردنەوە، چەندین نموونەی ساختەی پەیدا دەبن و بە دەستکارییەکی بچووک لە ناوەکەیدا، سەر لە کڕیار دەشێوێنن. پسپۆڕێکی خۆراک دەڵێ سەپاندنی یاسای پاراستنی خۆراک و مافی بەکاربەر پێویستن بۆ ڕێگری لە هەر مەترسییەکی خۆراکە ساختەکان. پسپۆڕێکی بواری بە بازاڕکردنی خواردەمەنیش دەڵێ حکومەت لەوە بەرپرسیارە و دوور نییە لە داهاتوودا کۆمپانیا جیهانییەکان، داوای قەرەبوویەکی زۆر بکەن.

کاتێک سەر لە مارکێتەکان دەدەی، جۆرەها خواردن و خواردنەوە دەبینی کە بە ئاستەم لێکیان جیادەکەیتەوە، بۆ نموونە هەمان بەرهەمن و هەمان ناو، یان هەمان دیزاینە و لە ناوەکانیاندا تەنیا پیتێک دەگۆڕدرێت کە بۆ کڕیاری ئاسایی ئەستەمە جیای بکاتەوە کامەیان ئۆرجیناڵە و کامەیان ساختە.

پسپۆڕێکی خۆراک ئەمە بە مەترسی دادەنێت و داوا دەکات بە یاسا ڕێکبخرێت. د.دارا محەممەد جەمیل پسپۆڕی بواری زانستی خۆراک، بە (رووداو)ی گوت "ئەم دیاردەیە بەهەڵەدابردنی کەسی بەکاربەرە و ئەگەر کەسێک لە وڵاتێکی وەکوو بەریتانی کارێکی وا بکات بە 6–24 مانگ زیندانی دەکرێ و لەوانەیە بە بەهای دەیان هەزار پاوەند سزا بدرێ".

دکتۆر دارا، زیاتر لە 10 ساڵ ئەزموونی لە پیشەسازیی خۆراک هەیە لە بەریتانیا، دەڵێ کوردستان پێویستییەکی زۆری بەوە هەیە یاسایەکی پرۆفێشناڵی پاراستنی مافی بەکاربەری هەبێ و بە کردەوەش جێبەجێی بکات. "دەبێ بەکاربەر دڵنیا بکرێتەوە لەوەی ئەو بەرهەمەی دەیکڕێ ڕەسەنە و لەڕووی بایۆلۆژی، کیمیایی و فیزیاییەوە لە پشکنین دەرچووە و بەرهەمێکی ساختە نییە کە سەرچاوەکەی ناڕوون بێ".

ئەو پسپۆڕە کە پێشتر ڕاوێژکاری سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بووە، پرۆژەیەکی تێروتەسەلی ئامادە کردووە بۆ پاراستنی مافی بەکاربەر. ئەو دەڵێت "تێگەیشتنێکی باش هەبوو لە ئەنجوومەنی وەزیران بۆ گرنگیی پرۆژەکە، بەڵام دۆخی سیاسی و ناردنەوەی ئەندامانی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ ماڵەوە، ئەو پرۆژەیەشی پەکخست".

د. دارا بە هیوای خستنەوەگەڕی پرۆژەکەی، دووبارە پێشکەشی قوباد تاڵەبانی کردووەتەوە، چونکە دەڵێت "کە مەترسییەک بێتە نێو سیستمی خۆراکیمان، لێمان ناپرسێ ئێمە گۆڕانین یان پارتی، بۆیە دەبێ هەمووان لە خەمی جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیەدا بن کە من پاش خوێندن و ئەزموون و لێکۆڵینەوەیەکی زۆر ئامادەم کردووە".

ڕەنگە دانا گاز دوا کۆمپانیا نەبێ کە داوای قەرەبوومان لێبکات. پسپۆڕێکی بواری مارکێتینگ دەڵێ پشتگوێخستنی مافی خاوەنداریێتی براندەکان و ڕێگەدان بە هاتنەناوەوەی بەرهەمی ساختە، لە کوردستان شتێکی ئاساییە، ئەمە ڕەنگە بۆ داهاتوو لە دیاردەیەکی ناشارستانییەوە ببێتە بابەتێکی مەترسیدار.

دکتۆر ڕێژین هاروون، پسپۆڕی کارگێڕی و بەبازاڕکردن دەڵێت: "لە سادەترین پێناسەدا، ئەوە دزییە براندی کۆمپانیایەک بۆ خۆت بەکاربهێنی و هەمانکات لەخشتەبردنی کەسی بەکاربەر و بەکارهێنەرە، پێناچێ حکومەتی کوردستان بە باشی لە مەترسیی ئەم دزییە تێبگات".

دکتۆر ڕێژین کە مامۆستای زانکۆی سلێمانییە، بە پێکەنینەوە باسی چێشتخانەیەکی کوردەواری دەکات کە لۆگۆی بەنێوبانگی (ماکدۆناڵدن)ی لە تابلۆی سەر شوێنی کارەکەی داوە.

پسپۆڕەکە دەڵێ ئێستا عێراق بەهۆی بارودۆخی ئاڵۆزی ئەمنی و سیاسییەوە لە زۆنی چاودێریی بازرگانیی جیهانی و پێوەرە جیهانییەکان بەدەرە، بەڵام دوور نییە داهاتوویەکی خراپ چاوەڕێی بکات "عێراق ئەندامی ڕێکخراوی هاوئاهەنگی و پەرەپێدانی ئابووریی جیهانییە و دەبێ پابەندی پێوەرە ئابوورییە جیهانییەکان بێت کە پاراستنی خاوەنداریێتی براند لە بنەما سادەکانی ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەیە".

دکتۆر ڕێژین حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاگادار دەکاتەوە لە کاردانەوەی توندی کۆمپانیا ڕەسەنە جیهانییەکان لە داهاتوودا "ئاوا بڕوا دانا گاز دوا کۆمپانیای جیهانیی نابێت کە داوای قەرەبووی زەبەلاح لە کوردستان بکات و ڕەنگە لە داهاتوودا چەندین کۆمپانیای خاوەن براندی بازرگانیی خۆراکیش لەم ڕووەوە گوشار بخەنە سەر هەرێمی کوردستان".



چێشتخانەیەکی کوردەواری لۆگۆی بەنێوبانگی (ماکدۆناڵدن)ی لە تابلۆی سەر شوێنی کارەکەی داوە (فۆتۆ: رووداو)

## کوردستان چۆن مامەڵە لەگەڵ براندی ساختە دەکات؟

لایەنی لێکۆڵەر لە ڕەسەنێتیی بەرهەمە خۆراکییەکان، هۆبەکانی چاودێریی بازرگانین لە سنووری پارێزگاکاندا. ئەوان دەڵێن لە بازاڕەکاندا جۆرەها بەرهەمی ساختە و ناڕەسەن هەن.

سۆران عەبدولغەفوور، بەڕێوەبەری چاودێریی بازرگانی لە سلێمانی، دەڵێ نەک هەر بۆ بەرهەمە بیانییەکان، بۆ ناوخۆش ئەمە هەیە "بۆ نموونە ماوەیەک لەمەوبەر کارگەی ماستی سلێمانی بەرهەمەکانی خستە بازاڕ، کەچی هێندەی پێنەچوو بەرهەمەکانی ساختە کران و بە هەمان ناوەوە خرایە بازاڕ"..

وەک سۆران باسی دەکات، ئەوان خۆبەخۆ دەست بەسەر بەرهەمە ساختەکاندا ناگرن "تەنیا کاتێک دەستیان بەسەردا دەگرین، خاوەنی بەرهەمە ڕەسەنەکە بە بەڵگەی تەواوەوە بێتە لامان و سکاڵا لەسەر لایەنە ساختەکارەکە بکات، لەو بارەدا کەسی بەرامبەر دەهێنین و ماوەیەک مۆڵەتیان پێدەدەین بۆ ڕێککەوتن، ئەگەر ڕێکنەکەون، ئەوە کەیسەکە دەدرێتە دادگا".

وەک سۆران عەبدولغەفوور گوتی، هەموو هاووڵاتییەک لە سلێمانی دەتوانێ ئەوان ئاگادار بکاتەوە لە هەر خۆراکێکی ساختە و گوماناوی بە ژمارە تەلەفۆنی 100 یان ژمارە مۆبایلی 07707660909.

> دوور نییە کۆمپانیا گەورەکان لە داهاتوودا داوای قەرەبوو لە هەرێمی کوردستان بکەن
>
> پسپۆڕێکی مارکێتینگ

# دەرمانی دڵەکزێ

رووداو – ئاژانسەکان

دڵەکزێ بەهۆی گەڕانەوەی ترشی نێو گەدە بەنێو سورێنچکدا بەرەو دواوە، ڕوودەدات. زمانەیەک لەنێوان سورێنچک و سەرەتای گەدەدا هەیە، لەباری ئاساییدا تەنیا ڕێگە دەدات خۆراک لە سورێنچکەوە بچێتە نێو گەدە و ڕێگا لە گەڕانەوەی خۆراکی نێو گەدە دەگرێ، چونکە پێکهاتەی نێو گەدە ئێجگار ترشە و ئەگەر بگەڕێتەوە ئەوە سورێنچک دەسووتێنێتەوە و تەنانەت ئەگەری تووشبوونی بە شێرپەنجە زیاد دەکات.

ئەو کەسانەی دڵەکزێیان هەیە، ئەو زمانەیەیان شلە، بۆیە ناتوانێ بە تەواوی دەرگای سەرەتای گەدە قەپات بکات و سەرئەنجام ترشیی نێو گەدەی پێدا تێپەڕ دەبێت و دەبێتە هۆی سووتانەوەی سورێنچک کە لە کوردەواریدا بە "دڵەکزێ" نێودەبرێ، هەرچەندە هیچ پەیوەندییەکی بە دڵەوە نییە.

هەنگاوە سەرەتاییەکانی بەرەنگاربوونەوەی "دڵەکزێ" نادەرمانین و بە گۆڕینی شێوازی ژیانی کەسەکە دێنەدی، بە بەرزکردنەوەی بەشی پێشەوەی جەستە لەکاتی نووستن، وازهێنان لە جگەرە و کحول، ڕێکخستنی کێش و گۆڕینی نەریتی خۆراکی، بەجۆرێک ئەو خواردنانە زۆرتر بخورێن کە هانی بەرزبوونەوەی ترشیی نێو گەدە نادەن.

ئەمانە، بەشێک لەو خۆراکە گونجاوانەن بۆ تووشبووان بە "دڵەکزێ":





**1 مۆز:**
مۆز میوەیەکی تفتە و لە گەدەدا ڕێگە خۆشدەکات بۆ هاوتاکردنی ترشییەکەی. بۆیە دەتوانی لەنێوان ژەمەکاندا بیخۆی، تاوەکو هەست بەو ترشی و سووتانەوەیەی گەدە و سوورێنچک نەکەی.

**2 شوفان:**
شوفان هەم ترش نییە و هەم پڕە لە ریشاڵی خۆراکی کە هەوڵی تۆپەڵکردنی خۆراک دەدات و ناهێڵێ لە گەدەوە بەرەو سورێنچک بگەڕێتەوە. بەشێک لە پسپۆڕانی خۆراک بڕوایان وایە دەشبێتە هۆی هەڵمژینی ئەو ترشییەی کە لە خۆراکەکانی دیکەوە لە گەدەدا کۆبووەتەوە و لەگەڵ ڕاماڵینی شوفانەکە بەرەو ریخۆڵە، بڕێکی باشی ترشیش لە کۆڵ گەدە دەکاتەوە.

**3 زەنجەفیل:**
زەنجەفیل بە گژ ترشیی گەدەدا دەچێتەوە، جگە لەوە دژەهەوکردنە و یارمەتی چاککردنەوەی دیوارەکانی سوورێنچک و گەدە دەدات لەو زیانانەی بەهۆی بەرکەوتنی ترشی دروست دەبن.

**4 سەوزە گەڵادارەکان:**
وەکوو سڵق و سپێناخ و بڕۆکلی و کەلەرم و هاوشێوەکانیان. ئەمانە تفتن و گەدەی پڕ لە ترشی ئاسوودە دەکەن، بەڵام وریابە کە زەڵاتە لەمانە دروستدەکەی نابێ بە زەیت و پەنیر بەتامیان بکەی، چونکە لەو بارەدا لەسەر گەدە قورس دەبن و زیانیان لە سوودیان زیاتر دەبێ.

**5 ئەلۆڤێرا:**
دەرکەوتووە شەربەتی ئەلۆڤێرا ڕێگا لە دڵەکزێ دەگرێ. باشترە ڕاستەوخۆ لەپاش ژەمە سەرەکییەکان بخورێتەوە بۆ ئەوەی زۆرترین کاریگەریی هەبێ بۆ کەمکردنەوەی دڵەکزێ.

**6 گۆشتی بێ چەوری:**
جا گۆشتی پەلەوەر بێ یان ئاژەڵ یاخود ماسی، ئەگەر چەور نەبن هەرسکردنیان بۆ گەدە ئاسانە و پێویست بە دەردانی بڕێکی زۆری ترشی ناکات، بەڵام سوورەوەکردنیان یان زیادکردنی بڕێکی زۆری بەهارات بۆیان، وادەکات کە هەر خۆیان تووشی دڵەکزێت بکەن.

# ئەم 14 نەریتەی قەڵەوت دەکەن

رووداو – مێڵسلاین

هەندێک کەس وا تێگەیشتوون ئەگەر ڕۆژانە گۆشت و برنج بخۆن، یان شیرینیی زۆر بخۆن قەڵەو دەبن، نان بە برنجدا بدەن و بیکەن بە پاروو، قەڵەویان دەکات، بەدەر لەمانە هەندێک نەریت و ڕەفتار هەن، قەڵەوت دەکەن. بەڵام گرنگترین ئەو نەریتانەی کە قەڵەوت دەکەن بریتین لە:



1 خواردن بە خێرایی
2 کەم خواردنەوەی ئاو
3 زۆر دانیشتن
4 کەمخەوی
5 شڵەژان و دڵەڕاوکێ
6 خواردن لە دەفری گەورەدا
7 خواردن لە بەرامبەر شاشە
8 خواردنەوەی گازی و وزەبەخش
9 کەمخواردنی ریشاڵە خۆراکییەکان
11 بەکارهێنانی ئاسانسۆر لە جیاتی قادرمە
12
13 زۆر خواردنی چەورییە بەسوودەکان
نەخواردنی سەوزە و میوە
14 نەبوونی ژەمی جێگیر
15 خواردنی جیاوازیکاتی پشووەکان

# ئەو هەڵانەی لە مەتبەخدا دەکرێن

رووداو– ئاژانسەکان

هەندێک هەڵە بە نەشارەزایی لە مەتبەخی ماڵدا دەکرێن کە دەبنە مەترسیی بۆ سەر تەندروستیی ئەندامانی خێزان. ڕۆژنامەی لۆفیگارۆی فەرەنسی دەڵێ سێیەکی حاڵەتەکانی ژەهراوییبوون لەو وڵاتە، سەرچاوەکەیان هەڵەی ناو مەتبەخە.


ئەمانە هەندێکن لەو هەڵانە کە دوور نییە ببنە هۆی ژەهراوییبوون:



**1 دەستنەشووشتن:**
بەر لە دەستدان لە گۆشت، دەبێ دەستەکانت بە باشی بشۆیت، چونکە دوور نییە گۆشتەکە بە جۆرەها بەکتریا پیس بێ.



**2 نەشووشتنی بەفرگر:** دەبێ زوو زوو بەفرگر (سەلاجە) خاوێن بکرێتەوە، چونکە بەفرگرەکەت کۆگای کۆکردنەوەی خواردنەکانتە و زۆربوونی بەکتریا تێیدا، هەموویان دەخاتە مەترسییەوە. دەبێ جگە لە خاوێنکردنەوەی ناوبەناو، ساڵانە جارێک زۆر بە باشی و وردی بەفرگرەکەت بشۆی.



**3 شووشتنی هێلکە:**
شووشتنی هێلکە بەر لە دانانی لەنێو بەفرگر، دەبێتە هۆی داخوراندنی چینە پارێزەرەکەی سەرەوەی، ئەویش ڕێگە خۆشدەکات بۆ زیندەوەرە نەخۆشخەرەکان وەکوو سالمۆنێللا (تووشکەری گرانەتا و سکچوون) کە بگەنە نێو هێلکەکە.



**4 جیانەکردەوەی خۆراک و کەرەستەکانی مەتبەخ:**
بە تایبەت چەقۆ و هاوشێوەکانی، نابێ بە هیچ جۆرێک بە هەمان چەقۆ میوە و سەوزە و گۆشت لە هەمانکاتدا لەتبکرێن.



**5 نەشووشتنی رووکارە بەکارهاتووەکانی مەتبەخ:**
هەموو ئەو ڕووانەی بەکاردەهێنرێن (سنک، مێز، سینی و هەموو ڕووە بەکارهاتووەکانی دیکە) دەبێ لەگەڵ هەموو خۆراک ئامادەکردنێک بشۆردرێن، ئەگەر وانەکەی بەدەستی خۆت ژینگەیەکی لەبار دەڕەخسێنی بۆ گەشەی بەکتریاکان لە مەتبەخەکەتدا.



**6 پشتگوێخستنی باش شووشتنەوەی میوە و سەوزەکان:**
لە هۆکارە سەرەکییەکانی تووشبوونە بە بەکتریا و مشەخۆر و ڤایرۆسە نەخۆشخەرەکان.



**7 هەڵگرتنی خواردن:**
دانانی خواردنی تازە و گەرم بۆ ماوەی دوو کاژێر و زیاتر لە پلەی گەرمیی ژووردا هەڵەیە، چونکە پلەی گەرمیی ژوور، ژینگەیەکی لەبارە بۆ گەشەی میکرۆبە جیاوازەکان، بەپێچەوانەی بەفرگرەوە.



**8 چێکنەکردنەوەی کواڵیتیی خواردنەکانی نێو بەفرگر:**
چونکە هەر خواردنێک ماوەیەکی هەیە کە بە گونجاوی بمێنێتەوە و پاش ئەوە وەک بەسەرچوو هەژمار دەکرێ.



زانا هەڵۆ کوردە/ برۆکسل

هاوپەیمانێتی ئەڵمانیا – فەرەنسا

# قۆناغێکی نوێی گەشەسەندنی یەکێتیی ئەوروپا

لــە مێژووی یەکێتی ئەوروپــادا دوو وڵات هەردەم ڕۆڵی سەرەکی و بنچینەییان گێڕاوە، ئەوانیش فەرەنسا و ئەڵمانیان. هەردوو وڵات ئەندامــی دامەزرێنەری کۆمەڵگەی ئەوروپین (1957) کــە بــە یەکگرتنێکــی ئابــووری دەســتیپێکرد و هەنــگاو بە هەنــگاو پەلی کێشــا بۆ کایەکانی سیاســی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگــی. یەکێتی ئەوروپا ئێســتا دووەم گەورەتریــن ئابووریــی جیهانە و لە ئاســتی ناوخۆشــدا بازاڕ و دراوی هاوبەشی ئەوروپی (یــۆرۆ) بووەتــە هــۆی لێکنزیککردنەوە و هارمۆنیزەکردنــی ســەکتەر و شــادەمارە گرنگەکانی ئابووری وڵاتانی ئەوروپی. بازاڕی ئەوروپــی وایکــردووە کە (60%)ی یاســا و ڕێساکان لە وڵاتانی ئەوروپی، لە برۆکسلەوە دەربچن. لەلایەکی دیکەوە یەکێتیی ئەوروپا لــە بوارەکانــی سیاســەتی دەرەوە و وزە و نوێنەرایەتیکردن لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بووەتە ســەکۆیەک بــۆ 28 وڵاتی ئەوروپی. گــەر ئاوڕێــک لــە پرۆســەی گەشــەکردنی یەکێتیی ئەوروپا بدەینەوە، دەبینین ئەڵمانیا و فەرەنســا کاراکتەری سەرەکی و بزوێنەری ئەو پرۆسەی گەشەکردنە بوونە.

گەر بڕوانینە مێژووی ئەم هاوپەیمانێتییە، دوو خاڵــی گرنگ بەرچــاو دەکەون: یەکەم، هەمیشــە ئاســتی پەیوەندییەکانــی نێوان ئەڵمانیا و فەرەنسا کاریگەری و ڕەنگدانەوەی بەرچاوی هەبووە لەسەر ئاستی پێشکەوتنی یەکێتیــی ئەوروپــا. دووەم خاڵی گرنگ کە جێــی ئاماژەیــە، ئەوەیە کە ســەرۆکەکانی ئــەم دوو وڵاتە ڕۆڵی ڕاســتەوخۆیان هەبووە لــە پێشخســتن، یاخود پەکخســتنی پرۆژە سیاســی و ئابوورییەکانــی ئەوروپــا. بــۆ نموونــە ئەو ســەرۆکانەی کــە "ئەوروپیخــواز" و یاخــود وردتر بگوتــرێ "فیدراڵخــوازی ئەوروپی" بوون، هەمیشــە هەوڵیان داوە سەنگ و قورسایی خۆیان و وڵاتەکەیان بەکاربهێنن بۆ پێشخســتنی پرۆژە سیاسی- ئابوورییە ئەوروپییەکان. نموونەی هەرەدیاریش کۆنراد ئاندئاوەرە کە لە نێوان ساڵانی (1949–1963) ڕاوێژکاری ئەڵمانیا بوو. ئاندئاوەر بــە درککردن بە گرنگــی و بایەخی هاوپەیمانێتی فەرەنسا وئەڵمانیا، ڕێککەوتننامەی ئاشتبوونەوەی ســتراتیژی "ئیلیزێ (1963)"ی لەگــەڵ ژەنەراڵ شــارڵ دیگۆڵ-ی سەرۆک کۆماری فەرەنسادا واژۆ کرد. پەیمانی ئیلیزێ ئەوکات تەکانێکی گەورەی بــە کۆمەڵگــەی ئەوروپــی دا. نموونەیەکی دیکە هیلمــۆت کــۆڵ-ی ڕاوێژکاری ئەڵمانیا و فرانســوا میتران-ی سەرۆک کۆماری فەرەنسان کە وەک دوو سەرۆکی بەهێز و خاوەن کاریزما لە دوای ڕووخانی بــەرەی کۆمۆنیزم لە ڕۆژهەڵاتــی ئەوروپا پێکەوە بەرنامەیەکی توندوتۆڵیان داڕشت بۆ فراوانکردنی یەکێتی ئەوروپا لە ڕووی دەســەڵاتی سیاســی و پانتایــی جوگرافییــەوە. هاوپەیمانی فەرەنســا- ئەڵمانیا لەو سەردەمەدا و بەتایبەتیش پەیوەندی باشی نێوان کۆڵ-میتران، بووە سەرەتای قۆناغێکی نوێ لە مێژووی یەکگرتن لە ئەوروپادا و پەیمانی (دامەزراندنــی یەکێتیــی ئەوروپــا، ماســترێخت 1992)ی لێکەوتەوە. لە پەیمانی ماسترێختدا ناوی کۆمەڵگــەی ئەوروپی گۆڕا بۆ یەکێتیی ئەوروپا و یەکێتیی ئەوروپاش لە کۆمەڵگەیەکی ئابوورییەوە بــووە کۆمەڵگەیەکی سیاسی-ئابووری-یاســایی و دەســەڵاتەکانی بۆ بوارەکانی سیاسەتی دەرەوە، ناوخۆ و داد زیادکران.

بە پێچەوانەشــەوە نموونەی ئەو ســەرۆکانەی ئەڵمانیــا و فەرەنســا هەن کە لەژێــر کاریگەریی فیکری ناسیۆنالیزم و وڵاتدۆستیدا، سیاسەتێکی پتر ناوخۆییان پەیــڕەو کردووە و ئەوەش بووەتە هۆی پەکخســتنی ڕەوتی یەکگرتن لە ئەوروپادا. نموونەی دیاریش ژەنەراڵ دیگۆل بوو کە سەرەڕای پەیمانی ئیلیزێ، ئەجێندایەکی ناسیۆنالیستی بۆ فەرەنســا هەبوو. حوکمڕانیی ســەرۆک دیگۆل لە فەرەنســا یەکێــک بوو لەو هۆکارە ســەرەکیانەی کە کۆمەڵگەی ئەوروپی بە درێژایی شەســتەکانی ســەدەی ڕابردوو بە قەیراندا تێدەپەڕی و گەشەی نەکرد. نموونەی نوێتریش هەریەک لە ســارکۆزی سەرۆکی فەرەنسا و ئەنگێلا مێرکڵ-ی ڕاوێژکاری ئەڵمانیان. چاودێران و مێژوونووسانی ئەوروپی بە ڕەخنــەوە ڕۆڵی ئەم دوو کاراکتەرە سیاســیەیان هەڵسەنگاندووە کە هاوشێوەی سەرۆکەکانی پێشوو خواستێکی ڕاستەقینەیان نەبووە بۆ گەشەپێدانی یەکێتیــی ئەوروپا. لێرەدا پێویســتە بگوترێ کە قەیرانــی ئابووری و هەروەها ســەرهەڵدانی پارت و ڕەوتە ناسیۆنالیســتە ڕاســتڕەوەکان لە وڵاتانی ئەوروپــا و دواتریــش قەیرانی کــۆچ و کۆچبەران بۆ ئەوروپا، هەریەک کاریگەرییان هەبووە لەســەر سنووردارکردنی ڕۆڵی ئەم سەرۆکانە.

ئێســتاش ئامــاژەکان وا دەردەخــەن کــە یەکێتیــی ئەوروپــا لەبــەردەم وێســتگەیەکی دیکــەی گەشەســەندندا بێ، ئەوەش لە ســایەی پەیوەندیی باشــی نێــوان ئەڵمانیا و فەرەنســا. ئیمانوێل ماکرۆن، سەرۆک کۆماری فەرەنسا وەک سەرۆکێکی بەهێزی ئەوروپیخواز خۆی نیشانداوە کە ئەجێندایەکی سیاسی فراوانی بۆ گەشەکردنی یەکێتی ئەوروپا هەیە لە تێکڕای بوارەکانی بازاڕی ناوخۆی ئەوروپی، سیاســەتی دەرەوەی یەکێتیی ئەوروپا و پەرەدان بە سیاسەت و هێزی بەرگریی هاوبەشی ئەوروپی.

هەرچــی ئەڵمانیاشــە، ئەنگێــلا مێــرکڵ کە جارێکــی دیکە دەبێتــەوە ڕاوێــژکاری ئەڵمانیا، خواســتی هاوکاریکردنــی توندوتۆڵــی لەگــەڵ سەرۆک ماکرۆن دەربڕیوە. لێرەدا پێویستە ئامــاژە بــە حکومەتی نوێــی ئەڵمانیا بکرێ کە سۆســیال دیموکراتەکان بە سەرۆکایەتی (مارتن شووڵتز) پۆستە گرنگەکانــی وەک وەزیــری دەرەوە و وەزیری ئابووری تێــدا وەردەگرن. لە بەرنامــەی حکومەتی نوێــی ئەڵمانیادا بایەخێکــی زۆر بــە یەکێتیــی ئەوروپــا دراوە و چاودێــران "دەســتی شــووڵتز" لەم بەرنامەیەدا دەبینن کە بە کەســێکی 'ئەوروپیخواز' ناســراوە و سەردەمێکی زۆری ژیانــی سیاســی خــۆی لــە پەرلەمانی ئەوروپادا بەسەر بردووە وەک ئەنــدام و دواتریــش وەک سەرۆکی پەرلەمانی ئەوروپا.

چــاوەڕوان دەکــرێ بوونــی (مارتن شــووڵتز) وەک وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیــا لەلایــەک و لەلایەکــی دیکــەش پەیوەنــدی باشــی نێوان مێــرکڵ و ماکرۆن ببنــە دوو فاکتــەری گرنــگ بــۆ ئەوەی ئەو "ئەجێندا ئەوروپییە"ی کــە هەردوو وڵات هەیانە جێبەجێ بکرێ. هەرچی ئاکامی ئەم بەرنامە سیاسییە ئەوروپییەشە، چاوەڕوان دەکــرێ یەکێتــی ئەوروپــا لە ماوەی شــەش مانگ تا ساڵی داهاتوودا هەنگاوی گەورە لە بوارەکانی بازاڕی ناوخۆی ئەوروپــی، سیاســەتی دەرەوە و سیاســەتی بەرگریدا بنێ.


پەیوەندی نێوان مێرکڵ و ماکرۆن فاکتەرێکی گرنگە بۆ ئەوەی ئەو "ئەجێندا ئەوروپییە"ی کە هەردوو وڵات هەیانە جێبەجێ بکرێ

# ئیسرائیل لە دوژمنە عەرەبەکانی نزیک دەبێتەوە

ڕووداو- هەولێر

لە دوو ســاڵی ڕابردوودا چەکدارانی سەر بە داعش لە نیمچە دوورگەی سینای میسر تەنگیان بە هێــزە ئەمنییەکانی قاهیرە هەڵچنیبوو. لە کاتێکدا ئەمریکا ســەرقاڵی بەرەنگاربوونەوەی داعــش بوو لــە عێراق و ســووریا، فڕۆکەکانی ئیسرائیل بە نهێنی و بە ڕەزامەندیی حکومەتی میســر بنکەکانی چەکدارانی داعشیان لە سینا کردووەتە ئامانج.

بــە گوێــرەی ڕاپۆرتــی هــەردوو ڕۆژنامەی (نیویــۆرک تایمز) و (واشــنتن پۆســت)، لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا درۆن و هەلیکۆپتەر و فڕۆکە جەنگییەکانی ئیسرائیل زیاتر لە 100 هێرشــی ئاســمانییان لە میســر ئەنجامداوە. هەموو هێرشەکانیش بە ڕەزامەندی عەبدولفەتاح سیسی، سەرۆککۆماری میسر بووە، لە زۆربەی کاتەکانیشــدا فڕۆکە و درۆنەکانی ئیسرائیل بە ڕێگایەکدا هاتوونەتە ســەر باکووری سینا کە هەســت بکرێت لە ناوخۆی میســرەوە هاتوون نەک لە ئیسرائیلەوە. هەردوو ڕۆژنامەکە پشت بــە لێدوانی بەرپرســانی پێشــووی ئەمریکا و بەریتانیا دەبەستن.

ماوەی نزیکەی پێنج ســاڵ دەبێت ئەنســار بەیت ئەلمەقدیس کێشــەی ئەمنیی گەورەیان بۆ حکومەتی میســر دروستکردووە، لەکاتێکدا قاهیــرە تواناــی نییە ئەو هێزانــە لاواز بکات، بۆیــە هێرشــە ئاســمانییەکانی ئیســرائیل یارمەتییەکی باشە بۆ میسر. لەلایەکی دیکەوە ئیســرائیلیش نایەوێت لەو سنوورەوە کێشەی ئەمنیی بۆ دروست بێت. هاوکارییە سەربازی و ئاسمانییەکانی نێوان قاهیرە و تەلەڤیڤ دوایین نموونەی ئەو گۆڕانکارییانەیە کە سەرهەڵدانی داعــش لە پەیوەندیی نێوان وڵاتاندا دروســتی کردووە.

هــەر دوو وڵات هەوڵێکــی زۆریان دابوو ئەو ڕێککەوتنە ســەربازییە بە نهێنــی بمێنێتەوە. حکومەتی میسر کە هەڵبژارنەکانی سەرۆکایەتی

> تۆمارێکی دەنگی دەریدەخات قاهیرە تەنیا بە ڕواڵەت دژی بڕیارەکە بووە و ژێربەژێر هەوڵیداوە دەزگا میدیاییەکان کاردانەوەی توندیان بەرامبەر ئەو بڕیارە نەبێت

مانگی ئاداری لە پێشــە، لەوە دەترسا هەواڵی هاوکارییەکان کاردانەوەی نێوخۆیی نێگەتیڤی لەســەر کەمپینــی هەڵبژاردنەکانــی سیســی هەبێت.

حەوت بەرپرسی ئێستا و پێشووی ئەمریکی و بەریتانی بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاســت کە قسەیان بۆ (نیویۆرک تایمز) کردووە، کۆک بوون لەسەر ئەوەی ئەم هاوکارییە کاریگەریی گــەورەی لەســەر پرۆســەی ئاشــتیی نێــوان فەلەستین و ئیســرائیل دەبێت، بە تایبەتیش لەبەر ئەوەی ئیســرائیلییەکان گەیشــتوونەتە ئەو بڕوایەی میسر ناتوانێت بەرەنگاری کێشە ئەمنییە نێوخۆییەکانی خۆی ببێتەوە.

لە ماوەی پێنج ســاڵی ڕابــردوودا و بەهۆی هەڕەشەکانی داعشەوە، پەیوەندییە سیاسی و ئەمنییەکانی زۆر لەو وڵاتانە گۆڕاوە کە پێشتر وەکوو دوژمن دەبینران. بەرپرسێکی ئەمریکی بــە (واشــنتن پۆســت)ی ئەمریکــی گوتووە: "هاوکارییــەکان لەبــواری بەرەنگاربوونــەوەی تیرۆر لە کێشــە سیاســییەکانی نێوان وڵاتانی ناوچەکە جیاکراوەتەوە".

حکومەتەکەی سیسی هەوڵێکی زۆری داوە زانیاریی تایبەت بە هاوکارییەکانی ئیسرائیل بە نهێنی بمێننــەوە، بۆیەش جگە لە ژمارەیەکی کەمــی فەرمانــدە باڵاکانــی ســوپای میســر، هیچ کەســێک ئاگاداری ئــەو نزیکبوونەوەیەی قاهیرە و تەلەڤیف نەبووە. حکومەتی میســر ناوچــەی باکــووری ســینای وەکــوو ناوچەی سەربازی ڕاگەیاندووە، بۆیەش ڕۆژنامەنووسان نەیانتوانیوە زانیاری لەو شوێنە کۆبکەنەوە.

ئیســرائیل هەمــوو کات بــە نیگەرانییەوە ســەیری ڕووداوەکانــی دوای بەهــاری عەرەبی کردووە لە میسر. کاتێک ساڵی 2012 محەممەد مورســی، ســەرکردەیەکی ئیخوانــی میســر، بووە ســەرۆککۆماری میســر، ئیسرائیلییەکان نیگەرانی ئەوە بوون کە ســەرکەوتنی مورسی دەســتی بزووتنەوەی حەماس لە فەلەســتین بەهێز بکات. ســاڵێک دواتر مورســی لەســەر کار لادرا و سیســی شوێنی گرتەوە. ئیسرائیل پشــتیوانیی لەو هەنــگاوە کرد و داواشــی لە واشنتن کرد قەبووڵی بکات.

ئەنســار بەیت ئەلمــەقدیس ســاڵی 2014 بەیعەتیان بە داعش دا. لە ناوەڕاســتی 2015دا بە ماوەیەکی کورت دەســتیان بەسەر شــارۆچکەی شــێخ زوبەیدا گرت لە ســینا. لە ئۆکتۆبــەری هەمان ساڵیشــدا فڕۆکەیەکی نەفەرهەڵگری ڕووســییان خســتە خوارەوە و بە هۆیەوە 224 سەرنشینی فڕۆکەکە کوژران. جگــە لەمەش دەیان هێرشــیان لەنــاو خاکی میســردا ئەنجامداوە کە تێیاندا ســەتان کەس کوژراون.

بە گوتەی بەرپرســانی ئەمریکی، هێرشــە ئاسمانییەکانی ئیسرائیل ڕۆڵی هەبووە لەوەی ڕێکخراوەکــە چیــدی نەوێرێت وەکوو پێشــتر ئازادانە خاڵی پشــکنین دابنــێ، ڕێگاوبانەکان بگــرن یــان دەســت بەســەر شــارۆچکە و گوندەکانــدا بگرن، بەڵکو ڕوویان لە هێرشــی خۆکوژی و دەســتڕێژ لە ناوەندە ئاینییەکانی مەسیحییەکان و سۆفییەکان کردووە.

بەرپرســێکی ئێســتای ئیدارەی واشنتن بە (واشنتن پۆست)ی ڕاگەیاند کە چاوەڕێ ناکەن ئاشــکرابوونی ئەو زانیارییانــە کاریگەرییەکی ئەوتــۆی لەســەر ڕای گشــتی خەڵکی میســر بەرامبەر سیسی هەبێت، چونکە "داعش هێندە کاری ناشــیرینی لە میســر کــردووە، خەڵکی ئاسایی میسر بە هاوکاریی نێوان وڵاتەکەیان و ئیسرائیل دڵگران نابن".

وەکوو لــە ڕاپۆرتەکەی (نیویــۆرک تایمز) دا دەردەکەوێــت، بەشــێک لــە ڕێککەوتنەکە ئــەوە بووە ئیســرائیل هێزی ئاســمانی خۆی لــە ناوچەکانــی باکووری ســینا بخاتــە کار و میســریش هێزی پیادەی خــۆی ڕەوانەی ئەو شوێنە بکات کە ئیسرائیل بۆردومانی کردوون.

هــەردوو ڕۆژنامــە ئەمریکییەکــە لــە زاری بەرپرسانی ئێستا و پێشووی کۆشکی سپییەوە پشتڕاســتی دەکەنەوە کە دیپلۆماتە باڵاکان و بەرپرســانی هەواڵگریــی واشــنتن ماوەیەکــی زۆرە ئــاگاداری ئەو هاوکارییــەن. تەنانەت لە کۆبوونەوە داخراوەکانی نێوان کۆشکی سپی و کۆنگرێسیشدا بەردەوام باسی کراوە.

بنیامیــن نەتانیاهــۆ، ســەرۆکوەزیرانی ئیســرائیل لــە چەندیــن بۆنــەی دوو ســاڵی ڕابــردوودا هەوڵیــداوە هاوکارییە ئەمنییەکانی ئیســرائیل بۆ میســر بــە چاوی بەرپرســانی واشنتندا بداتەوە.

بە گوێرەی (نیویۆرک تایمز)، لە شــوباتی 2016 دا جــۆن کێــری، وەزیــری دەرەوەی پێشــووی ئەمریکا، کۆبوونەوەیەکی نهێنی بۆ شــای ئوردن، ســەرۆکوەزیرانی ئیســرائیل و سەرۆککۆماری میسر ڕێکخستبوو.

لــە کۆبوونەوەکــەدا جــۆن کێــری داوای کردبوو میســر و ئوردن ڕێککەوتنێکی ئەمنی واژۆ بکــەن کــە تێیــدا گەرەنتــی ئاسایشــی ئیســرائیل بکەن، ئەمەش وەکوو بەشــێک لە ڕێککەوتنی دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەســتین. بــەڵام نەتانیاهۆ گاڵتەی بە بیرۆکەکە کردبوو، گوتبــووی ئەگەر میســر نەتوانێت ئاسایشــی خــۆی بپارێزێت، چــۆن دەتوانێت ئاسایشــی ئیسرائیل مسۆگەر بکات.

لە دوایین مانگی ســاڵی ڕابــردوودا، دۆناڵد ترەمــپ، ســەرۆکی ئەمریــکا، ڕایگەیانــد کە وڵاتەکەی ئورشەلیم وەک پایتەختی ئیسرائیل دەناســێ. تۆمارە دەنگییەکانی بەرپرســێکی بــاڵای دەزگای هەواڵگریی میســر دەریدەخات قاهیــرە تەنیا بە ڕواڵــەت دژی بڕیارەکە بووە و ژێربەژێــر هەوڵیــداوە دەزگا میدیاییــەکان کاردانــەوەی توندیــان بەرامبــەر ئــەو بڕیارە نەبێت "لەبەر ئەوەی دژایەتیکردنی ئیســرائیل لە قازانجی میسر نییە".


لە دوو ساڵی ڕابردوودا فڕۆکە جەنگییەکانی ئیسرائیل زیاتر لە 100 هێرشی ئاسمانییان لە میسر ئەنجامداوە

## سۆبچاک.. لە لایەنگرێکی سەرسەختەوە بۆ رکابەری سیاسی

# میدیاکارە شۆخ و شەنگەکەی رکابەری پوتین بناسە



کسێنیا سۆبچاک حەز ناکات بە پاریس هیڵتن بچوێنرێ

(فۆتۆ: AFP)

**روودا - هەولێر**

بە دووەم بەناوبانگترین کەسایەتی ئێستای رووسیا ناسراوە و چەندین ملیۆن رووسی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چاودێریی چالاکی و پۆستەکانی دەکەن، بەڵام هەموو ناوبانگەکەی هی سیاسەتی نییە، چونکە ئەو پێشتر لە 2004 بۆ 2012 پێشکەشکاری بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیی بەناوبانگ بووە، هەر بۆیە زۆر کەس بە پاریس هیڵتنی رووسیا ناوی دەبەن.

کسێنیا سۆبچاک لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی رووسیادا ملی لەبەر ملی سەرۆک ڤلادیمیر پوتین، بەهێزترین پیاوی رووسیا ناوە.

ناوی خێزانی سۆبچاک بە مێژووی نوێی حکومەتی رووسیاوە گرێدراوە، هۆکاری ئەمەش بۆ پەیوەندیی قووڵی نێوان ئاناتۆلی سۆبچاک، باوکی کسێنیا لەگەڵ پوتین دەگەڕێتەوە. ئاناتۆڵی راوێژکار و کەسایەتی جێی متمانەی پوتین و یەکێک لە نووسەرانی دەستووری رووسیا بووە، بە جۆرێک زۆر کەس دەستووری ئێستای رووسیا بە دەستووری سۆبچاک ناودەبەن.

سۆبچاکی باوک لە 1991 بۆ 1996 سەرۆکی شارەوانیی سان پیتەرسبورگ بووە. ئەوکات سۆبچاک پوتینی وەکوو جێگری خۆی دەستنیشان کرد، دواتریش لە تۆمەتەکانی گەندەڵیدا بە هانای پوتینەوە چوو. لە کەمپینەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی رووسیا لە ساڵی 2000، سۆبچاک لایەنگرێکی سەرسەختی پوتین بوو. لە 20ی شوباتی 2000 ئاناتۆڵی سۆبچاک لە کاتێکدا خەریکی کەمپین بوو بۆ پوتین، لە کالینینگراد بەشێوەیەکی گوماناوی گیانی لەدەستدا. تاوەکو ئێستاش گومانێکی بەهێز هەیە کە سۆبچاک و هاوڕێکانی ژەهراوی کرابن.

کسێنیا نموونەی منداڵی نوخبەیەکی سیاسیی رووسیای پاش سۆڤیەتە. سەردەمی منداڵیی خۆی بە یاریکردن لەگەڵ کچەکانی پوتین بەسەر بردووە. ئەوکات ڤیکتۆر زۆلۆتۆڤ پاسەوانیان بووە کە دواتر بووە بە پاسەوانی تایبەتی پوتین و ئێستاش سەرۆکی گاردی نیشتمانیی رووسیایە. کسێنیا لە دیمانەیەکدا بە گۆڤاری (ئیکۆنۆمیست)ی بەریتانی دەڵێت: "ئێمە چانسی ژیانێکی رۆژئاواییمان هەبوو، ئۆتۆمبێل و ئۆفیسی جوانمان هەبوو، جلوبەرگمان وەکوو ئەوروپییەکان بوو، چەندین زمانمان دەزانی و گەشتمان دەکرد". ئەوکات ئەوان بەخێزان لایەنگری پوتین بوون.

بەڵام شتەکان لە 2011 بەدواوە گۆڕان. لە کانوونی یەکەمی ئەو ساڵەدا خۆپیشاندەران رژابوونە سەر شەقامەکانی مۆسکۆ و ناڕەزاییان بەرامبەر ساختەکارییەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی رووسیا دەردەبڕی. کسێنیا کە ئەوکات هێشتا ئەستێرەی تیڤی بوو، مایکرۆفۆنی وەرگرت و گوتی: "من کسێنیا سۆبچاکم و شتانێک هەیە دەبێت لە دەستیان بدەم". خۆپیشاندەران فیکەیان بۆ لێدا، بەڵام سۆبچاک لە قسەکانی بەردەوام بوو گوتی: "ئێمە گۆڕانکاریی سیاسیمان دەوێت، نەک شۆڕش". ئەمە داوای زۆرینەی خەڵکی رووسیاش بوو.

ئامادەکارانی خۆپیشاندانەکە بە ئەنقەست داوایان لە سۆبچاک کردبوو لەو رۆژەدا بەشدار بێت، چونکە وەکوو ئەستێرەیەکی تیڤی و نووسەری پڕفرۆشترین کتێبی ساڵ لەژێر ناونیشانی "چۆن شوو بە میلیۆنێرێک بکەین" لەناو گەنجانی رووسیادا دەموچاوێکی ناسراو بوو، جگە لەمەش بیستنی ئەو قسانە لە زاری کەسێکی نزیک لە خێزانی پوتین کاریگەریی بەرچاوی لەسەر مەشروعییەتی داواکاریی خۆپیشاندەران دادەنا. بەڵام هیچکەسێک نەیدەزانی ئەمە سەرەتای رێگەیەکی نوێ و تەواو جیاواز دەبێت لە ژیانی کسێنیا کە دواتر وەکوو روخسارێکی نوێ لە ئۆپۆزیسیۆنی رووسیادا دەردەکەوێ.

شەش ساڵ دوای ئەو رۆژە و لە 18ی ئۆکتۆبەری پارساڵ، کسێنیا سۆبچاک رایگەیاند، بەنیازە وەکوو کەسایەتییەکی ئۆپۆزیسیۆن خۆی بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی رووسیا بپاڵێوێت کە بڕیارە مانگی ئاداری ئەمساڵ بەڕێوەبچێت. سۆبچاک خۆی بە کەسێکی لیبراڵ دەزانێت، بەڵام ئەجێندا لیبراڵەکەی کۆمەڵێک خاڵی تێدایە کە لای زۆربەی خەڵکی رووسیا نەک هەر هیچ لە کێشەکان ناگۆڕێت، بەڵکو جێی پەسەندیش نین، لەوانەش مامەڵەی باشتر لەگەڵ هاوڕەگەزخوازەکان، دەستهەڵگرتن لە داگیرکردنی کریمیا و لادانی تەرمی لینین لە باڵەخانە تایبەتەکەی مەیدانی سووری مۆسکۆ.

لە خۆپیشاندانەکانی ساڵی 2011 تەنیا دوو روخسار بە میرات ماونەتەوە کە یەکێکیان سۆبچاکە و ئەوەی دیکەیان ئالێکسی ناڤالنییە و ئەویش هاوشێوەی سۆبچاک خۆی بۆ سەرۆکایەتیی رووسیا پاڵاوتبوو، بەڵام کۆمیسیۆنی ناوەندیی هەڵبژاردنەکانی رووسیا ناوەکەی رەتکردەوە. ناڤاڵنی و پارتی رووسیای یەکگرتوو بایکۆتی هەڵبژاردنەکانیان کردووە، بەڵام سۆبچاک و کەمپینەکەی داوا لە گەنجانی رووسیا دەکەن لە مانگی ئاداردا روو لە سندوقەکانی دەنگدان بکەن.

ناڤاڵنی پێیوایە کچەکەی ئاناتۆڵی سۆبچاک تەنیا "کاندیدێکی لیبراڵی کاریکاتێری"یە، بەڵام سۆبچاک بەردەوام هەوڵ دەدات لە قسەکانیدا دیپلۆماسییانە باسی ناڤاڵنی بکات. لە دوایین دیمانەی لەگەڵ گۆڤاری (فۆرین پۆلسی)ی ئەمریکیدا سۆبچاک دەڵێت: "سەبارەت بە چۆنێتیی بەشداری لە هەڵبژاردندا زۆرم قسە لەگەڵ ئالێکسی ناڤاڵنی هاوڕێم کردووە، من هەر لە سەرەتاشەوە لەگەڵ ئەوە نەبووم کە ئەگەر ناڤاڵنی رێگەی بەشداری لە هەڵبژاردنی پێنەدرا، بایکۆتی هەڵبژاردن بکات". ناڤاڵنی ئامادە نەبووە پشتگیری لە کەمپینەکەی سۆبچاک بکات و ئەویش پێیوایە ئەم هەڵوێستەی ناڤاڵنی "زۆر خۆپەرستانەیە".

ئەستێرەکەی پێشووی تەلەفزیۆنی رووسیا پێیوایە "بۆ ئەوەی لە سیستەمێکی پاوانخواز و سەرکوتکەردا بتوانیت رێی خۆت لەناو سیاسەتدا بکەیتەوە، دەبێت هەلومەرجێک دروست بکەیت کە تێیدا نە شیش بسووتێ نە کەباب. پێویستە سیاسەتکارێکی راستەقینە هەموو دەرفەتێک بقۆزێتەوە و تەنانەت بۆ کورتماوە لەگەڵ شەیتانیش دانوستاندن بکات".

ئەوە چوارەم جارە ڤلادیمیر پوتین لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی رووسیادا کاندید بێت، سۆبچاک دڵنیایە ئەمجارەش پوتین براوەی هەڵبژاردنەکە دەبێت و دەڵێت: "ئەمە وەکوو گازینۆ وایە، لەم گازینۆیەدا ناکرێت لە پوتینی بەریتەوە. بەڵام دیسانیش ئەمە دەرفەتێکی باشە بۆ ئەوەی بە دەنگی بەرز بیرکردنەوەی خۆت بخەیتەڕوو، چونکە (بەپێی دەستووری رووسیا) تاکە رێگە بۆ ئەوەی دەستت بە کەناڵە تەلەفزیۆنییە فیدراڵییەکان رابگات، ئەوەیە لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا کاندید بیت".

هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی رووسیا لە رۆژی 18ی ئاداری ئەمساڵ بەڕێوەدەچێت و تێیدا هەشت کاندید لەسەر پۆستی سیاسیی یەکەمی رووسیا ململانێ دەکەن. شەش کاندیدەکەی دیکە بریتین لە سێرگەی بابورین (یەکێتیی هەموو پارتەکانی رووسیا)، گریگۆری یاڤلینسکی (پارتی لڤیف)، بۆریس تیتۆڤ (پارتی گەشە)، ماکسیم سورایکین (پارتی کۆمۆنیستەکانی رووسیا)، پاڤڵ گرودنین (پارتی کۆمۆنیست) و ڤلادیمیر ژیرنۆڤسکی (پارتی لیبراڵ دیموکرات)، ڤلادیمێر پوتین (پارتی رووسیای یەکگرتوو) هەروەها کسێنیا سوبچاک (کەسایەتیی سەربەخۆ).

کسێنیا، تەمەن 36 ساڵ بە پاریس هیڵتن (ئەستێرەی نمایشکاری ئەمریکی) ناسراوە و هەندێکجاریش بەهۆی پێشینەی کارکردنی لە بەرنامە سەرگەرمییەکانی تەلەفزیۆن بە دۆناڵد ترەمپی هەڵبژاردنەکانی رووسیا ناودەبردرێت، بەڵام کسێنیا بۆچوونێکی دیکەی هەیە و دەڵێت: "نازانم کێ ئەم ناوی پاریس هیڵتنەی بەسەر مندا براند، چونکە ئەوە هیچ پەیوەندییەکی بە منەوە نییە. من کەسایەتییەکی سیاسیم و 10 ساڵە کاری سیاسی دەکەم".

## بۆ ئاڵوگۆڕی بەندکراوەکانە

# ئەمریکا هەوڵی دانوستاندن لەگەڵ ئێران دەدات

**روودا - هەولێر**

لە 20 ساڵی رابردوودا هیچ ئیدارەیەکی ئەمریکی هێندەی ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، هەڵوێست و لێدوانی توندی دژی ئێران نەداوە، بەڵام بە گوتەی بەرپرسانی کۆشکی سپی، چارەنووسی گیراوە ئەمریکییەکان ئەو ئیدارەیەشی ناچار کردووە بەدوای کەناڵی پەیوەندی و دانوستاندن لەگەڵ تاراندا بگەڕێت، بەرپرسانی ئێرانیش تاوەکو ئێستا بەدەم داواکارییەکەی ئەمریکاوە نەچوون.

بەگوێرەی راپۆرتێکی رۆژنامەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکی، کۆشکی سپی لە مانگی کانوونی یەکەمی 2017 هەوڵی دروستکردنی کەناڵێکی پەیوەندی و دانوستاندن لەگەڵ ئێرانی داوە، بۆ ئەوەی هەردوو وڵات بتوانن سەبارەت بە چارەنووسی گیراوەکانیان گفتوگۆ بکەن، ئەوەش یەکەمجارە بەرپرسانی ئیدارەی ئێستای ئەمریکا هەوڵی لەو جۆرە لەگەڵ ئێرانییەکان بدەن.

ژمارەیەک بەرپرسی کۆشکی سپی کە ئاگاداری وردەکاریی هەوڵەکانی ئەمریکان بە (جورناڵ) یان راگەیاندووە واشنتن سێ جار پێشنیازەکەی ئاراستەی ئێرانییەکان کردووە، بەڵام ئێرانییەکان هەر سێ جارەکە داوای ئەمریکییەکانیان رەتکردووەتەوە. ئێستا چوار هاووڵاتیی ئەمریکی لە گرتووخانەکانی ئێرانن و کەسوکارەکانیان سەبارەت بە هەوڵەکانی کۆشکی سپی ئاگادارکراونەتەوە.

یەکەم هەوڵی ئەمریکا لە مانگی کانوونی یەکەمی 2017 بووە و پێشنیازی ئەوەی کردووە ئامادەیە لەگەڵ ئێران ئاڵوگۆڕی گیراوەکان بکات. هەوڵەکەی ئیدارەی ترەمپ لە کاتێکدایە کە بە درێژایی ساڵی رابردوو، حکومەتی ئەمریکا جەختی لەسەر گرتنەبەری سیاسەتی توند بەرامبەر فراوانخوازییەکانی ئێران لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بەرنامەی سیستەمی مووشەکی ئێران دەکردەوە.

لە نێوەڕاستی مانگی کانوونی یەکەمی 2015 کۆبوونەوەیەکی نێودەوڵەتی لەسەر رێککەوتنە ئەتۆمییەکەی 2015 لە ڤیەننا بەڕێوەچوو. لەو کۆبوونەوەیەدا تۆم شانۆن، یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ کاروباری سیاسی، مەلەفی ئاڵوگۆڕی بەندکراوەکانی لەگەڵ شاندی ئێرانی کردبوووە.



چوار هاووڵاتیی ئەمریکی لە گرتووخانەکانی ئێراندان

زیو وانگ، ئەکادیمیسیەنی زانکۆی پرنسیستۆنی ئەمریکی، یەکێکە لە بەندکراوە ئەمریکییەکان کە بە تۆمەتی سیخوڕی سزای 10 ساڵ بەندکردنی بۆ دەرچووە. هوا کو، هاوژینی وانگ، بە رۆژنامە ئەمریکییەکەی راگەیاندووە "وەزارەتی دەرەوە پێی راگەیاندووین کە چەندینجار هەوڵی کردنەوەی دەرگای دانوستاندن لەگەڵ ئێرانیان داوە، بەڵام تاوەکو ئێستا ئێرانییەکان هیچ وەڵامێکیان نەداوەتەوە" وانگ لە ساڵی 2016 و لە کاتی گەشتێکی زانستی بۆ ئێران دەستگیرکرا.

ستیڤ گۆڵدستین، بریکاریی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ دیپلۆماسی و پەیوەندیی گشتی، لەبارەی هەوڵەکانی وڵاتەکەیەوە گوتی "ئێمە بەدوای هەموو دەرفەتێکدا دەگەڕێین و دەمانەوێت خەڵک سەرنجی ئەو راستییە بدەن کە ئێمە ئاواتەخوازین بەندکراوە ئەمریکییەکان کە بە ناهەق لە ئێران بەندکراون ئازاد بکرێن، بۆ ئەم ئامانجەش پشت بە میکانیزمی جۆراجۆر دەبەستین".

ئیدارەی باراک ئۆباما، سەرۆکی پێشووی ئەمریکا، لە مانگی کانوونی دووەمی 2016دا و لە چوارچێوەی رێککەوتنێکی نهێنیدا حەوت بەندکراوی ئێرانی ئازادکرد و لەبەرامبەریشدا ئێران چوار بەندکراوی ئەمریکی رەوانەی وڵاتەکەیان کردەوە.

خاڵی کێشەساز لەو رێککەوتنەدا ئەوە بوو کە لە رۆژی ئاڵوگۆڕی گیراوەکاندا، ئەمریکا 400 ملیۆن دۆلار لە پارە سڕکراوەکانی ئێرانیشی رادەستی تاران کردەوە، بێ ئەوەی حکومەت ئەو پرۆسەیەی بۆ رای گشتی ئاشکرا کردبێت. ئەو 400 ملیۆن دۆلارە کە بە کاش رادەستی ئێرانییەکان کرابووەوە، بەشێک بوو لەو پارەیەی ئەمریکا لە 1979 دەستی بەسەردا گرتبوون.

ئەو کات دۆناڵد ترەمپ ئیدارەی ئۆبامای بەوە تۆمەتبار کرد کە "فیدیە"ی بە ئێران داوە. ئیدارەی ئۆباما لە بەرامبەردا جەختی لەوە دەکردەوە ئەو 400 ملیۆنە بەشێکە لەو 1.7 ملیار دۆلارەی دەبێ ئەمریکا بە ئێرانی بداتەوە و پەیوەندی بە ئاڵوگۆڕی بەندکراوەکانەوە نییە.

ئیدارەی ئۆباما بەوە تۆمەتبار دەکرا کە لە رێککەوتنی ئاڵوگۆڕی بەندکراوەکاندا چوار کێشەی سەرەکی هەیە. یەکەمیان ئەوە بوو پارەکە بە کاش رەوانەی ئێران کرابوو، فڕۆکە بارهەڵگرەکەی کە پارەکەی بۆ ئێران دەبرد هیچ ئاماژەیەکی پێوە نەبوو کە باس لەوە بکات بۆ ئەو پرۆسەیە دانراوە. رای گشتی ئەمریکا لە ناردنی پارەی کاش بۆ وڵاتێکی دیکە ئاگادار نەکرابووەوە. جیا لە هەموو ئەمانەش ئیدارەی ئۆباما هەوڵی دابوو تۆمەتی یاسایی ئەو ئێرانییانە بشارێتەوە کە بڕیار بوو رادەستی ئێرانیان بکاتەوە.

کەریم ساجدپور، شارەزای کاروباری ئێران لە ناوەندی کارنیگی، جەخت لەوە دەکاتەوە ئیدارەی ترەمپ لە رواڵەتدا زۆر دژی ئێران قسەدەکات، بەڵام سەیرەکە ئەوەیە زۆر حەز دەکەن لە پشتی پەردەوە پەیوەندی و دانوستاندنیان لەگەڵ تاراندا هەبێ.

بێجگە لە زیو وانگ کە هاووڵاتییەکی ئەمریکی بە رەچەڵەک چینییە، لانیکەم سێ هاووڵاتیی ئێرانی - ئەمریکی دیکەش لە گرتووخانەکانی ئێرانن، ئەوانیش باقر نەمازی و سیامەک نەمازی (کە باوک و کوڕن) لەگەڵ کاران وەفاداری، کە هاوژینەکەشی بەناوی ئافەرین نەیساریش لە بەندیخانەکانی ئێرانە. نەیساری هەڵگری گرین کارتی ئەمریکییە.

چالاکڤانانی ئێرانی کۆشکی سپی بەوە تۆمەتبار دەکەن دەیان هاووڵاتی خاوەن دوو رەگەزنامەی ئێرانی و ئەمریکی دەستگیرکردووە، تۆمەتەکەشیان پێشێلکردنی ئەو سزایانەیە کە ئەمریکا یان کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەسەر ئێرانیدا سەپاندووە. دوو هەفتە لەمەوبەر دادگایەکی نیویۆرک سزای سێ مانگ بەندکردنی بەسەر ئەحمەد شێخزادە سەپاند. بەپێی بڕیاری دادگای نیویۆرک، شێخزادە، فەرمانبەری پێشووی ئۆفیسی ئێران لە نەتەوە یەکگرتووەکان، تاوانبارە بە ساختەکاری لە باج و پێشێلکردنی سزاکانی سەر ئێران.

مانگی ئەیلوولی رابردوو حەسەن روحانی، سەرۆککۆماری ئێران و محەممەد جەواد زەریف، وەزیری دەرەوەی ئێران، ئاماژەیان بۆ ئەوە کردبوو وڵاتەکەیان ئامادەیە لەسەر ئاڵوگۆڕی بەندکراوەکان لەگەڵ واشنتن دانوستاندن بکەن. کەسانی ئاگادار لە دۆسیەکە لەسەر زاری زەریف رایانگەیاندبوو ئێران شێخزادەی لە سەرەوەی لیستی ئەو کەسانە داناوە کە ئامادەیە دانوستاندنیان لەسەر بکات. بەرپرسێکی پێشووی ئێران بە (جورناڵ)ی راگەیاندووە عەلی خامنەیی، رێبەری ئێران، هەڕەشەی لە بەرپرسانی حکومەتی وڵاتەکەی کردووە کە جگە لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەسەر هیچ دۆسیەیەکی دیکە لەگەڵ ئەمریکییەکان دانوستاندنی راستەوخۆ نەکەن.

بڕیارە هەفتەی داهاتوو شاندێکی ئەمریکی لەگەڵ بەرپرسانی بەریتانیا، فەرەنسا و ئەڵمانیا و یەکێتیی ئەوروپا کۆببێتەوە و باس لە هەنگاوەکانی گۆڕانکاریی لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکە بکەن. گومانیش دەکرێت ئەمریکا لە رێگەی ئەوروپییەکانەوە دۆسیەی ئاڵوگۆڕی بەندکراوەکان لەگەڵ ئێران بجوولێنێ.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# هیوایەک ماوە، پێش تەسلیمبوون

مانگی شوباتی 2014، کاتێک نووری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق بڕیاریدا بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان راگرێ، ئەوکات بەهۆی بەرزیی ئاستی داهاتی تاک لە کوردستان و بەهۆی ئەوەی پێشتر هەل و دەرفەتی کار زۆر بوو، خەڵکیش تا ئەندازەیەک بەشێک سەرمایەی پاشەکەوتی هەبوو، بۆیە بڕیارەکە تا ماوەیەکی زۆر دواتر کاریگەریی لەسەر ژیانیان دروست نەکرد. هەروەها بەهۆی ئەوەی بانکە ئەهلی و حکومییەکانی هەرێم و لقی ئەو بانکە عێراقیانەش کە لە کوردستان بوون پارەیەکی زۆریان تێدابوو، حکومەت دەستی بەسەرداگرتن و بەکاری برد، تا ماوەی چەند مانگێکیش بڕیارەکەی بەغدا کاریگەری ئەوتۆی لەسەر حکومەت نەبوو.

بەهۆی ئەوەشەوە کە بەغدا نەیتوانیبوو یاسای نەوت و غاز لە عێراق دەربکات و بەپێی رێککەوتنێکی سیاسی ساڵی 2007ی نێوان هەولێر و بەغدا، هەرێمی کوردستان بێ گەڕانەوە بۆ ناوەند چەند ساڵێک بوو لە بواری کەرتی نەوت تا ئاستی گەیشتن بە دەرهێنان و هەناردەکردن، ئامادەسازیی کردبوو، بۆیە کاتێ مالیکی بەشە بودجەی هەرێمی راگرت، هەرێمی کوردستان راستەوخۆ دەستی بە هەناردەکردنی نەوت کرد و بەو هۆیەشەوە کە ئەوکات نرخی نەوت بەرز بوو، بڕیارەکەی بەغدا بۆ بڕینی پشکی هەرێم بێ کاریگەری بوو.

دواتر بەهۆی ئەو ئاڵۆزی و لێکەوتانەی لە کێشەکانی ناوخۆی هەرێم و لە شەڕی داعش کەوتنەوە، هەروەها بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت، هەرێمی کوردستان تووشی دارمانی ئابووری هات، بە ئەندازەیەک کە حکومەت و هاووڵاتیان و کۆمپانیا و سەرمایەداران پێکەوە تووشی قەیران بوون. خۆڕاگریی خەڵک و بەرزبوونەوەی نرخی نەوت یارمەتیدەر بوون لەوەی هەرێمی کوردستان بەسەر کێشەکاندا زاڵ بێ و چاوەڕوانی ئەوە دەکرا پاشەکەوتی مووچە نەمێنێ و پڕۆژەکان بکەونەوە کار، بەڵام رووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر و لێکەوتەکانی، هەرێمی بۆ دواوە گەڕاندەوە و ئەمجارە شکستی سیاسی و سەربازیشی بەدوادا هات.

لە نێوان 16ی ئۆکتۆبەر بۆ ئێستا، لە نێوان نیەتی بەغدا لە بەچۆکداهێنانی کورد و ئەوەی ئێستا دەگوزەرێت، دەکرێت بگوترێت کوردستان مەترسییەکانی ئەو قۆناغەی تێپەڕاند کە پلانی بۆ دانرابوو. ئێستا کوردستان روو لە هەستانەوەیە، بەڵام ئەمەش هەر قۆناغێکی کاتییە. کۆتایی بە سیناریۆکان نەهاتوون، بەڵکوو شێوەی ململانێکان گۆڕاون. ئەوەی پێشتر بەغدا ویستی لە رێگەی سەپاندنی هێزەوە بیکات، ئێستا لە رێگەی سەپاندنی هێزی نەرمەوە دەیەوێ بیگەیەنێتە ئەنجام. ئەویش دەستگرتنە بەسەر جومگەکانی خۆبژێویی خەڵکی کوردستان بەپاساوی دەستووری، بێ ئەوەی بەدیلێک بۆ ژیانی خەڵکی کوردستان دەستەبەر بکرێت.

لە 16ی ئۆکتۆبەرەوە بەغدا دەستی بەسەر بەشێکی زۆری جوگرافیا و ئەو سەرچاوانەی داهاتدا گرتووە کە هەرێم بەهۆی قەیرانی داراییەوە دەستی بۆ بردبوون و کەڵکی لێوەرگرتبوون. وا چوار مانگە بەغدا بە شەرعیەتی دەستووری ئەم داهاتانەی لە هەرێم وەرگرتووەتەوە، بەڵام بێ ئەوەی ئەو بەشەی تری رەوایەتی دەستوور جێبەجێ بکات کە پێویستە بژێویی هاووڵاتیان دەستەبەر بکرێت. ئەمە لەکاتێکدایە فشارێکی زۆری نێودەوڵەتیش لەسەر بەغدایە تا پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عێراق بدات. بەڵام بەغدا بە پاساوی جۆراوجۆر یاری بە کات دەکات و تا ئێستا هیچ پابەندییەکی دەستووری ئەوەی پەیوەندی بە ئیستحقاقاتی هەرێمەوەیە، جێبەجێی نەکردوون. بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکانی خەڵکی کوردستانیشەوە، لە کەناڵی جۆراوجۆرەوە بەغدا خەریکی سەرخستنی قۆناغەکانی تری پلانەکەیەتی لەوەی دەست بەسەر ئەو بەشانەی تری سەرچاوەکانی داهاتی کوردستاندا بگرێت.

پێویستە لێرەدا هەڵوەستەیەک بکەین و بپرسین، ئەگەر ئەو سەرچاوە کەمەی تری داهاتی کوردستان کە لەدەستی هەرێم ماوە، بکەوێتە دەستی بەغدا و دوای ئەوە بەغدا بە بیانووی جۆراوجۆر هەر ئامادە نەبوو بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان رەوانە بکات، دەتوانین چی بکەین؟ لە حاڵێکی وادا هەرێمی کوردستان دوو رێگەی لەبەردەمە، یەکیان رێگەی دەستوورییە کە پەنا بەرێتە بەر دادگای ئیتیحادی، رێگەی دووەمیش پەنابردنە بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. ساڵی 2014 کە مالیکی بێ گەڕانەوە بۆ پەرلەمان و تەنانەت بێ وەرگرتنی رەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیرانیش پشکی هەرێمی بڕی، کوردستان رێگە دەستوورییەکەی تاقیکردەوە و دادگای ئیتیحادی بڕیارەکەی مالیکی بە نادەستووری ناوبرد و داوای کرد هەڵوەشێنرێتەوە. بەڵام نە مالیکی و نە دوای ئەویش کاریان بە بڕیارەکەی دادگا نەکرد و درێژەیان بە سیاسەتی برسیکردنی خەڵکی کوردستان دا. تەنانەت هەرێمی کوردستان پەنای بردە بەر ئەمریکا و دۆستەکانی لە هێزە نێودەوڵەتییەکان و فشارە نێودەوڵەتیەکانیش هیچ بەرهەمێکی نەبوو.

ئەوەی ئێستا بەغدا دەیکات دووبارەبوونەوەی هەمان سیناریۆیە، دەیەوێ هەموو سەرچاوەکان کۆنتڕۆڵ بکات و پشکی هەرێمیش نانێرێ. لە حاڵێکی وادا کوردستان هەر ئەوەی پێدەکرێت هەمان دوو رێگەی دادگای ئیتیحادی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تاقی بکاتەوە، بەڵام ئەگەر هاوشێوەی ساڵی 2014 بێ ئەنجام بوو، چی دەکات؟ لەکاتێکدا ئێستا بەپێچەوانەی ساڵی 2014 باری دارایی خەڵک و داهاتی تاک و تەنانەت هەل و دەرفەتی کاریش لە ئاستێکی زۆر نزمدایە. حکومەتیش نە پارەی یەدەگی خەڵک و بانکەکانی لەبەردەستە و نە وەک ئەوکات دەتوانێ ئەو وەبەرهێنانەی لە کەرتی نەوت کردبووی بەکاربخاتەوە؟

ئامانجی بەغدا ئەمەیە، ئەو گەشەکردنە ئابوورییەی دە ساڵی رابردووی نێوان 2003 تا 2014 پێچەوانە بکاتەوە و دواتر وەبەرهێنانی سیاسی لەو داڕووخانە ئابوورییە بکەن. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا هەرێم توانای ئەوەی هەیە ئەم قۆناغە تێپەڕێنێ و تەسلیمی بەغدا نەبێت، بەتایبەت کە جگە لە قەیرانی دارایی، کێشەی سیاسیمان هەیە و ئەو ململانێ و کێشە سیاسیانەش ئاو دەکەنە ئاشی قووڵبوونەوەی قەیرانە داراییەکە؟ لە هەر کەس بپرسی، بێگومان تێپەڕاندنی ئەم دۆخە بە کارێکی سەخت دەزانێ، بەڵام مەحاڵیش نییە.

پێشهات و رووداوەکانی ناوچەکە بەگشتی پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، هیوایەک ماوە و بەستراوە بە پێگەی پەکەکەوە، ئەگەر عەفرین نەکەوێت، ئایندەی هاوکێشەکان دەگۆڕێت و هەرێمیش رۆڵێکی زیاتر وەردەگرێتەوە. بۆیە بەگرنگی دەزانم هەرێم هەندێکی تر یاری بەکات بکات و بەو ئەندازەیە تەسلیمی بەغدا نەبێت کە دواتر خۆدەربازکردن لە پابەندێتییەکانی زۆر قورس بێت. ناکۆکییە سیاسیە ناوخۆییەکان بۆ هەڵبژاردن جێبهێڵرێ، بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە رزگارکردنی ژیانی خەڵکە لە نەبوونی، دەبێت حکومەتی هەرێم بەشی ئەوە دڵنیایی بەدەست بێنێتەوە کە بتوانێ مووچەی ساڵێک دەستەبەر بکات، بۆ ئەمەش تەنها پێویستی بە ئیرادە و بڕیاری ئازایانە هەیە لە رێکخستنەوەی داهاتەکان و وەرگرتنەوەی ئەو قەرزانەی لای هەندێ بەرپرس و کۆمپانیا سێبەرەکانیانە. هەروەها بە وەرگرتنی پارەی ئەو زەوییانەی کە موڵکی گشتین و کەرتی تایبەت و خەڵک بەکاریان هێناون، بۆ نموونە ئەو باخانەی بە نایاسایی کراون، یان ئەو زەوییانەی لە دهۆک و هەولێر و سلێمانی دراون بە زانکۆ تایبەتەکان، تەنیا پارەی ئەمانە بەشی مووچەی یەک ساڵی هەموو هەرێمی کوردستان دەکات.



موسلح ئیروانی *

# دابەشبوونی بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان

## ئاستەنگ و چارەسەرەکانی

کوردستان لەبەردەم هەڕەشەیەکی کۆمەڵایەتی سیاسیی گەورەدایە. ئەو هەڕەشە گەورەیە خۆی لە دابەشبوون و پارچەپارچەبوونی کۆمەڵگادا دەبینێتەوە؛ بەشێوەیەک هیچ رێککەوتنێک لەسەر چەمکی "ئێمە" و "بەرژەوەندییە گشتییە باڵاکان" بەدی ناکرێت و هەر لایەک بەشێوەیەکی تەواو جیاواز خۆی و ئەو بەرژەوەندییە باڵایانە پێناسە دەکات. دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان کە لە پارتی و یەکێتیدا چڕبووەتەوە، بەتایبەت یەکەم و بەشێک لەوەی دووەمیش، پێیانوایە پێکهاتەی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی هەرێمی کوردستان وەک ئەوەی هەیە دەبێ بمێنێتەوە و بەردەوام بێت. بەڵام بەرەی ئۆپۆزیسیۆن کە ئەمڕۆ لە بزووتنەوەی گۆڕان، کۆمەڵی ئیسلامی و بەرەی نوێ و هاوپەیمانیی بۆ دیموکراسی و دادگەری دەردەکەوێت، ئەولەویەت و چەقی کاری سیاسی و میدیاییان لەوەدا چڕکردووەتەوە کە بە هەر نرخێک بێت "دەبێ دەموچاوە سیاسییەکانی ئێستا" بگۆڕدرێن. ئەگەر بەرەی یەکەم پڕۆژەی ریفراندۆمی سەربەخۆیی وەک وەسیلەیەک بۆ چەسپاندنی دەسەڵات، نفوز و پشتگیریی جەماوەری خۆی (شەرعیەتی ناسیۆنالیستی) بەکارهێنابێ، بەرەی دووەم هەموو هێزی سیاسیی خۆی لە زەقکردنەوەی کەموکوڕیی خزمەتگوزاری و مووچە، گەندەڵی و ناشەفافیەت لە ئیدارەدانی دارایی گشتیدا خەرج دەکات. ئەم دوو ئاراستەیە کۆمەڵگایان کردووە بە دوو لەتەوە. بەو واتایە، ململانێ ناوخۆ سیاسییەکان کۆمەڵگایان بەشێوەیەک دابەش کردووە کە لێکتێگەیشتن، یەکتر خوێندنەوە، هاوبەندیی کۆمەڵایەتی و هەستی هاووڵاتیبوون بە ئەندازەیەکی زۆر لاواز بووە. بە بڕوای من، ئەم رەوشە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی وردی مەیدانی هەیە بۆ ئەوەی لەسەر بنەمای بەڵگە هەڵسەنگاندن بکرێ. سەرەڕای ئەوەش، لەم وتارەدا، بە پشتبەستن بە چاودێریکردن و سەرنجی رۆژانە، هەوڵ دەدەم وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە کە ئایا هەڕەشەکانی سەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی چین؟ ئەو هۆکارانە چین کە چەمکی "ئێمە"یان تێکشکاندووە و لەمپەر دەخەنە بەردەم ئاشتی و پێکەوەژیان لەنێوان بەش و پێکهاتەکانی کۆمەڵگا. لە کۆتاییشدا هەندێ چارەسەر دەخەمەڕوو.

### دابەشبوونی دیسکۆرسی سیاسی لە کوردستان

دیسکۆرسی سیاسی لە کوردستان بەسەر دوو بەرەدا دابەش بووە:

1 - لایەنگرانی "رەوشی باو"؛ کە خۆی لە دەسەڵات و حیزبە باڵادەستەکاندا دەبینێتەوە، لەو 14 ساڵەی رابردووشدا درێژەیان بەو ئاراستەیە داوە. لە ئاستی پەیوەندییەکانی دەرەوەدا بەهێزیی پێگەی ئەم ئاراستەیە بووەتە هۆی پتەوبوونی پێگەی هەرێمی کوردستان و حکومەت. بەڵام لە ئاستی ناوخۆدا، تەواو پێچەوانە بووە. راستە لەڕێی ئیمتیازبەخشینەوە توانیویانە بەرەو بە پەیوەندییەکی کلایەنتالیستی (دروستکردنی لایەنگر لەڕێی ئیمتیازپێدانەوە) لەگەڵ جەماوەر بدەن، بەڵام ئەو خاڵەیان پشتگوێ خستووە کە لە حاڵەتی نەمانی ئەم ئیمتیازانە، جەماوەر بە ئاسانی پشتیان تێدەکەن و رەوشەکە تەواو پێچەوانە دەبێتەوە.

2 - لایەنگرانی "دژی رەوشی باو"؛ ئەگەرچی پارتە باڵادەستەکان هەمیشە ویستوویانە ئەم ئاراستەیە رازی و ئیحتیوا بکەن، بەڵام لەبەر ئەوەی هەنگاوەکانیان بەدامەزراوەیی نەبووە، بەڵکو لەڕێی گرتنەبەری هەمان رێچکەی کلایەنتالیستی و ئیمتیازپێدانی تایبەتەوە بووە، نەیانتوانیوە بۆ ناو جەماوەری ئەوان شۆڕ ببنەوە و رازییان بکەن.

ئەم دابەشبوونە زیانێکی زۆریشی لە پڕۆژەیەکی نەتەوەیی گرنگی وەکو ریفراندۆم دا، تا ئەو رادەیەی لەبەرئەوەی "ئاراستەی رەوشی باو" پێشڕەوایەتی هەنگاوەکانی گشتپرسیی دەکرد "ئاراستەی دژی رەوشی باو" هەوڵی بێبایەخکردنی نەک هەر ریفراندۆم، بەڵکو پڕۆژەی سەربەخۆیی و دەوڵەتیشی دەدا.

گۆڕینی فۆرمی حوکمڕانی و خزمەتگوزاریی گشتی چەقی پڕۆپاگەندە، سیاسەت و چالاکیی ئاراستەی دژە رەوشی باوە.

### هەڕەشەکان

1- ئاشتی و پێکەوەژیان: جگە لەو دابەشبوون (و ململانێ)یەی سەرەوە، ئاستێکی دیکەی دابەشبوون لە هەرێمی کوردستان "پێکهاتە ئاینی و ئەتنییەکان"ن. لەبەر کۆمەڵێک هۆکار بەشێکی پێکهاتەکان (کەمینەکان، بەتایبەت ئێزدی و مەسیحی) هەست بە نائارامی دەکەن:

– لاوازیی نوێنەرایەتیکردن: تەنیا کارەساتی جینۆسایدی ئێزیدیان لە شنگال و قۆستنەوەی لەلایەن هێزەکانی دەرەوەی هەرێم (لەوانە پەکەکە) نەبووەتە هۆی ئەم بێباوەڕییە، بەڵکو بەر لە 2014یش ئەم هەستە لای ئێزیدییەکان هەبوو کە وەک پێویست چارەنووسی خۆیان لە دەستی خۆیان نییە.

– جیاکاریی کۆمەڵایەتی-سیاسی: لە هەندێ ناوچەی کوردستان و لەلایەن هەندێ خەڵک روانگە و مامەڵەکردنی رۆژانە لەگەڵ کەمینەکان تەندروست نییە. هەندێ دەنگ لەناو پێکهاتەی زۆرینە (کوردی موسڵمان) بەردەوام سەرزەنشتی ئێزیدی و مەسیحییەکان دەکەن کە بۆچی حاشا لە کوردبوونی خۆیان دەکەن. ئینتیما مژارێکی ئیختیارییە، نەک زۆرداری. شکستی بنیاتنانی ناسنامەی هاووڵاتیبوون (ی کوردستانی) وای لەم کەمینانە کردووە کە وابەستەییان بە بەغداوە بەهێزتر بێت وەک لە کوردستان.

– هۆکاری ئایینی: روانگەی زۆرینەی کوردی موسوڵمان تا ئێستا تەندروست نییە بەرامبەر ئەو گرووپە ئاینییانە.

– ئیستغلالی سیاسی: وڵاتانی ئیقلیمی (تورکیا، ئێران و عێراق) و هێزە سیاسییەکانی وەکو پەکەکە ئەم هەلەیان قۆستووەتەوە و ئیستیغلالی گرووپە ئێتنی و ئاینییەکانی کوردستان دەکەن. لە دوای سەرهەڵدانی داعشەوە رەوشەکە زۆر ئاڵۆزتریش بووە.

2 - گەندەڵی وەک هەڕەشەیەکی زۆر گەورە لە رابردوو و ئێستا و داهاتوودا. نزیکەی دوو دەیەیە ئەکادیمیست، شیکارانی سیاسەتی حکومەت، پارتە سیاسییە ئۆپۆزیسیۆنەکان و چالاکانی کۆمەڵایەتی هۆشداری دەدەن بە دەسەڵات و حکومەت کە سنوورێک بۆ گەندەڵی دابنێ، بەڵام هیچکات بە جدیی وەرنەگیران. چەندین لیژنە دامەزران و گوایە بەدواداچوون کرا، بەڵام نەک هەر سنوورێک بۆ گەندەڵیی ئیداری و دارایی دانەنرا، بەڵکو لەسەر رەوتەکەش بەردەوام بوون. بە بەهانەی ئەوەی کە پرسی گرنگتر لە گەندەڵی هەن، هەمیشە بەجۆرێک نکۆڵی لە گەندەڵی دەکرا. جگە لەوە، حیزبە باڵادەستەکانی حکومەت پێیانوابوو دەستبردن بۆ پرسی گەندەڵی و بڕینی مووچەی بندیوار و ناشەرعی، کاردەکاتە سەر ئاستی دەنگەکانیان لە هەڵبژاردندا. ئەمە لە نزیکەوەدا راست بوو، تا ئێستاش پارتی دیموکراتی کوردستان زۆرترین دەنگدەری هەیە. بەڵام دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێت، ئەم رەفتارە کلایەنتالیستییە (کڕینی وەلائی خەڵک و راگرتنی وابەستەییان بە حیزبەوە) تا سەر نابێت و لە کاتی قەیرانی قووڵدا، زۆر بە ئاسانی لەلایەن هێزی دیکەوە مۆبیلایز دەکرێن.

کەس ناتوانێت رۆڵ و کاریگەریی ئەم هۆکارانەی خوارەوە لەسەر ناڕەزایی خەڵک لەبەرچاو نەگرێت:

– ناکارامەیی حکومەت و نادامەزراوەیی و ناشەفافبوون: بەهانەی ناشەفافیەت ئەوەبوو کە زانیارییەکانی کەرتی نەوت و داهاتی دیکەی حکومەتی هەرێم نەگاتە دەستی حکومەتی ناوەندیی بەغدا. بەڵام ئەمە بەهانەیەکی زۆر لاواز و بەتاڵ بوو، سەربەخۆیی ئابووری کە هەرێم بانگەشەی بۆ دەکرد، هیچکات بەدی نەهات.

– لاوازیی خزمەتگوزاری و بەتایبەتیکردنی خزمەتگوزاری و موڵکی گشتی (خ×خ×ە): حکومەتی هەرێمی کوردستان لە زۆر بواری خزمەتگوزاریی گشتیدا پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوە دیوە، بەڵام گرفتێکی وەکو کارەبا بووەتە نەخۆشییەکی درێژخایەن. گەلێک پڕۆژەی خزمەتگوزاری و خۆشگوزەرانی لەلایەن حکومەتەوە رەتکرانەوە، لەبەر ئەوەی زیانیان بە پڕۆژەی تایبەتیی هەندێ کەسی باڵادەستی ناو حیزب و حکومەت دەگەیاند. کۆکردنەوەی زبڵ و خاشاک کە دەبوو کاری وەزارەتێکی حکومەت بێت، درا بە کۆمپانیایەکی تایبەت و مانگانە پارەیەکی زۆر لەو رێیەوە لە دارایی گشتیی دەکێشرێتەوە.

– کێشەی مووچە و توانای بازاڕکردن: بەردەوامبوونی کێشەی مووچە و نەدانی لە کاتی خۆیدا برستی لە خەڵک بڕیوە. کێشەکانی دوای ریفراندۆم، جگە لە کێشەی مووچەخۆرانی کەرتی حکومی، کەرتی تایبەتیشی پەکخستووە. ئێستا رۆژانە شاهێدی بڕیارە قورسەکانی حکومەتی عێراقین بە ئامانجی رێگریکردن لە جموجۆڵی بازرگانی لە هەرێمەوە بۆ بەغدا. لەو رووەوە جگە لە لاوازیی بازاڕەکانی هەرێم، فشارێکی قورسیش لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە سەپێنراوە.

– کلایەنتالیزم: لە هەمان کاتدا خەڵک ژیان و توانای بازاڕکردنی خۆی بەو خەڵکانە بەراورد دەکات کە بەشێوەیەک لە شێوەکان لە ئیمتیازی حیزب و دەسەڵات سوودمەند بوونە. سەرچاوەی بەشێکی گەورەی نارەحەتییەکانی خەڵک ئەوەیە کە کۆمەڵێک کەس بەپشتیوانیی حیزب و دەسەڵات، ئیمتیازات (مووچە و مادە، پلە و پۆست)ی تایبەتیان پێدراوە. ئەمە کەلێنی چینایەتیی زۆر گەورە کردووە و خەڵک دەیبینێ و ژیانی خۆی بەئەوانی تر بەراورد دەکا.

3- بێمتمانەیی بە حکومەت. خەڵک متمانەی بە سەربژاردەی سیاسیی ئێستای هەرێم نەماوە کە بتوانێت چاکسازیی ریشەیی بکات. دەرفەتی زۆر بە حکومەت درا و هیچ نەکرا. پرۆسەی بە دامەزراوەییبوون و رێگری لە گەندەڵی لەم دوو دەیەی رابردوودا هیچ هەنگاوێک نەچووە پێشەوە و ئەمەش خەڵکی دووچاری نائومێدی کردووە.

### چی پێویستە بکرێ

1 - پێش هەموو شتێک، دەسەڵات و حکومەت دەبێ بەخۆداچوونەوەیەکی قووڵ بکەن. هەنگاوی یەکەمی چارەسەری کێشە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی هەرێمی کوردستان، تێگەیشتنە لە کێشەکان و دۆزینەوەی میکانیزمە بۆ هەنگاوەکانی داهاتوو. لە خاڵەکانی داهاتوودا، هەندێک لەو هەنگاوانە دەخەینەڕوو.

2- بنیاتنانی ئاشتی و متمانە:

– ئاشتی و متمانە لە ئاستی گشتی و جەماوەردا لەڕێی ئەو هەنگاوانەوە دەبێت کە لە خاڵی (3، 4، 5)دا باسکراوە.

–بنیاتنانەوەی ئاشتیی لە نێوان پێکهاتە ئایینی و ئێتنییەکان: جێبەجێکردنی پرۆژە یاسای مافی پێکهاتەکانی کوردستان ژمارە (5)ی ساڵی 2015 و پەرەپێدانی لە فۆرمی یاسایەک بە خستنەسەری ئەو خاڵانەی لە بەیاننامەی مافی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستاندا هاتووە، کە لە رۆژی 24ی ئەیلولی 2017 لەلایەن ئەنجوومەنی باڵای ریفراندۆم بڵاوکرایەوە. لێرەدا من خاڵەکانی ناو ئەم دوو بەڵگەنامە گرنگە دووبارە ناکەمەوە.

– توێژینەوەی مەیدانی پێویستە بۆ تێگەیشتن لەو دوو ئاستی دابەشبوون و پارچەپارچەبوونە.

3 - بردنی چەقی قورسایی بۆ پەرلەمان: پارتە سیاسییەکانی کوردستان دەبێ گەرەنتیی ئەوە بکەن پەرلەمانتاری لاواز و ناشایستە نەنێرنە پەرلەمان. پەرلەمان بەوە کارا دەکرێتەوە، ئەندامی شارەزا و لێهاتوو و بەهێزی بۆ بنێری. پارتی دیموکراتی کوردستان وەک گەورەترین کوتلەی پەرلەمانی دەتوانێت سوود لەو کەسایەتیانە وەرگرێت کە توانای کۆکردنەوەی دەنگی زیاتریان هەیە (وەکو شێخ و ئاغا و عەشایر). بەڵام دواتر قەناعەتیان پێبکات و لەبری ئەوان تەنیا کەسی "زۆر" لێهاتوو بنێردرێت بۆ پەرلەمان. ئەمە بۆ پارتەکانی دیکەش هەر راستە. لەلایەکی دیکەشەوە، ئۆپۆزیسیۆن، بە تایبەت بزووتنەوەی گۆڕان، پێویستی بە ناردنی کەسانی شارەزاتر و خاوەن ئەزموون و دیپلۆماتیک هەیە بۆ پەرلەمان، بۆ ئەوەی خۆی ببوێرێ لەوەی بە پارتی هەرزەکارانی سیاسی ناو ببرێ و لە جیاتی چەلەحانێ و شەڕی میدیایی، ئامانج و دەستکەوتی سیاسی و ستراتیژییان بەلاوە گرنگتر بێت. پەرلەمانێکی بەهێز دەتوانێت ببێتە فشارێک بۆ سەر حکومەت بۆ بنیاتنانی دامەزراوە و حوکمڕانیی کارامە.

4- بەدامەزراوەییکردن: ئەمە خاڵێکی بنەڕەتییە بۆ زۆر کێشەی دیکە کە ئیدارەی هەرێمی کوردستانی لەرزۆک کردووە. بنیاتنانی دامەزراوە لە جیاتی دروستکردنی ئەشخاس خاڵی سەرەتای رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و بنیاتنانی دامەزراوەکانی دەوڵەتە.

5 - دژایەتیکردنی گەندەڵی لەسەر حیسابی هەر شتێک بێت: بۆ رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی جورئەت و لەخۆبوردووییەکی لەڕادەبەدەری دەوێ لەلایەن دەسەڵاتەوە. پشتگوێخستنی ئەم خاڵە سەری هەموو لایەک دەخوات.

***موسلح ئیروانی، بەڕێوەبەری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئاشتی و ئاسایشی مرۆیی، زانکۆی ئەمریکیی کوردستان- دهۆک**



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# حیزبەکانی سلێمانی چییان پێ دەکرێت؟

1

بزووتنەوەی گۆڕان بەهێزترین حزبی ناوچەیی بوو لە دەیەی ڕابردوودا کە توانی بە خێرایی و لەیەکەم هەڵبژاردندا سەربکەوێ و، ئەو سەرکەوتنەشی لە هەڵبژاردنی دووەمدا دووبارە بکاتەوە. ڕەنگبێ ئەو شانسەی بۆ گۆڕان هاتە پێشەوە (بە لەبەرچاوگرتنی کاریزمای نەوشیروان مستەفا و مێژووی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لەناو یەکێتیدا) دووبارەبوونەوەی ئاسان نەبێ و، بگرە لەو پەرتەوازەییە سیاسییەی کە لە 2006ـەوە تووشی ناوماڵی سیاسیی سلێمانی بووە، مەحاڵیش دێتە پێش چاو. نەوشیروان مستەفا هەر لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی حیزبەکەیەوە، ئەوەندە متمانەی بە خۆی و حیزبەکەی هەبوو کە تەنانەت پێش هەڵبژاردنەکانی 2009، کابینەی حکومەتیشی پێکهێنابوو؛ ئەو پێیوابوو حیزبەکەی لەسەر ئاستی کوردستان یەکەم دەبێت. ئەڵبەتە گۆڕان لەسەرەتادا، ڕوانگایەکی سەرتاسەریی هەبوو، بەڵام بە خێرایی پاشەکشەی کرد و خۆی خزاندەوە سلێمانی و هەر بەوەشەوە نەوەستا، لە نزمترین ئاستی پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەری خۆیدا درێژەی بەژیان دا.

ئەگەرچی گۆڕان دوای نائومێدی لە گرتنەدەستی دەسەڵات، پەنای بردە بەر دوو حیزبی ئیسلامی بۆ دروستکردنی ئیئتیلافێکی ئۆپۆزیسیۆنی، بەڵام ئەوەش نەیتوانی گۆڕان لەو چەقبەستووییەی تێیکەوتبوو ڕزگار بکات. هەر بۆیە دوای هەڵبژاردنەکانی 2013 و سەرباری بەشداریکردنی گۆڕان لە کابینەی هەشتەمدا، ڕێکخەری گشتی تووشی نائومێدی هات و بەوەش کۆتایی بە ژیانی سیاسیی خۆی هێنا. ئێستا ئەوەی لە ئەرزی واقیعدا دەگوزەرێ، ئەوەیە کە هەموو لایەک چاویان لە میراتی گۆڕانە و، گۆڕانیش لە خۆبەخاوەنزانینی ئەو میراتەدا کەمتەرخەم و پاسیڤە. دوو ساڵ چاوەڕوانی بۆ بڕیاری کشاندنەوەی وەزیرە دەرکراوەکانی لە حکومەت و ملنەدان بۆ هیچ ڕێکارێک بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان لەو ماوەیەدا، هەموو سیاسەتەکانی گۆڕانی بردە ژێر پرسیارەوە. بەتایبەتیش کە مردنی نەوشیروان مستەفا و تەحویلنەبوونی دەسەڵات بە تەواوەتی بۆ ئەو دەستەیەی ئێستا گۆڕان بەڕێوە دەبەن، بیانوویەکی باشە بۆ دەنگدەرانی ئەو حیزبە کە بە دوای ئەڵتەرناتیڤدا بگەڕێن. بەڵام ئەڵتەرناتیڤەکان و ڕاوچییەکانی دەنگەکانی گۆڕانیش هەر لەناو خودی سلێمانین، بۆیە هەر حیزبێکی تازە کە لە سلێمانی دروست دەبێ، پتر لەوەی چاویان لە دەنگی پارتی بێت (تەنانەت لەناو خودی سلێمانیش) چاویان لەدەنگی یەکترە. گۆڕانی بنچینەیی لە سیاسەتی کوردستاندا کاتێک ڕوودەدات کە حیزبەکانی سلێمانی بتوانن لەبەرەیەکدا، ئیئتیلافێکی فراوان پێکبێنن، بەڵام ئەگەر ئەوە لەسەر دەستی نەوشیروان مستەفا و جەلال تاڵەبانی نەکرابێ، ئایا بەوانەی ئێستا دەکرێت؟

---

## دەستگرتن بە میراتی نەوشیروان مستەفاوە

2

تا دێت مقۆمقۆی لاوازی و تەکەتولاتی ناو گۆڕان بەرزتر دەبێتەوە، دامەزرێنەری نەوەی نوێش کە ماوەیەکی زۆر خۆی لەپەنای گۆڕاندا دەدیتەوە، ئەمرۆ لە قاچ و قولیان ئاڵاوە و پێیوایە دەتوانێ دەنگی گەنجەکانی ئەو حیزبە بۆخۆی ببات. بەرهەم ساڵح کە سیاسەتمەدارێکی موحافەزەکارە، خۆی لەوە بەدوور گرت لە هەنگاوی یەکەمدا گۆڕان لەخۆی بوروژێنێ و سەرباری ئەوەی کە هەمیشە مەترسیی ئەوەی هەبوو گۆڕان و پارتی ببنەوە هاوپەیمان و ختووکەی گۆڕانی دەدا لە یەکێتی نزیک بکەونەوە، بەڵام یەکەم هەنگاوی سیاسی ئەوە بوو کە سەرەتا لەسەر ئاستی ناوخۆ بچێتە پاڵ بیرۆکەی حکومەتی کاتی و دواییش لەسەر ئاستی ناوچە داگیرکراوەکان، لەگەڵ گۆڕان و کۆمەڵ ڕێکبکەوێت. ئەو هاوپەیمانییە لە کاتێکدایە کە گۆڕان و کۆمەڵ هیچ نفوزێکی ئەوتۆیان لەو ناوچانەدا نییە، بەڵام دوو فاکتەری پاڵنەر هەیە لەو مەسەلەیەدا. یەکەمیان ئەوەیە کە هەر لە ئێستاوە بنکەی جەماوەریی خۆیان بۆ هەڵبژاردنی ناوخۆیی کوردستان ڕابێنن و ڕێگر بن لەوەی دەنگەکانیان بۆ ئەولا و ئەولا بڕوات، دووەمیشیان ئەوەیە کە یەکێتی هێزی یەکەمی ناوچەکانی کەرکووک و خانەقینە و دەیانەوێ ببینن کە پێگەی جەماوەریی دکتۆر بەرهەم لەو ناوچانە چەندە؟ ئەوکات هەم بۆ پۆستەکانی بەغدا و هەم بۆ داهاتووی هاوپەیمانییان لەسەر ئاستی کوردستان بەرچاویان ڕوون دەبێت.

هەموو ئەوانە ئەگەر بەرهەمی لاوازی و متمانە بەخۆنەبوونی گۆڕان بێت لە کایەی سیاسیدا، بەرهەمی ئەوەشە کە هیچیەک لە میراتگرە ڕاستەقینەکانی (واتا کوڕەکانی) نەوشیروان مستەفا، بە فەرمی لە کایەی سیاسیدا نین، بەڵام کاریگەرییەکی تەواویان لەسەر سیاسەت و ڕێکخستنەکانی گۆڕان، بە تایبەتیش موڵک و ماڵی بزووتنەوەکە هەیە. بۆیە هێنانی یەکێک لە کوڕەکانی لەژێر ناوی دەستگرتن بە میراتی نەوشیروان مستەفا (بە حوکمی ئەوەی کەسوکاری دیکەی ئەو لەناو بزووتنەوەکەدا کارا و بڕیاربەدەست بوونە لە ڕابردوودا) شتێکی دوور لە چاوەڕوانی نییە.

---

## یۆتۆپیاکەی دکتۆر بەرهەم!

3

هەفتەی ڕابردوو هاوپەیمانیەکەی دکتۆر بەرهەم، ناوی ئەندامانی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنیان بڵاوکردەوە کە زیاتر لە دەستەی ئومەنای زانکۆ دەچوون تا مەکتەبێکی سیاسیی بڕیاردەر لەبارەی سیاسەت و حوکمڕانی. هەموو نەوعێکی تێدابوو، بەڵام لەڕاستیدا پێناچێت پێکهاتەی هەڵسوڕێنەری ڕاستەقینەی ئەو حیزبە لە داهاتوودا ئەو کەسانە بن کە ناو و پرۆفایلەکانیان بڵاو کرایەوە، بگرە وەک دیکۆری هاوپەیمانییە نوێیەکە نیشانی خەڵک دەدرێن و، بۆ خەڵکی کوردستان ناوی زۆر نائاشنان! لە پشت ئەوانەوە تیمێکی دیکە کار دەکەن و بەرپرسیارێتیی مەیدانییان هەیە، بەڵام بەبێ پۆست و پلە و پایە، ئەوەش لە پێناوی ئەوەی لە داهاتوودا، دکتۆر بەرهەم وەک سەرۆکی هاوپەیمانییەکە، دەسەڵاتی تەواوی بەسەر هەموو جومگەکانی حیزبە تازەکەیدا هەبێت و، بە ئاسانی بتوانێ میکانیزمی بڕیار لەژێر هەژموونی خۆیدا بهێڵێتەوە و، ڕێگری لە تەکەتولات و دەرکەوتنی ڕکابەر بۆ خۆی بکات.

---



جین شارپ

### ناتوندوتیژی؛ تێگەیشتنێکی نوێ بۆ خەبات

# شێوەکانی خەباتی ناتوندوتیژانە

**بەشی سێیەم**

دەکرێ سێ شێوەی بەرەنگاربوونەوە دەستنیشان بکەین کە تێیاندا، لەبری پشتبەستن بە توندوتیژی، سێ ڕێکاری جیاواز ڕەچاو کراون. یەکەمیان، نارەزایەتی دەربڕینی سەمبولیکە بۆ وێنە بە شێوەی خۆپیشاندان، شەونخوونی و ئێشکگرتن، بڵاوکردنەوەی ئاگاداری و بڵاڤۆکە جیاجیاکان یان بۆ وێنە لەبەرکردنی ڕەنگێکی تایبەت بۆ پشتیوانیکردن یان دژایەتیکردنی بابەتێکی دیاریکراو.

شێوازێکی دیکەی خەباتکارانی ناتوندوتیژی، دەستهەڵگرتنیانە لە درێژەدان بە هاریکاری یان دەسپێکردنی هەرەوەزێکی نوێ لەگەڵ لایەنی ناتەبا یاخود وازهێنان لە جێبەجێکردنی ئەرک و فرمانێکی دیاریکراو. لێرەدا باس لە سەرپێچی لە هاوکاریکردنە، جا هاوکارییەکە بواری پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بگرێتەوە، یان مامەڵەی ئابووری یاخود دانوستاندنی سیاسی. بۆ وێنە جارهەبووە خەباتکارانی ناتوندوتیژی لە کەسایەتییەکی دیاریکراو هەڵگەڕاونەتەوە و حازر نەبوون لە گەڵیدا لە پێوەندیدا بن، بایکۆتی بۆنە و مەراسیمە فەرمییەکانیان کردووە یاخود حازر نەبوون بەشداری لە کۆبوونەوەیەکی تایبەت یا چالاکییەکی قوتابخانەکاندا بکەن، هەر لەبەرئەوەی کە پێیان وابووە دەبێتە مایەی پشتگیری بۆ لایەنی نەیاریان.

جار هەبووە خەباتکارانی ناتوندوتیژی بەهۆی هاوکارینەکردنی ئابوورییەوە زەختیان لەسەر لایەنی بەرامبەریان دروست کردووە. بۆ وێنە لەڕێی ڕادەستنەکردن و نەگواستنەوەی شمەک و خزمەتگوزارییەکان یاخود لەڕێی خۆبواردن لە کڕین و فرۆشتنی ئەو شمەک و بەرهەمانەی قازانج بە لایەنی نەیاریان دەگەیەنن، یان هیچ نەبێ سەرئێشەی بۆ دروست دەکات. جار هەبووە ململانێی بازرگانی، بەهۆی دەسپێشخەریی دەوڵەتانەوە هاتووەتە ئارا. لەم نموونانەدا باس لە بایکۆتی ئابوورییە.

هەرچی مانگرتنی کرێکارانە بە زۆر شێوەی جیاجیا جێبەجێ کراوە، هەر لە کارڕاگرتنی سەمبولیکی کورتخایەنەوە بگرە تا مانگرتنی تاکە کارگەیەک؛ هەر لە مانگرتنی هەماهەنگیی بوارە پیشەییە جیاجیاکانەوە بگرە تا مانگرتنی سەراسەری و لەجووڵەخستنی بواری ئابووریی ژیانی تێکڕای شار یان وڵات.

کە دێینە سەر باسی هاوکارینەکردنی سیاسی، دەکرێ باس لە گەلێک ڕێوشوێنی بەرەنگاری بکەین وەکوو: بایکۆتی ئەو هەڵبژاردنانەی ساختەکارییان تێدا کراوە، ژێرپرسیارخستنی شەرعیەتی ڕێژیمی حاکم، کارئاسانینەکردن بۆ کاربەدەستانی حکومەت و بگرە قۆرتخستنە ناو کارەکانیان، خۆبواردنی کارمەندانی حکومەت لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان و دواجار، سەرپێچی لەو یاسا و ڕێسایانەی بە ناڕەوا و ناپەسند دێنە بەرچاو.

سێیەم جۆری چالاکی و دەستتێوەردانی خراپکارانە بۆ قۆرتخستنە ناو ڕەوتی ئاسایی کاروباری کۆمەڵگە و سیستم، پشت بە گەلێک ڕێوشوێنی سایکۆلۆژیک، کۆمەڵایەتی، ئابووری، فیزیکی و سیاسی دەبەستێ. لەنێو تەباری مێتۆدەکانی دەستتێوەردانی ناتوندوتیژانەدا دەکرێ ئاماژە بەم نموونانە بکەین: داگیرکردنی نووسینگەکان، ڕۆنیشتن لە چەقی ڕێگەوبانەکاندا، مانگرتن لە خواردن، پەلاماردانی بێ زەبروزەنگ، خۆبەگرتدانی بە ئەنقەست، بارگرانکردنی خزمەتگوزارییە حکومییەکان، بنیاتنانی دامەزراوەی ئابووریی نوێ و چێکردنی حوکمڕانیی هاوتەریب.

لە دوابەشی ئەم نووسینەدا 198 شێوەی بەرەنگاربوونەوەی ناتوندوتیژانە ڕیزکراون و بە گوێرەی سروشتی چالاکییەکان پۆلێن کراون. لە پۆلێنی ئەو شێوازانەی ناتوندوتیژیدا گوێ بەوە نەدراوە ئاخۆ کێ و بە چ مەبەستێک و لەسەر بنەمای چ بیروباوەڕێک دەکاریان دەهێنێت. ئەوەی گەلێک گرینگە لەبەرچاومان بێت، ئەوەیە کە تەکنیکی ناتوندوتیژی لەلایەن خەڵکانێکی زۆر جیاواز، بە نیاز و باوەڕی جۆراوجۆرەوە بەکارهێنراوە و، بەکارهێنانیشیان پێویستی بە بیروبڕاوی ڕوونی ئەخلاقی یان ئایینی ناتوندوتیژانە نییە. زۆربەی ئەوانەی بەشداری خەباتی ناتوندوتیژانە بوون، یان ڕێبەرایەتیی ئەو جۆرە خەباتەیان کردووە (لەو کاتانەدا کە خەباتەکە ڕێبەرایەتییەکی ڕوونی هەبووبێ)، بۆیە خۆیان لە توندوتیژی دوورەپەرێز گرتووە، چونکە ئەوەیان بۆ دەرکەوتووە کە زەبروزەنگ بۆ وەدیهێنانی مەبەستەکانی ئەوان هەم ناپێویست بووە، هەم زیانیشی لە قازانجی زیاتر بووە.

### تێگەیشتنە چەوتەکان سەبارەت بە ناتوندوتیژی

تەبارێکی فراوان لە وەهم و، وێنای چەوت و ناڕێک بوونە هۆی بەدفامی و برەودان بە تێگەیشتنێکی نادروست سەبارەت بە سروشتی بەرەنگاربوونەوەی ناتوندوتیژانە. لێرەدا ڕیزێک لەو وێنا چەوتانە ڕاست دەکەینەوە:

– بەرزۆری خەڵک پێیانوایە توندوتیژی بە خێرایی کاریگەری خۆی بەجێدەهێڵێ، بەڵام خەباتی ناتوندوتیژانە ماوەیەکی زۆر درێژخایەنی دەوێ. ئەو دوو باوەڕە، هەردووکیان هەڵەن.

– بەرزۆری خەڵک پێیانوایە خەباتی ناتوندوتیژانە بڕشتی کەمە، ئەوە لە کاتێکدا دەتوانێ یەکجار بەبڕشت بێت. خەباتی ناتوندوتیژانە دەتوانێ نەک چۆکشکێن بێت، بگرە لەتوانایدایە ڕێژیمێکی سەرکوتگەر لەبەر یەک هەڵوەشێنێ.

– خەباتی ناتوندوتیژانە پێویستی بە ڕێبەرایەتییەکی کاریزماتیک نییە.

– خەباتی ناتوندوتیژانە لە پانتایی هەموو کولتوورەکاندا خۆی دەنوێنێت.

– خەباتی ناتوندوتیژانە حەوجێی بەوە نییە کە ئایدیۆلۆژیایەکی ئایینی ببێت بە بنەمای (نەخوازا ئایینێکی دیاریکراویش). ئەمە سەرەڕای ئەوەی لە پرۆڤەی خەباتی ناتوندوتیژانەدا جار هەبووە کە ئایینیش نەخشی هاندەرێکی بینیوە.

– ناتوندوتیژی وەک شێوازێکی خەبات، لەگەڵ ناتوندوتیژی وەک پرەنسیپێکی ئەخلاقی و ئایینی یەک شت نین. ناتوندوتیژی وەک شێوازێکی خەبات، دیاردەیەکی تەواو جیاوازە. پێویستە ئەم جیاوازییە تەواو لەبەرچاو بێت و بە کەم سەیر نەکرێت.

– هەرچەندە هێشتاش زۆرکەس پێیانوایە تەکنیکی ناتوندوتیژی تەنیا لە دژی نەیارە مرۆڤدۆست و دیمۆکراتەکان کارایی هەیە، بەڵام جاری وایە ڕێژیمە سەرکوتگەر و دیکتاتۆرەکانیش لەپێ دەخات.

– جاری وایە لێرە و لەوێ، کەس و تاقمی وا هەن کە دەڵێن خەباتی ناتوندوتیژانە تەنیا کاتێک دەتوانێ سەرکەوتوو بێ کە دواجار لایەنی نەیار دڵی نەرم ببێت و خۆی شل بکات. هەرچۆنێک بێت، ڕاستییەکەی ئەوەیە کە خەباتی ناتوندوتیژانە توانیویەتی سەر بە دیکتاتۆری زۆر ملهوڕ شۆڕ بکا و بگرە تەفروتووناشی بکات.

### پێداویستییەکانی سەرکەوتن لە خەباتی ناتوندوتیژانەدا

هەڵبژاردنی ئەم شێوازەی بەرەنگاربوونەوە خۆی لە خۆیدا سەرکەوتن مسۆگەر ناکات، وەکچۆن ڕەچاوکردنی ڕێبازی توندوتیژانەش خۆی لەخۆیدا سەرکەوتن دەستەبەر ناکات. سەرکەوتن بەهۆی خەباتی ناتوندوتیژانەوە پێشمەرجی خۆی هەیە، وەکچۆن سەرکەوتن بە هۆی توندوتیژیشەوە پێشمەرجی خۆی پێدەوێ. تەنیا خۆبواردن لە توندوتیژی و قسەوباس سەبارەت بە وشەی "ناتوندوتیژی" نابێتە هۆی وەدیهێنانی دەسکەوتی دڵخواز.

لە هێندێک لە نموونەکانی ڕابردوودا، چالاکیی ناتوندوتیژانە نەیتوانیوە ئامانجی دیاریکراو بپێکێت. لە هێندێک حاڵەتیشدا سەرکەوتنەکە سنووردار بووە. هێندێک جار سەرکەوتن کورتخایەن بووە و دەسکەوتەکان لە کیس چوونە، چونکە هەوڵی لێبڕاوانە بۆ پارێزگاری و بەدامەزراوەییکردنی دەسکەوتەکان نەدراوە و مەترسییەکانیش بەبڕشتەوە بەرپەرچ نەدراونەتەوە. هێندێ جاریش خەباتی ناتوندوتیژانە دەشێ بڕێک لە دەسکەوتەکانی پێ دابین بووبێ، بەڵام وەدیهێنانی پڕاوپڕی ئامانجەکان پێویستی بە جۆشدانەوەی خەبات و بەرەنگاری زیاتر بووە. کەیسی واش شک دێن کە ئامانجی گەورەیان تێدا بەدی هاتووە، ئەوە لە کاتێکدا وەدیهێنانی ئەو ئامانجانە بە زەبری توندوتیژی هەر ئیمکانیشی نەبووە. بەبێ تێگەیشتن لە سروشتی تەکنیکی ناتوندوتیژی، ئەستەمە مرۆڤ لە دەرکەوت و ئەنجامەکانی تێبگات.

هەرچەند خەباتی ناتوندوتیژانە لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر، بە شێوەی جیاواز کاری خۆی دەکات، بەوەشەوە دەشێ دوو هێزی سەرەکی دەستنیشان بکەین کە بەشێوەی ئاسایی لە بەشێکی بەرچاو لە چەشنەکانی خەباتی ناتوندوتیژانەدا بوونیان هەیە، جا گریمان لە یەکبەیەکی نموونەکاندا بەدی نەکرێن. لەو دوو هێزە یەکیان بریتییە لە توانای بەگژداهاتنەوە و جاربەجاریش بەرپەرچدانەوەی زۆرداری و، دووهەمیشیان بریتییە لە توانای لاوازکردن و شککردنی سەرچاوەکانی دەسەڵاتی نەیارەکان.

**وەرگێڕانی: ڕێبوار کەریمی**

---



هۆگر ئیبراهیم حەکیم

# فیدراڵیزمێکی کلۆر بەتامی عەبادی

هەموو سیستەمە فیدراڵییەکانی جیهان سەرەڕای ئەوەی هەندێ پرەنسیپی هاوبەشیان هەیە کە وەک چوارچێوەیەک و مەرجێک سەیر دەکرێ بۆ سیستەمی فیدراڵی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ تایبەتمەندییان هەیە کە لەیەکیان جیادەکاتەوە، بەتایبەتی لەڕووی پێکهێنانەوە. گەر سەیری ئەزموونی هەر یەکێک لە دەوڵەتە فیدراڵییەکان بکەین، دەبینین هەموویان وابەستەی دۆخێکی تایبەت و ژینگەی ئەو کۆمەڵگەیەن کە سیستەمە فیدراڵیەکەی تێدا دروستکراوە. بە مانایەکی دیکە، ئەو بنەمایانەی فیدراڵیزمی ئەمریکای لەسەر دروست کراوە، تەواو جیاوازە لەو فیدراڵیزمەی لە ئوستراليا هەیە، وەک چۆن سروشتی فیدراڵیزمی بەرازیل جیاوازە لە سروشتی فیدراڵیزمی کەنەدا. تەنانەت وڵاتانی ئەوروپی کە تارادەیەک کولتووریان لەیەک نزیکە، سروشت و ستراکچەری فیدراڵیزمیان لەیەک جیاوازە، بۆ نموونە فیدراڵیزمی بەلجیکی وڵاتەکەی دابەش کردووەتە سەر دوو ناوچە کە زمانی جیاوازیان هەیە، بەڵام نەمسا و ئەڵمانیا کە وڵاتی فیدراڵین، لە چەندین ویلایەت پێکدێن کە زمانی هاوبەش و کولتووری هاوبەشیان هەیە. لەم سۆنگەیەوە گەر لەو سیستەمە فیدراڵیەی عێراق بڕوانین کە لەدوای پرۆسەی ئازادییەوە هاوردە کرا، دەبینین جگە لەوەی سروشتێکی جیاوازی هەیە، لەهەمان کاتدا ستراکچەرێکی جیاوازیشی هەیە کە لە بەشێکی زۆری پرەنسیپە فیدراڵیەکانیش لایداوە، بەشێوەیەک کە لەیەک کاتدا لامەرکەزیەتی سیاسی و کارگێڕی تێکەڵ کردووە. سەرەڕای کەموکورتیەکانیش، هێشتا ئاراستەی کارکردنی هێزە عێراقییەکان بەرەو لاوازکردنی سەرجەم پایەکانی ئەو فیدراڵیەتەیە، لەم ڕووەوە پێکهاتەی سوننە و شیعە بە میکانیزمی جیاواز هەمان ئامانجیان هەیە. هەموو ئاماژەکانی دوازدە ساڵەی تەمەنی فیدراڵی لە عێراقدا ئەوەمان پێدەڵێن کە فیدراڵیزم لە عێراق سیستەمێکی کلۆرە، بەو مانایەی بەتاڵە لە بەشێکی زۆری پرەنسیپە فیدراڵییەکان.

کلۆربوونی فیدراڵیزمی عێراقی لەکوێیدا دەردەکەوێت؟ ئایا عەبادی کە ئێستا فۆکەسێکی زۆری لەسەرە، چ جۆرە فیدراڵیزمێکی دەوێ؟ ئایا عەبادی و هاوئاوازەکانی دەیانەوێت چ نەخشەیەک بۆ ئایندەی خۆیان و سیستەمی سیاسی لە عێراق دابڕێژن؟

دەسەڵاتی هاوپەیمانان لەسەرەتای پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە، لەڕێگەی بەڕێوەبردنێکی تایبەتەوە ویستیان ژێرخانێکی دیموکراسی بۆ پرۆسەی دابەشکاریی دەسەڵات دابنێن لەڕووی کارگێڕی و سیاسیەوە، ئەویش بە دەرکردنی کۆمەڵێک فەرمان کە هێزی یاسایان هەبوو. دەتوانین بڵێین ئەو یاسایانەی لەماوەی ئەو دوو ساڵەی دەسەڵاتی هاوپەیمانان دانران، باشترین یاسا بوون بۆ بەدیموکراسیکردنی پرۆسەی سیاسی و بناغەیەکی باشیش بوو بۆ لامەرکەزیەتی سیاسی و کارگێڕی. بەڵام عەقڵیەتی سیاسی عێراقی نەیتوانی ئەو گۆڕانکاریە ریشەییە لەخۆیدا بکات، بەتایبەتی لەدیدگایان بۆ حوکمڕانی لە چوارچێوەی سیستەمێکی فیدراڵیدا، بۆیە دارشتنی دەستوور بەو شێوازە یەکەم نیشانە بوو بۆ پاشەکشێی پرۆسەی بەفیدراڵیکردنی سیستەمی سیاسی لە عێراق و بەدیموکراسیکردنی پرۆسەی حوکمڕانی. تەمەنی فیدراڵیزمی ڕاستەقینە لەمێژووی نەوەت ساڵەی دەوڵەتی عێراقدا تەنیا ئەو دوو ساڵە بوو کە هاوپەیمانان تێیدا کاروباری عێراقیەکانیان ڕێکدەخست. بەشێوەیەکی گشتی نیشانەکانی کلۆربوونی فیدراڵیزم لەعێراقدا لە چەند خاڵێکی سەرەکیدا دەردەکەوێت:

1– یەکێک لە بنەما دانەبڕاوەکانی هەمووئاستەکانی لامەرکەزیەت سروشتی دیموکراسیەکەیەتی، بەبێ دیموکراسییەکی ڕاستەقینە فیدراڵیزم بەتاڵ دەبێتەوە، چونکە فیدراڵیزم و هەر جۆرێکی تری لامەرکەزی، تێیدا دەسەڵات بەسەر کۆمەڵێک ناوەندا دابەش دەکرێت، ئەمەش پێویستی بەئاستێکی باڵا لە دیموکراسی هەیە. لەم گۆشەیەوە گەر لە فیدراڵیزمی عێراقی بڕوانین، دەبینین فیدراڵیزمێکی بێ ناواخنە بەهۆی ئەو بۆشاییەی پرۆسەی دیموکراسی دروستی کردووە. پێویستمان بە ئەرگومێنتی زۆر نییە بۆ ئەوەی ئەو ڕاستیە بسەلمێنین کە عێراق وڵاتێکی دیموکراسی نییە لەسەر ئاستی سیستەم و کولتوور.

2– هەر سیستەمێکی فیدراڵی دیزاینێکی تایبەتی هەیە لەڕووی پێکهاتەوە، بەڵام لە عێراقدا فیدراڵیزم وێنەیەکی شێواوی هەیە، بەشێوەیەک کە نازانرێت ڕەهەندەکانی فیدراڵیزم لە کامە ڕوخساری دەوڵەتدا ڕەنگدانەوەی هەیە. بوونی یەک هەرێمی فیدراڵی و ناوەندێکی بەهێز بەس نییە بۆ ئەوەی بە سیستەمێک بگوترێت فیدراڵی، تەنانەت بەشێکی زۆری ئەو بڕگانەی لە دەستووری عێراقدا بۆ سیستەمی فیدراڵی دانراون، نەچوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە، دیارترین نموونەش ئەنجومەنی نوێنەرایەتیکردنی هەرێمەکانە کە بەخاڵی هاوسەنگی نێوان هەرێم و ناوەند دادەنرێت. سەرەڕای ئەوەش دەبێت بەلایەنی کەمەوە هەرێمێکی دیکە هەبێت، کەچی دەسەڵاتدارانی عێراق ئەم هەرێمەی کوردستانیش بەزیاد دەزانن.

3– هەر کاتێک دامەزراندنی سیستەمی فیدراڵی دوای چەندین ساڵی شەڕ و پێکدادانی نێوخۆیی هات، تەوافقی سیاسی نێوان لایەنە ناکۆکەکان دەبێتە پێویستییەکی بنەڕەتی، لە دەرەوەی ئەو تەوافقە سیاسییە هەموو سیناریۆکان دەچنەوە سەر گەڕانەوە بۆ شەڕی نێوخۆیی. هەرچەندە هاوپەیمانان ئارەزوویان هەبوو ئەم تەوافقەی فیدراڵیزمی عێراقی لەسەر بنیاتنرا، بکەنە کولتوورێکی سیاسی، بەڵام دەستتێوەردانی وڵاتانی دراوسێ و خەونی عەرەبی عێراق بە شیعە و سوننەوە بۆ قۆرخکردنی دەسەڵات، ڕۆژ دوای ڕۆژ ئەو تەوافقە سیاسیەی لەناوبرد تا گەیشتە ئەو ئاستەی لەشکرکێشی بکرێتە سەر ناوچە کوردستانییەکان و کەرامەتی ئینسانی کورد بکرێتە ئامانج. لەناوچوونی تەوافقی سیاسی، جگە لەوەی نیشانەیەکە بۆ کلۆربوونی فیدراڵیزمی عێراقی، لەهەمان کاتدا سەرەتایەکیشە بۆ داڕمانی ئەو سیستەمە.

4– ئەو دەوڵەتە فیدراڵیانەی لە کۆمەڵێک ناوچەی جیاواز لەڕووی مێژوو و کولتوورەوە پێکهاتوون، ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی لەنێوان کولتوورە جیاوازەکان زۆر پێویستە بۆ بەردەوامبوونی سیستەمە فیدراڵیەکە. لە عێراقی فیدراڵیدا ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی نێوان سێ پێکهاتە سەرەکیەکە و نێوان نەتەوە جیاوازەکانیش هەوراز و نشێوی زۆری بەخۆیەوە بینی. سیاسەتی دوژمنکارانەی مالیکی بەرامبەر ناوچە سوننەنشینەکان سەرەتای تێکچوونی ئەو ئاشتەواییە بوو، هاتنی داعش و چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی درزێکی تری کردە ئەو ئاشتیە کۆمەڵایەتیە، دواجاریش تاوانەکانی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی لە ناوچەکانی دوای شازدەی ئۆکتۆبەر ئەو ئاشتەواییەی بەیەکجاری لەناوبرد. کەواتە کلۆربوونی سیستەمە فیدراڵیەکە لەم گۆشەیەوەش هەر لە دوا قۆناغەکانی داڕمانیەتی.

### عەبادی وەک پرۆژەیەک بۆ شکستی فیدراڵیزم

سەرەڕای پێشنیاری هەندێ حیزبی کوردی و توندڕەویی مالیکی، بەڵام لەپشتی پەردەوە ئەندازیاری تێکدانی پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی حەیدەر عەبادیە، بەتایبەتی دوای بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستان و گەورەبوون و کەڵەکەبوونی کێشەکان. تەنانەت دوای شەڕی داعش عەبادی هەموو ماسکە فریودەرەکانی فڕێدا و هەموو ئەو ڕێکارانەی گرتەبەر کە سەرۆکێکی دیکتاتۆر بەرامبەر گەلەکەی بیریان لێدەکاتەوە، بۆ نموونە داخستنی فڕۆکەخانە و دەروازە سنوورییەکان و لەشکرکێشیی فراوان بۆ سەر خاکی کوردستان. جگە لەمانە عەبادی جیاواز لە هەموو ئەو دەسەڵاتدارانەی لە مێژووی عێراقدا دژایەتی دۆزی کوردیان کردووە، بەشێوەیەکی ڕێکخراوتر کاردەکات، بەشێوەیەک کە لەیەک کاتدا لەسەر دوو ئاست کاردەکات، ئاستی یەکەم بریتیە لە گەڕاندنەوەی عێراق لە سیستەمی فیدراڵیەوە بۆ وڵاتە مەرکەزیەکەی جاران، بەڵام ئەمجارە لەژێر هەژموونی شیعە. ئاستی دووەمیش بریتیە لەتێکدانی ڕەوشی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی دۆخێک دروست بکات کە هاووڵاتیانی هەرێم بەشێوەیەکی خۆڕسکانە داوای هەڵوەشانەوەی هەرێمە فیدراڵیەکەیان بکەن، وەک چۆن ئێستا لەپێناوی مووچە و شایستە داراییەکان هەندێ ناوچە و پارێزگای کوردستان بۆ دابینکردنی مووچەی فەرمانبەرانیان چەندین جار گوتاری گەڕانەوەیان بۆ حکومەتی ناوەندی هەڵگرتووە.

هەرچەندە لەڕواڵەتدا ئەمریکییەکان و ئێرانییەکان و لایەنە نێوخۆییەکانی عێراقیش لەگەڵ سیستەمی فیدراڵین، بەڵام پشتگیریکردنی عەبادی بەو شێوە بەرفراوانە، ئەو ئامانجەی لێ بەدی نایەت، بەڵکو خودی عەبادی پرۆژەیەکە بۆ لاوازکردنی ئەو سیستەمە و هەڵوەشانەوەی لەقۆناغەکانی داهاتوودا. هەموو ئەو کارانەی عەبادی لەماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا کردوونی، بەشێوەیەک لە شێوەکان سیستەمە فیدراڵیەکەی پێ لاواز کردووە لە هەموو ڕەهەندەکانیەوە.

ئەو گوتارەی عەبادی ئێستا هەڵگریەتی بۆ چوونە نێو پرۆسەی هەڵبژاردنەوە، پڕە لەو ئاماژانەی شکست بەو سیستەمە فیدراڵیە لاوازە دەهێنن، شانازیکردنی عەبادی بە لێدان لە کوردستان لەژێر بیانووی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق و لاوازکردنی سوننەکان و ناچارکردنیان بەهەندێ بڕیاری پەرلەمانی، سەرەتایەکی ترسناکن بۆ دەستپێکردنی پرۆژەی لاوازکردنی فیدراڵیزم.

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW

Rudaw Media Network

Rudaw readers know more



## مارکس خۆزگە دەخوازێت کورد بووایە

« 10

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو

سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net

بەڕێوەبەری نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net

بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی hhimati@rudaw.net

ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی

دیزاینەران : هونەر مەرجان، ئاکار جەلیل

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net





